تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

50 ساڵەی بە ئاشکرا دەرچوونی

1959-2009

خەبات
XEBAT

رۆژنامەیەکی سیاسی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان

**KHABAT**
*Daily Newspaper - Kurdistan*
*Organ of KDP*

# توێژی ناوەڕاست..
## کانگەی ئینتیما

کوردستان
2009

لە بڵاوکراوەکانی یادی یۆبیلی زێڕینی خەبات

* **توێژی ناوەڕاست.. کانگەی ئینتیما**
* پێشنیازکردن: **نەژاد عزیز سورمێ**
* جێ بەجێ کردن: **ستافی سکرتاریەتی نووسینی(هەواڵ و سیاسیەت)**
* هەڵەچن: **شوان خولقی**
* کۆمپیوتەر: **سامان زاهیر**
* نەخشەسازی و بەرگ: **شکار نەقشبەندی**
* سەرپەرشتی چاپ: **کوردۆ ئەنوەر**
* چاپی یەکەم ـ 2009
* چاپخانەی خانی – دهۆک
* تیراژ: 1000 دانە

## لە سەرنووسەرەوە

تەماشامان کرد کەس حسابێکیان بۆ ناکا! ئەوانی تژی دڵسۆزی و سادەیی... پەرۆشانی دوور لە چاونزی و خۆڕەپێش کردن.. ئەوانی بەرهەمهێن، لەهەمان کاتدا خۆنەدیدەی ڕەنجبەخەسار، ئەوانی بەچاند و فەرهەنگ.. بەهێز و بڕشت و کانگەی ئینتیما.. کەچی لەخۆنووساو، هاواری بن بیر.. بێ هوودە لە هەوڵی بەدیهێنانی سادەترین خەون، لەبیرکراو.. ژیانێکی مەمرەومەژی، بەڵام کلیلی گۆڕان و پێشکەوتن و پردی پەڕینەوە، کەچی لەهەموو شتێک پەراوێزخراو.. بێبەش.. ئێمە باسی ئەوانە دەکەین کە لە ویژدان زیندووترن، بە ڕوونبیرو هونەرمەندانیشەوە.. کە ئەوانیش بەویست بێ یا بە نەویستی چوونەتە ڕیزی ئەو توێژەوە، ئەوانە داینەمۆی ئەو خەونانەن کە نوقڵانەی بۆ لێ دەدەین...

کەچی تێبینی دەکەین تا دێ تەوژمی بێ ئامانی ڕۆژگاری تێکەڵ و پێکەڵ ڕایاندەپێچێ و بێنیان دەگرێ و پەنجەرە و دەرگاکانیان بەڕوودا دادەخا.. لێرەوە ئەم تەوەرەیە هاتە پێش کە لایەنی پەیوەنداری لە بایەخ و گرینگی، لەهەمان کاتدا مەترسی ئەو توێژە، (توێژی ناوەڕاست) لێ باخەبەر بکرێتەوە لەوەی پەراوێزخستنی توێژی ناوەند کە کاکڵەو جەوهەری کۆمەڵگە پێکدەهێنن و ڕادەی تاریکی و ڕووناکی دوارۆژ دیاری دەکەن و دەخەملێنن جگە لەوەی بێ بەشداری کارای ئەوان ناگەینە هیچ ئامانج و ئاکامێک، لەوەش وێوەتر دیاردەی نامۆ و بەڵای ناگەهانی ئەوتۆیشی لێ دەکەوێتەوە کەس نەدیدە.. کە ڕەنگە تەنانەت زیانی زۆری بەلای خودی توێژی بالایشدا دەشکێتەوە.. لەم ڕاستەدا هیوامان بە ڕووناکبیرو هاوپیشانمان زۆرە بەشدارییەکی کاراو دڵسۆزانەو واقیعبینانە لەم تەوەرەیەدا دەکەن وەک هەوڵێکی بچووک، لەهەمان کاتدا سەربار و ڕێ ڕوونییەک بۆ دەسگیرۆیی لایەنی بەهەندگرو پەیوەندار.

نەوزاد عوسمان
کانوونی یەکەمی/ 2006

# چۆن لەکردەی پوکانەوەی چینێکی کۆمەڵگە بڕوانین؟

محەمەد سابیر کەریم

**ئاخاوتن لەچەمکی( چینی نێوەند )، لەڕاستیدا پێویستی بەدەستنیشانکردنێکی سۆسیۆ ـ ئابووریانە هەیە، چونکە بێئەوە ناتوانین شیکاری و توێژینکارییەکی دروست و ئەکادمیستیانە بۆ پرسێک بکەین کە راستەوخۆ پێوەندە بەو چەمکەوە. وەک هەر سەرەتایەکیش بۆئەوە، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ نێودارترین و ئەکادیمیترین خوێندنگەیەکی فیکری ئابوورییانە، واتە خوێندنگەی ئابووری ـ سیاسی فیکری سۆشیالیستی.**

لێرەوەڕا دەچینەسەر کرۆکی سەرەکیترین پێناسە ورا ڤەکردنێکی ئەو خوێندنگەیە بۆئەوچەمکە و،بەو چینە دەستنیشانیدەکاتن کەدەکەوێتە نێوان هۆردووک چینە سەرەکیەکەی کۆمەڵگای سەرمایەداری - THE CAPI-TALIST SOCIETY-، واتە هەردوو چینی بۆرژوازی و پرۆلیتاریا، بەمشێوەیە لەدیدگای ئەو خوێندنگەیەوە، چینی نێوەند پێکهاتووە لە دوو توێژی سەرەکی کۆمەڵگای سەرمایەداری ـــ دیارە ئەوە بەواتا و تێگە کلاسیکیەکەی ـــ، کەئەوانیش توێژی بۆرژوای بچوک و جوتیارانن... .

دیاره هێشتا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لەپەرەسەندن و پێشکەوتنی تائێستایدا، ئەو قۆناغەی تێپەڕنەکردووە و، هێشتا سەرمایەداریش وەک سیستەمێکی سیا-ئابووری، بالادەستی خۆی لەدەستنەداوە و، بگرە پێچەوانەی لێکدانەوەگەلێکی تیۆریناسانێکی خوێندنگەی سۆشیالیستی، کەپێیان وابووە سەرمایەداری وەک سیستەمێکی زاڵ وبالادەست،لەسەرەمەرگدایە و توانای بەردەوامبوونی درێژخایەنی نیە، لەواقیعدا ئەم سیستەمە، هێشتا گوڕ و تینێکی گەورە ومەزنی بەردەوامبوون و بالادەستی لەهەناودایە و دەگەڵخۆی هەڵگرتووە و، بەوپێیەش سیستەمێکە، لانی کەم لەتائێستایدا، سەلماندوویەتی کەتوانای نوێبوونەوە و گوڕدانەوەخۆی، نەک هەر لاواز نیە، بەڵکو بەهێز و وزەداریشە.

لێرەوەڕا، دێینەسەر ئاخاوتن لەپرسی پوکانەوەی چینی نێوەند لەوێستای کۆمەڵگەی کوردستاندا، لەڕاستیدا ئەم پرسە وەک پرسێکی ئابووری، گرنگی زۆری خۆی هەیە و، دەهێنێت کەبەبایەخ و وردبینیەکی زۆرەوە کۆلینکاری بابەتی و ئەکادیمیستیانەی لەسەرڕا بکەین . لەبەرئەوەی کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە پێکهاتی سترەکتوری کۆمەڵگەکەمانەوە هەیە و، بەوپێیەش ئەو پەیوەندیە سترەکتوریە راستەوخۆیەش، کاریگەری زۆر و راستەوخۆی بۆسەر داهاتووی تەواوی سەرخانی ئەم کۆمەڵگەیە هەیە، بەتایبەتیش بەباری کۆمەلایەتی کۆمەڵگە و گۆڕان و پەرەسەندنە سیاسیەکانیەوە. هەربۆیەکەش لێرەدایە کە ئەم لاکردنەوەی رۆژنامەی (خەبات )هەنگاوێکی راگەیاندنی ــ کلتووری زۆر گرنگە و جێی نرخاندنی گەورەیە.

دیارە ماوەی دوای رووداوەکانی (١٩٩١)، ماوەیەکە بەهەموو چاک و خراپیەکانیەوە، یان وەکودی بڵێم بەهەموو لایەنە ئەرێیی و نەرێییەکانیەوە، گرنگترین سەردەم و قۆناغێک

پێکدەهێنێت لەمێژووی نوێی کۆمەڵگەی کوردیدا. ئەوەش کەزیاتر جێبایەخ و مەبەستی ئێمەیە لەم پێوەندەدا، بریتیە لە پێکهات و رەوشی کۆمەڵایەتی ــ ئابووری ئەم کۆمەڵگەیە، چونکە ئەوە بۆ یەکەمجاردەبێت لەم مێژووە نوێیەی کورداندا، کە باری سۆسیۆ- ئابووریانەی کۆمەڵگەکەیان لەدەرەوەی کاریگەری و پرۆسەکانی دەسەڵاتدارێتی حکومەتێکی نێوەندی ئەو دەوڵەتەدا بەرێوەبچێت کە کۆنترۆڵکەری بووە، وردتر بڵێم، بۆ یەکەم جارە کە رەوش و ژیانی سۆسیۆ ــ ئابووریانەی کۆمەڵگەی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا، لە ژێر ئاڕاستەگەری و پرۆسەکانی دەستەڵاتدارێتی ئیدارەیەکی خۆیدا بەرێوەبچێتن .ئالێرەوەیە کە یەک لەهۆکارە سەرەکیەکانی ئەو ئاڵوگۆڕە گرنگ و جێبایەخەمان بۆدەردەکەوێتن، واتە پوکانەوەی چینی نێوەند لەوێستای ئەم کۆمەڵگەیەدا، ئەوەش بریتیە لەکاریگەریەکانی رەوشی بەرێوەچوونی ژیانی ئابووری زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵکی ژێردەستەڵاتی ئەم ئیدارە کوردیە، لەلایەک و، لەلایەکی دیش، فۆرمەڵەبوون و خۆگرتنی باری سیستەمی کۆ- ئابووریانەی ئەم دەستەڵاتە کوردیە لەچوارچێوەی گشتی هەلومەرج و واقیعی بەرێوەچوون و هەڵسوڕانیدا. هەرچەندە کەناکرێت گشتی هەبوون و پەرەسەندنی باری سیا ــ ئابووری و سیا ــ کۆمەڵایەتی و کلتووری کۆمەڵگەی کوردی بندەستەڵاتی حکومەتی هەرێم کوردستان، بەدرێژایی ماوەی ئەو دەهەونیوە لەتەمەنی تائێستای، لە گشتی هەبون و پەرەسەندنی رەوشی بەرێوەچوونی فرە رەهەندی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی جودێ بکەینەوە، چونکە ئەوە کارێکی پێچەوانەی لۆژیکی بیرکردنەوە و شیکاریی زانستیانەیە، وەلێ، بەلەبەرچاوگرتن و زانینی ئەو راستیەش، ناکرێت کە هەرچی روویداوە و هەرچی هاتۆتەبوون و بەرهەڵدابوونەوە لە گۆڕان و ئاڵوگۆڕ بەسەر ئەم کۆمەڵگەیەدا، بەتایبەتیش سەبارەت بە پێکهاتە پایەییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە،

هەر لەگەردنی هەلومەرج و کاریگەریە نێودەوڵەتی وهەرێمیەکانی بنێین و، رۆڵی کاریگەریانەی خودیش ــ کەدەستەڵاتە کوردییەکەیە ــ، لەبەرچاونەگرین و بخەینە دەرەوەی بازنەی ئەو پرسەوە!.

بەمشێوەیە ئەوەی کە دەکرێت وەک فاکتەرێکی بنەڕەتی لە دەرکەوتن وچێبونی ئەوپرسەی جێباسماندا، دەستنیشانیبکەین و ئاخاوتنی لەسەربکەین، بریتیە لەکۆی ئەو سیاسەتە ئابووریانەی دەستەڵاتی کوردی بەدرێژایی ئەوماوەیە، ئێستاشی دەگەڵدابێتن، ئەوە هەر چەندە دید و لێکدانەوەیەکی ناواقیعی و نابابەتی دەبێت کە لەم پێوەندەدا تەنها و یەکلایەنە ئەم دەستەڵاتە بە بەرپرسیار بزانین، واتە بێ ئاماژەکردن بۆ کاریگەریەکانی سیاسەتە ئابووریە دژەکانی دەوڵەتە نەیارە کلاسیکیەکانی ناوچەکە، کە ئامانجێکی بنەڕەتیان بریتیە لەهەرچی زیاتر تێکدانی رەوشی ئابوری ــ کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی . وەلێ، لێرەدا ئەو پرسیارەش زۆر بەهێزەوە خۆی فراژوودەکاتن کە ئایا دەستەڵاتی کوردی و بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دوایدا، کە تارادەیەکی باش هێزەکاراکتەرە سەرەکیەکانی ئەمدەستەڵاتە، زیاتر لەیەک نزیکبوونەتەوە و ئەوەی کە پەیوەند بووە بە جەمسەری حکومەتی نێوەندییەوە.

گورزی کارییگەری وێکەوتووە تارادەی لەبەریەک هەڵوەشانەوە و روخانی تەواوی، ئایا ئەم دەستەڵاتە نەیدەتوانی، یان ناتوانێت بەر بەتەوژم و هوروژمی ئاراستەگەریەکی وابداتن کە راستەوخۆ ئاڵوگۆڕی پایەیی لە سترەکتورێکی دینامیکی کۆمەڵگەدا بەرهەڵدا و چێدەکاتن ؟. پێش ئەوەی وەڵام بەپرسیارگەلێکی ئەوها وێدەینەوە، لێرەدا، پرسیارێکی گرنگ و جەوهەریدی هەیە کەپێویستە فراژووی بکەین و وەڵامیشی بدەینەوە، واتەئەوەی کە ئایا پوکانەوە و بەرەونەمانچوونی چینی نێوەند

لەئێستای کۆمەڵگەی مەدا، ئەو گرنگیە زۆر و جێبایەخەی هەیە کە هێند خۆمانی پێوە خەریک بکەین و وەک پرسێکی سەرەکی لێبڕوانین و تۆژینەوە و کۆلینکاری ورد و تێروپڕی لەسەربکەین ؟. لەراستیدا وەڵام بەپرسیارێکی ئەوها لەسنووری ئەم نووسینەماندا نیە، ژبەرئەوەی بواری زیاتر داوادەکات و خوازیاری بایەخدانی کۆلینکاریانەی زیاترە... .
لێ دەکرێت، وەک کورتە ئاخاوتنێکیش بێت، وەڵامێکی چڕوپڕ وێدەینەوە کە گەرووەقوولەکانی پرسێکی ئەوها تاڕادەیەک تێراوبکاتن . لەڕاستیدا و پێش هەر شتێکیدی، نەمان یان پوکانەوەی هەر چین وتوێژێکی سەرەکی لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، کاریگەری زۆر قورس و پڕتێچوونانەی دەبێت بۆسەر تەواوی بار وئاست و پێکهاتەکانیدی ئەوکۆمەڵگەیە، بەتایبەتیش پێکهاتە سترەکتوریەکانی، کە ئەوەش بمانهەوێت ونەمانهەوێت لە ماوەکانی دواتردا، بارگرانیەکان ــ الارهاصات ــی خۆی بەتوندی جێدەهێڵێتن و، ئەودەم کاریگەریە ناهەموار وتراژیدیابارەکانی دەردەکەوێت کە پێشپێگرتنیان کارێکی بەسەرچوو و، کات بەسەرچووانە زیاتر، شتێکیدی نابێتن . ئەوە لەبەرهیچ نا، بەڵکو لە سەرەتاییترین لێکدانەوەیەکدا، لەبەرئەوەی کە هەرکام لە چین و توێژە بنەڕەتیەکانی هەرکۆمەڵگایەک، زادەی کارلێک و پرۆسێسێکی بابەتین لەکردەی پێکهاتنی سترەکتوریانەی ئەو کۆمەڵگەیەدا و، بەوپێیەش گەوهەریترین دەرەنجامی ئەو پرۆسێسە کە ماوەیەکی زەمەنی دوورودرێژ دەبات، خۆی لە شەقڵپێگرتنی مۆرک و سروشتی سۆسیۆ ــ ئابووریانەی ئەو کۆمەڵگەیەدا دەگرێتەوە، کە پێشکەوتن، یان پاشکەوتنی ئەو کۆمەڵگەیە لەو رەهەندە پایەیی و بنەماییانەدا، دیاریدەکات و فراژوودەکاتن . بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگەیەک لەماوەی، یان وردتر بڵێم لەقۆناغی پێکهاتنیدا، وەرزێر و جوتیاران، وەک توێژی سەرەکی و پایەیی

تیایدا ــ واتەلە سترەکتوریداــ رۆڵی خۆیان بدینن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە بەپلەی یەکەم، کۆمەڵگەیەکە کە بنەمای کشتوکاڵیانە، وەک بنەمایەکی زاڵ و سەرەکی مۆرکی چاپدەکات و شەقڵپێدەگرێت. کەواتە و، وەک یەک لەدەرەنجامە سەرەتاییەکانی هەرحاڵەتێکی لاوازبوون، یان پوکانەوەی توێژی وەرزێر و جوتیاران لەوحاڵەتە ئاماژەبۆکراوەدا، ئەوا بەواتای زارەترەکبوون و پوکانەوەی کەرتی کشتوکاڵی دێتن، هەمان شتیش سەبارەت بە حاڵەتی چین و توێژەکانیدی کۆمەڵگە، وەک توێژی بازرگانان،یان سەرمایەدارانی پیشەسازی وبەمشێوەیە.
سە بارەت بە پرسیارەکەی پێشوشمان، ئەوا دەکرێت بڵێین کە هەوڵدانی دەستەلاتی کوردی بۆ پێشپێگرتنی ئەو هۆکار و فاکتەرانەی کەلەپشت پوکانەوەی چینی سێهەمن لەوێستای کۆمەڵگەی کوردستاندا، خۆی باشترین رێگاچارەیەکی روونەدان و بەرگرتنە لەوحاڵەتە. بۆ نموونە، دەبوو و، دەبێت کەئەمدەستەلاتە، هەرچی زووتر وزیاترە بایەخبداتە ئەوکەرتە ئابووریانەی کە مانەوە و بوژانەوە و پێشکەوتنی ئەوچینەی پێوەبەستراوەتەوە، واتە هەریەک لەکەرتەکانی کشتوکاڵ و وەبەرهێنانی بچوک و مامنێوەندی و پیشە بچوک و نێوەندییەکان و، هەروەها بایەخدانی زیاتر بەوکار و فەرمانانەی کە توێژی فراوانی وردەبۆرژوای کوردی پێوەی خەریکە و بەرژەوەندیە سەرەکیەکانی تێردەکاتن، کە کارە خزمەتگوزارییە فەرمی ونافەرمییەکان و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانەوەی کۆمەڵگە لەخۆدەگرێتن. لێرەدا تەنها ئەوەندە بەسە ئاماژەبەوەبدەین کە بەدرێژایی ئەوماوەیە، ئەوەندەی کە کۆمپانیا و دەزگا و رێکخراوەی بیانی و، هەرێمی وەک تورکی و ئێرانی و عەرەبی ــ عێراقی، چانسیان هەبوە وسەرپشکن لەوەرگرتنی زۆرێک لەپرۆژە گرنگ و گەورەکانی پرۆسەکانی ئاوەدانکردنەوە و بونیاتنانەوەی کوردستان، ئەوەندە ئەوەکانی خۆمان، چانسیان

نەبوە و نیە، بەڵکو لەواقیعدا وان لەپەراوێزدا، یان لەباشترین حاڵەتدا پاشکۆی ئەوەکانی بیانی بوونە ... . بەکورتی لەسەر دەستەڵاتی کوردی پێویستە، کەهەرچی زیاتر بەرنامە و پلانی ورد و بابەتیانەی بوژانەوە و پێشخستنی باری ئابووری کۆمەڵگە دابڕێژێت و، زۆر بەجیدی ولێبڕاویەوە کردەنی بکات و، دروستکردنی متمانە لای زۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگە و، بەتایبەتیش ئەندامانی ئەو چینە کەسەرەکیترین و فراوانترین چینێکی کۆمەڵن، لەکارە هەرە سەرەکی وپێشەوەییەکانی بێت و، هەروەهاش بەرهەڵداکردنی پرۆسەیەکی خوێندنەوە و را ڤەکاری بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە کە باکگراوندێکی تەواو هاوچەرخ و مەدەنیانەی هەبێت . دیارە ئەوەش پێش هەر شتێکیدی، بەدیموکراتیکردنی تەواوی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ژیانی سیاسی دەستەڵات و، بەمەدەنیکردنی واقیعیانەی کۆمەڵگاو،بەرهەڵداکردنی بەرنامەیەکی تێروپڕ و زانستیانەی پرۆژەی وەبەرهێنانی پایەیی و سەرەکی لەکۆمەڵگادا و، پشتبەستن بە پێرەوگەیەکی روون و کردەییانەی پرەنسیپی بە شەفافیەت ئیدارەکردنی کۆمەڵگا و... ، ئەوانە ئەو کۆمەڵەکارکرد و هەنگاوانەن کە رۆڵی زۆر گەورە و سەرەکیان دەبێت لەپێشگرتن بە سەرهەڵدانی ئەو گۆڕان و ئاڵوگۆڕانەی کە کاریگەری راستەوخۆیان هەیە بۆسەر پێکهاتی سترەکتوری کۆمەڵگە و، لەهەر گورزێکی کەمەرشکێن و مەرگەساتبار دووریدەخەنەوە .

# چەند تێڕوانینێک بۆ چینی ناوەند لە ئێراق دا
# (هەوڵێک بۆ تێگەیشتن)
## چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردی وەکو نموونە

**هۆشیار مزەفەر عەلی ئەمین**

**ئێراق بە درێژایی سەردەمە جۆراوجۆرەکانیدا ململانێی چینایەتی بە خۆوە نەدیووە تەنها بەم برە نەبێت کە ململانێیە هەمە لایەنەکان ڕێگەی پێداوە دەرکەوێت لە سەر شێوەی شۆڕشی کۆمەڵایەتی خاوەن ڕەهەندی سیاسی لە گۆڕاندا کۆمەڵایەتی لە ئاڵوگۆڕدا لە هەمان کاتی ئەم ململانێیانە گۆڕانکاریی بوون لە چینەکانی کۆمەڵایەتی ئێراقدا گۆڕانکاریش بوون بەرەو میکانیزمی دیاریکراو بۆ گۆڕانی چینایەتی بە تایبەتی لە سەردەمی عوسمانیدا کە هەڵچوونی کارلێکردنی چینایەتی کۆمەڵگەکانی هەرسێ ویلایەتی عوسمانی کە دواتر.**

بە ناوی ئێراق ناسرا بە خۆوە بینی بەغداد -بەسرە -موسڵ لەگەڵ کوردستان(لەگەڵ سەرنجی ئەوەی سروشتی کۆمەڵایەتی کوردستان سروشتێکی جیا بوو لە هەموویان لەبەر ئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان خاوەن ڕەهەندی جیاواز بووە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێراقیدا) چینەکانی کۆمەڵایەتی لە ئێراق ناکرێت کورت بکرێنەوە وەکو چۆن حەننا

بەتاتۆ لە چینەکان کورتی کردوونەتەوە :

**کۆمەڵایەتی کۆن**

**شیوعیییەکان**

**بەعسیییەکان**

بەڵکو حەننا بەتاتۆ هەرچەندە سەرچاوەی ڕەسەنی لەبەر دەست دابوو نەیتوانیوە لێکۆڵینەوە لەسەر گرنگترین چینی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئێراقی نوێی هاوچەرخدا بکات کە ئەویش چینی ناوەندە، هەروەها دکتۆر عەلی وەردی و دکتۆر ئیحسان محەمەد حەسەن و ئەوانی تریش لە لێکۆڵەرەوانی کۆمەڵگەی ئێراقی بەهەمان شتدا تێپەڕیوون، تەنها دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد یەکێکە لە پێشەنگی ئەوانەی لە لێکۆڵینەوەکانی سەرنجی ئەم چینەی داوە، بەڵام لە ڕاستیدا چینی ناوەند لە ئێراق لە مێژووی سەرهەڵدانی و نووسینەوەیدا دووچاری تێکەڵاوکردن بووە لە نێوان مێژووەکەی و بانگەوازی حزبیی بۆ پاراستنی ئینجا چ بانگەوازی چەپی شیوعی بێت یان سۆسیالیستی بێت یان هەتا بە شێوازی سەرمایەداریش بێت، هەروەها چینی ناوەند لە ئێراق گۆڕانکاری لە پێکهاتەی ئابووری و مانای کۆمەڵایەتی بە خۆوە بینیوە لەو کاتەی ئەم چینە بەدەست تەنگترین بڕک وژان لە گۆڕانکاری کات و شوێنەکان دەیناڵاند و چینی ناوەند لە ئێراق خودی نوێی بۆ خۆی هەڵبژاردووە لە گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا:

**گۆڕانکاریی عوسمانی.**

**گۆڕانکاریی پادشایەتی.**

**گۆڕانکاریی نەتەوەیی کوردی ون بوو لەم نێوەندەدا.**

**گۆڕانکاریی کۆماریی هەمەلایەن.**

**گۆڕانکاریی لە ماوەی ئابلۆقەدا .**

**گۆڕانکاریی دوای جەنگی سێیەمی کەنداو** 2003 .

**گۆڕانکاریی دوای حکومەتی هەرێمی کوردستان .**
**گۆڕانکاریی دوای دەستوور و هەڵبژاردن.**

بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە لە تاک و کۆمەڵی مشتیێ بەخشینی دیاری کراویان خستەڕوو کە دەکرێ هەموویان لە باکوور و ناوەڕاست و باشووردا لە چوار بنەما بخەینەڕوو

١- بنەمای پەراوێز کردن.

٢- بنەمای وەلانان.

٣- بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان کولتووری چینی ناوەند و رۆشنبیرکردنی.

٤- بنەمای شتە جێگیر و گۆڕاوەکانی ناوخۆ و دەرەوە

وادیارە چینی ناوەند کە دەنگی زۆرینەیە نەیتوانیوە خودی یان سیفەتەکانی خۆی لە دابەش بوونی نێوان گۆڕان و نێوان گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەرجەستە بکات.
**گۆڕانکاریی بەرەو گەشەسەندن.**
**گۆڕانکاریی بەرەو نوێکاری.**

لێرەدا بۆ مێژوو گەواهی دەدەین کەوا تەنها دوو پیاو لە مێژووی نوێی ئێراق بایەخیان بە چینی ناوەند داوە ئەوانیش شا فەیسەڵی یەکەم کە لە لاپەڕەکانی ژیانی بەتایبەتی لە یاداشتە چاکسازییەکەی و ئەوەی لێی گواستراوەتەوە دەردەکەوێت دەیویست وا لەچینی ناوەند بکات ببێتە کاریگەریترین چین لە ئێراقی پادشایەتی نوێی هاوچەرخدا ' لەگەڵ سەرکردەی نەمر مەلا مستەفای بارزانی کە ویستی سۆسیالیستیەکی تایبەت بە چینی ناوەند لە کوردستانی ئێراق هەتا لە ناوەڕاست و باشووریش بونیاد بنێت و هەوڵی دەدا شێوازێکی سەرمایەداریی هاوتا لەگەڵ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی

و ئابووری و سیاسی و کولتووریی کوردی له کوردستان دروست بکات ئەگەر جەنگەکانی سەردەمەکەی نەبووایە کە لە دژی بەرپا دەکران، هەروەها لە سەربردەی ژیانی بارزانیی نەمردا دەبینین لەرێگەی پارتیەوە ویستوویەتی جێگرەوەیەکی چینەکانی کۆمەڵایەتی و دەرەبەگایەتی کە کوردستانیان گرتبۆوە دروست بکات هەروەها لە کۆماری کوردستانیش لە مەهاباد ئامۆژگاری قازی محەمەدی کرد کەوا چینێکی کرێکاریی زەحمەتکێش دروست بکات کە هیچ چینێک نە لە دواوەی و نە لەپێشیەوە نەبێت، بەڵام قازی محەمەد بەگرفتی ترەوە سەرقاڵ بوو، (ئەگەر هزرەکانی بارزانیی نەمر سەبارەت بە چینی ناوەند بە گوێرەی فەلسەفە سیاسییە سەردەمییەکەی پەیرەو بکرابووایە، ئەوا چینی ناوەند لە کوردستان و سەرتاسەری ئێراق لەبارێکی تردا دەبوو).

چینی ناوەند لە ئێراق و کوردستان بەشێوەیەکی نموونەیی پێکهاتووە لە بونیادی :-

**وەزیفی**
**بەرهەمهێنی**
**پیشەسازی**
**پێکهاتەیی**

بەو مانایەی چینی ناوەند کە بە گوێرەی کاریگەرییەکانی پێکهاتەی چینی ناوەند لە ئێراق پەرەی سەندووە بە تەنها لە دەرەنجامی هۆشیاریی چەپی شیوعی لە دایک نەبووە، بەڵکو ئەم هۆشیارییە هەندێ کات بەشێک بووە لە هەڵەکەی ' نموونەی چینی ناوەند لە کوردستان بەڵگەیە لەسەر گواستنەوە لە چینی ئاغاو دەرەبەگ و خانەوادەکانی پێشووی خەباتی کورد بۆ چینی کرێکاری جەنگاوەر یان جەنگاوەری جووتیار یان رۆشنبیری فەرمانبەر لەگەڵ فرەیی گواستنەوە لە کیانە بچووکەکاندا.

**کولتووری کوردی**
**خەونی کوردی**
**رەوشی کوردی**

ئەم ستەمەی لەلایەن حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە لە واقیعی کێشەی کورد کراوە بەم جۆرە دەبینین چینی ناوەند لە کوردستان لە سەردەمە یەک لە دوای یەکەکاندا رووبەرووی پێکهاتەکانی ناسنامەی چۆنایەتی پێوەریی هەمان ناوەند بۆتەوە و چینی ناوەند بە رێکەوتی کارکردن لە دایک نەبووە 'بەڵکو لە ئاکامی هەڵبژاردنی کردارییەوە بووە ئەگەر بکرێت بەم شێوەیە وەسفی بکەین ' چینی ناوەند لە کوردستان ئەم دەرەنجامەیە کە بارزانیی نەمر گوزارشتی لێکردووە ئەو کاتەی لە سەرو بەندی خەباتی کورد و لە لوتکەی چەوساندنەوەی کورد لەلایەن حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی ئێراق و وڵاتانی دراوسێ کە کوردیان هەیە بانگەوازی دروستکردنی.

چینی ناوەندی کۆمەڵایەتی دەکرد بە ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان ئابووری گشتی و سەرمایەداری وەزیفی و بەرهەم هێنانی تایبەت هەڵسێت

هەروەها بارزانی نەمر لە هزری سیاسی خۆیی و هزری پارتی دیموکراتی کوردستان ( پارتی ) رێکخراوێکی بۆ چینی کۆمەڵایەتی ناوەند داهێنابوو کە دەکرێ لە میانی چوار میکانیزمی کارو کردار کورتیان بکەینەوە :-
**دروست کردنی چینێکی ناوەندی نوێ.**
**رۆشنبیرکردنی چینی ناوەندی نوێ.**
**چاودێری کردنی چینی ناوەندی نوێ هاوشانی چینی ناوەندی کۆن.**
**رابوون بە بەرهەم هێنان و کاری چینی ناوەندی داهاتوو.**

ئەمانەش لە هزری بارزانی نەمر چەکەرەیان نەدەکرد تەنها لە میانی گەیشتن بە چەند شتێکی دیاری کراو نەبووایە کە

ئەمانەن :- رابوون ' رۆشنبیرکردن ' دووبارە پێکهێنانەوە ' کاریگەربوون لەگەڵ کێشەکەدا ' گۆڕانی کۆمەڵگەی کوردی ' بونیادنانی خودیی ' فەراهەم کردنی ژێرخانی کۆمەڵایەتی ناوخۆ ' گۆڕانی سیاسەتەکان ' شۆڕش کردنی ووردەکاریی ' هاوسەنگی لەگەڵ سەردەمی ئابووری 'بە گوێرەی راوبۆچوونەکانی بارزانی نەمر، بە واتایەکی تر چینی ناوەندی نوێ لە کوردستان تەنها چینێکی کۆمەڵایەتی نەبوو بەڵکو :-

**بونیادنانی میللی**
**بونیادنانی وەزیفی**
**بونیادنانی نەتەوەیی**
**بونیادنانی ئابووری بوو**

لەو کاتەی هەموو پێکهاتە تیۆری و کرداریەکانی ئەم بونیادنانە لە سروشتی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردی لە کوردستاندا هەبوون کە پێکهاتەی گۆڕانکاریی بەرەو ئایندەن ' سەرنج دەدرێت چینی ناوەند لە کوردستان بە دوو قۆناغ تێپەڕیووە :-

**قۆناغی پێش بارزانی نەمر**
**قۆناغی دوای بارزانی نەمر**

هەروەها سەرنج دەدرێت پارتی بە سەرۆکایەتی بنەماڵەی بارزانی و بژاردەی کوردی توانیوویەتی رێگە بۆ کولتووری چینی ناوەندی نوێ خۆش بکات کە دیارترین سیماکانی بریتین لە ' پێکهێنانی چینی ناوەندی دیموکراسی بەشداربوو لە بونیادنانی کۆمەڵگەی کوردستان و گەیشتن بە دەوڵەتی پێشبینی کراو بۆ ئەوەی ئەم چینی ناوەندە ببێتە کرۆکی ئابووری کردەیی لە جیاتی چینەکانی باڵای بژاردەیی و چینە نائەکتیڤەکان لە کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی چینی هەژار بە پێوەری هەژاریی بۆ چینی ناوەندی تەواو لە ناوەندییەکەی لە

کۆمەڵگەی کوردستاندا ' هەروەها حزبی کوردی تریش هەوڵیان داوە چەمکی تر بۆ چینی ناوەند لە ئێراق بونیاد بنێن ' وەلێ تێڕوانینی تەواوی پارتی وای لە بانگەوازی بۆ چینی ناوەند لە ئێراق بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی کردووە ببێتە بەرنامەیەکی واقیعی نە خەیاڵی و نە کاریگەر بە شیوعییەتی سۆڤیەت لەوکاتەی شیوعیەتی سۆڤیەتی رەمزی چینەکانی ناوەند بوو لە جیهاندا لەبەر ئەوەی پێکهاتەی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو ئاگرەی دووچاری ببۆوە بۆ تواندنەوەی بە ئاسن و ئاگر وای لە چینی ناوەندی کوردستان کردووە ببێتە چینێکی هەمە سیما ئەگەر بکرێت وا وەسفی بکەین ' چونکە چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردستان سیفەتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی تایبەت بە خۆی هەیە ئەم سیفەتانەش هەمە رەهەند و شێوە جیاوازن :

**هەمە رەهەندی لە گۆرانکارییدا**

**شێوە جیاواز لە رێوشوێنە بەهاکانیدا**

بۆیە پارتی هەوڵیدا خەبات بۆ بونیادنانی چینێکی ناوەندی نوێ بکات بە پێچەوانەی چینی ناوەند لە ناوەڕاست و باشووری ئێراق کە کاریگەر بوون یان بە شیوعیەتی زیادەڕەو یان بە نەتەوەیی نەژادی دەمارگیریی دوور لە رەهەندی ئایینی کە هانی یەکسانی خەڵکی دەدات بۆیە چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردستان و بەیارمەتییە دیار و نادیارەکانی پارتی سیمای کوردیی تایبەت بە خۆی پێکهێنانی ئەم سیمایانەش:

**نە ململانێین ، نە قەیرانیین، نە سۆسیالیستی شیوعی شمولیین**

ئەمانەش دوای ساڵی ١٩٩١و کۆچڕەوە ملیۆنیەکە لە سەروبەندی جەنگی دووەمی کەنداو و دواتریش گەڕانەوە بۆ نیشتمان لە نێو چینی ناوەند سەریان هەڵدا لەگەڵ دووبارە پێکهێنانەوەی سەنگی چینی ناوەند سەر لە نوێ ' ئەمەش

لەبەر دوو فاکتەری زۆر گرنگ بوو :

**-سەرکردایەتی کردنی سەرۆک مەسعود بارزانی بۆ هەوڵەکانی نوێ کردنەوەی چینی ناوەند لە کوردستان .**

**-سەرکردایەتی کردنی پارتی بۆ کارەکانی بونیاد نانی ئاستەکانی چینی ناوەند لە کوردستان .**

بۆ مێژوو گەواهی دەدەین کەوا سەرۆک مەسعود بارزانی دوای ساڵی ١٩٩١ هەڵساوە بە داکوتانی کۆڵەگەکانی موئەسەساتی بۆ چینی ناوەند لە کوردستان و دەکرێ بۆ نموونە لە کۆمەڵگەیەکی وەکو کۆمەڵگەی هەولێر بیبینین ' لەبەر ئەوەی چینی ناوەند لە هزری سەرۆک مەسعود بارزانی رێکخراوێکی کۆمەلایەتی ئابوورییە لە بژاردەیی ڕەت دەدات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک کە نە هەژاریی و نە زەنگینی زیادەرۆیی تێدا نەبێت ئەمەشی لەچەند ڕاو بۆ چوونێکیدا دەربڕیووە و چەندەها جاریش فەرموویەتی : (( کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتووە لە ڕووی ئابوورییەوە و بە پێکهاتە چینایەتییەکەی کە تازەو رۆشنگەرە لە بارە بۆ سەردەمی عەولەمە )) ئەمەش بەردەوامی رێبازی بارزانی نەمرە بۆ کۆمەڵگەی دامەزراو لە چینی ناوەندی نوێی جێگرەوەی چینی ناوەندی کۆندا کە کات دوای سەردەمی خەباتی کورد لێی رەتداوە ' هەروەها بەرجەستەی تێڕوانینی پارتیە لە ئەدەبیاتە مێژوویی و تازەکەیدا کە بۆ رابوون پەرەسەندنی کۆمەڵگەی کوردستان چینی ناوەندی لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابوورییەوە کردۆتە بناغەی بونیادنانی دیموکراسی بەرهەمهێن بۆ شێوازی کۆمەلایەتی کوردستانی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا چونکە پارتی لە هزرە سیاسیەکەیدا چینی ناوەند بە ئەندام و تاک و کۆمەڵگە و ئابووریی بەرهەمهێنەکەی و وەزیفی و دانیشتووانی و کۆچ کردووەکانیدا دەکاتە بەهایەکی پێوەریی '

لە هەموو ئەمانەشدا  پارتی هەوڵ دەدات کولتووری چینی ناوەندی پێش دەوڵەت هەمە لایەن بێت لەبەر ئەوەی چینی ناوەند چینی رێ خۆشکەری دەوڵەتە لە :
**کاری سیاسی**
**کرداری کۆمەلآیەتی**

لە میانی بزاڤی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە کۆمەڵگەی دوای حکومەتی هەرێمی کوردستاندا  نموونەی چینی ناوەند لە کۆمەڵگەی کوردستان و کاریگەرییەکانی بارزانی نەمر و پارتی دیموکراتی کوردستان وتازەگەری و پەرەپێدانەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی هێشتا پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەو توێژینەوە و پەرەپێدانی تێگەیشتن هەیە لە هەوڵەکانی ئێمەو کەسانی تردا ' بەڵکو ئەم مەقالەیەش ببێتە بەردی بناغە و خشتێک لە خشتەکانی تێگەیشتن و لەیەک گەیشتن و تێگەیاندنی  ئەمڕۆ و سبەی.

**وەرگێڕانی: ڕەمزی میرەکانی**

# چینی ناوەند لە کوردستان و کاریگەرییەکانی

ڕێبوار عەبدولڕەحیم بابکەیی

**سەرهەڵدانی چینی ناوەند لە مێژوودا، دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی مۆدێرنە بە مانایەکی دیکە ئەو کاتەی دەوڵەت نەتەوە قەوارەی خۆی لەسەر بنەمای نەتەوایەتی دامەزراند، چینی ناوەند بەرە بەرە گەشەی کردوو سەریهەڵدا، کەواتە پێش سەرهەڵدانی مۆدێرنە هیچ چینێک نەبووە بەناوی چینی ناوەند لە نێوان چینی پرۆلیتار و چینی سەرمایەدارو یاخود لە نێوان چینی کۆیلە و چینی فیوداڵ، ململانێی چینایەتی پەیوەست نەبووە بە چینی ناوەند، لێرەدا دەتوانین بپرسین کە چینی ناوەند کێیە؟**

چینی ناوەند ئەو چینە هەستیار و دیار و بە ڕێژەیەکی باش لە کۆمەڵگا، کە بە داینەمۆی هەموو کۆمەڵگایەک دەناسرێت و تا رادەیەکی باش توانیویەتی پێداویستی ژیانیان دابین بکات بەڵام هێشتان زۆر لە پێداویستیەکانی بەرجەستەنەکراوە. لە ساڵی 1950 بەسەرەوە کۆمەڵناسان ڕێگەی تایبەتی چینی ناوەندیان شرۆڤە کرد، زانای ئەمریکی«پارسۆنز» تیشک دەخاتە سەر چینی مووچەخۆرەکان وەک چینی ناوەند هەروەها

زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی«رایت میلز» لە کتێبی«چینی ناوەندی نوێ» مامۆستایانی زانکۆ و پزیشکان و پارێزەران پۆلیس و فەرمانبەران بەگشتی، دەخاتە نێو چینی ناوەندەوە، میلز بە ئاماژەدان بەم چینە تیۆری مارکس و لیبراڵەکان رەتدەکاتەوە ئەویش، رەتکردنەوەی دابەشکردنی کۆمەڵگایە بۆ دوو چینی موڵکدار و پرۆلیتار هەردووک زانایانی ئەمریکی لەسەر ئەوە کۆکن کە چینی ناوەند چینی مووچەخۆرەکانن.

بۆ زیاتر ناسین و فامکردنی چینی ناوەند پێویستە لە چوار پارامەترا شرۆڤەی بکەین لە«پارامەتری ئابووری، سیاسی، کەلتووری، کۆمەلاّیەتی» ، لە پارامەتری ئابووریدا، چینی ناوەند ئەو چینەیە کە هیچ پەیوەندیەکی بە خاوەنداریەتی زەویدا نییە، پێداویستییە ئابوورییەکانی خۆی لە رێگای ئایین، عەشیرەت بەدەست ناهێنێت، بەڵکو باری ئابووری چینی ناوەند کاتێک گەشەیکرد کە بورژوازەکان توانیان دەسەلاّت بگرنە دەست بە واتایەکی دیکە بواری ئابووری چینی ناوەند خۆی لەگەڵ سیستەمێکی ئابووری تێکەڵ دەکات کە پەیوەندی بە سەرهەڵدانی مۆدێرنە هەیە، کەواتە سەرچاوە ئابوورییەکانی چینی ناوەند دەگەرێتەوە بۆ دامودەزگا فەرمییەکان و میری و نامیرییەکان. لە پارامەتری سیاسیدا، هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەم پێدابوو دەگەرێتەوە بۆ هەڵومەرجی دروستبوونی دەوڵەت نەتەوە، پاش ئەوەی دەوڵەت نەتەوە دروست دەبێت سیستەمی سیاسی بەرەو ئاقارێک دەروات، کە سیستەمێکی تۆتالیتاری تیایدا سەرهەڵدەدات لە رۆژئاوادا بە نوێنەرایەتی خاوەن زەویەکان یاخود خاوەن پیشەسازییەکان دەبێت وە لە جیهانی سێیەمیشدا سیستەمێکی تۆتالیتاری بە نوێنەرایەتی چینە بالاّ دەستەکانی وەکو ئاغا و دەرەبەگ و شێخ و پیاوانی ئاین دروست دەبێت،

لەو کاتەدا چینی ناوەند هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتەگەڕ بۆ دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات و بە شەفافیبوونی و کراوەبوونی دەسەڵات کە سەرچاوەکەی بۆ گەل بگەرێنێتەوە چونکە سەرچاوەی هێزی سیاسی چینی ناوەندی دەگەرێتەوە بۆ جەماوەر کەواتە چینی ناوەند دەتوانم بڵێم هێزێکی سەرەکیە لە بواری سیاسیەوە لە گۆڕانکاریە سیاسیەکاندا لە سیستەمێکی داخراو بۆ سیستەمێکی کراوە. لە پارامەتری کەلتووری و مەعریفیەوە چینی ناوەند خاوەن مەعریفەیەکە، کە داهاتووی بەو هیوایەی ئاسۆیەکی گەشی لێ هەڵێت وە ئەو کەلتوورە زاڵەی بەسەر چینی ناوەند، کەلتوورێکە بە رێگای ئەو ئامێرانەیە، کە ئاکامی سەردەمی مۆدێرنە وەکو TV، رۆژنامە، کتێب هتد....

لە پارامەتری کۆمەلایەتیدا چینی ناوەند خاوەن رێگەیەکی کۆمەلایەتی بەهێزە وە هەمیشە بیر لە ریفۆرم دەکاتەوە وە بەردەوام هەوڵدەدات پێگە کۆمەلایەتیەکەی خۆی بەهێز بکات. یەکێک لە تایبەتمەندی چینی ناوەند ئەوەیە، کە لە هەر کۆمەڵگایەک چینی ناوەند زۆر بێت کەمتر کودەتا و شۆڕش روودەدات وە بە پێچەوانەوە. ئەگەر ئەمانەی ئاماژەم پێدابوو دەروازەیەک بێت بۆ تێگەیشتن و فامکردن و پێناسەکردنی چینی ناوەند، ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ کۆمەڵگایەک بەدەر نییە لە چینی ناوەند، کۆمەڵگای کوردستانیش وەک هەموو ئەو کۆمەڵگایانە خاوەن چین و توێژی خۆیەتی، یەکێک لەو چینانەش چینی ناوەندە.

دۆزینەوەی چینی ناوەند لە کوردستان رەنگە تۆزێک ئاستەم بێت بەهۆی نەبوونی پێناسەیەکی تایبەت بۆ خودی کۆمەڵگاکە، ئایا کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی پیشەسازییە؟ تاوەکو بڵێین چینی ناوەند دەکەوێتە نێوان چینی

سەرمایەدار و چینی پرۆلیتار، یاخود کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیە بۆ ئەوەی بڵێین چینی ناوەند لە کوردستان دەکەوێتە نێوان جووتیاران و چینی دەرەبەگەکان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر بەچاوێکی میکرۆسکۆب سەیری پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکەین ئەوا چینی مووچەخۆران بە پلەی دووەم دێت لە دوای چینی دەسەڵاتداران و خاوەن نفوزەکان وە هەروەها چینی کاسبکاران و کرێکارەکان بە پلەی سێیەم دێت، بەپێی ئەو هاوکێشەیە بێت چینی مووچەخۆران بە چینی ناوەند دێت لە کوردستان، چونکە دەکەوێتە ناوەڕاستی هەردووک چینی دەسەڵاتداران و چینی کرێکار و کاسبکاران، کەواتە چینی ناوەند لە کوردستان بریتیە لەو خەڵکانەی کە سەرچاوەی ئابووری و داراییان مووچەیە، مووچەش پێوەری دەستنیشانکردنی چینی ناوەندە لەو کۆمەڵگایە چ مامۆستا بێت، پزیشک بێت، ئەندازیار بێت، پۆلیس بێت، یاخود بەشێوەیەکی گشتی فەرمانبەر بێت، بەو شێوەیەش بێت بەردی بناغەی کۆمەڵگای کوردستان چینی ناوەند دەبێت، بێگومان ئەو چینە وەک چینێکی کارا و هەستیار و وەک داینەمۆی کۆمەڵگا کاریگەریەکی ئێجگار مەزنیان هەیە چ لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بێت، ئابووری، سیاسی، بێت. وە لە هەر روویەک لەو روونە بێت دەتوانن وەک گرووپی فشار گوشار بخەنە سەر دەسەڵات بۆ ئەوەی داواکاریەکانیان جێبەجێبکرێت، لە رووی کۆمەڵایەتیەوە چینی ناوەند وەک چینی بەڕێوەبردنی بوارەکانی کۆمەڵگا دەتوانن کاریگەرییەکی مەزن بنێنەوە و ئاسەواری دیار بێت لە پرسە کۆمەڵایەتیەکان. لە رووی سیاسیەوەش بێگومان چینی ناوەند کاریگەریەکی مەترسیداری هەیە، هەروەک ئاماژەم پێدا بوو کەمی چینی ناوەند لە هەر کۆمەڵگایەک دەبێتە مایەی

ڕوودانی کودەتا و شۆڕش وە بەپێچەوانەوە. بەڵام لە کوردستان چینی ناوەند بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو دیارە وە بە ڕێژەیەکی مەزن هەیە بۆیە لەو بارەوە مەترسی کودەتا و شۆڕش کەمە، لە هەمانکاتدا ئەگەر پۆلیس و ئاسایش وەک بەشێک لە چینی ناوەند لە ژێر ڕۆشنایی چ هۆیەکەوە بێت کەمتەرخەمی بکەن لە کارەکانیاندا ئەوا وڵات تووشی پەرتەوازەبوونی ئاسایش دەکات و دەبێتە هۆی ناسەقامگیری ئاسایش و لە ئەنجامدا وڵات تووشی مەینەتی دەبێت. هەروەها لە بواری ئابووری چینی ناوەند لە کوردستان بەشێکی گرنگی ئابووری وڵات پێکدێنن، چونکە بۆ نموونە ئەگەر هاتوو ئەو چینە بەهێزە مانبگرن لەبەر هەر هۆیەکەوە بێت لە هەموو بوارەکاندا، ئەوا بێگومان ئابووری وڵات تووشی هەرەسهێنان دێنن بەتایبەت لەبەر ئەوەی ئابووری کوردستان دەتوانم بڵێم لە سەرەتادایە پێویستی بە گەشەکردن هەیە، بۆیە چینی ناوەند لە کوردستان کاریگەری خۆی هەیە پێویستە بەهەند وەربگیرێت.!

**سەرچاوە:**

**دەروازەکانی کۆمەڵناسی، مەنوچێهر موحسنی، و: ڕێبوار سیوەیلی، موسلح ئیروانی، مراد حەکیم، دارا سوبحانی، ئەبوبەکر عەلی، دلشاد حەمە، تەحسین تەها.**

# ئابووریی کوردستان و
# ڕۆڵی چینی ناوەند

نەسروڵڵا عەبدوڵلا شێخانی

**لە ڕاستیدا ڕەوشی چینایەتی لە کوردستاندا زەمینەیەکی لە ڕزۆک بووە بە هۆی سستی کەرتی پیشەسازی و بەکارنەهێنانی تەکنەلۆژیای پێویست کە لە ئاکامدا بنکەیەکی فراوان لە چینی کرێکاران نەهاتۆتە ئاراوە بۆ ئەوەی ڕۆڵی کاریگەری خۆی ببینێت لە پرۆسەی پەرەپێدانی ئابووری لە لایەکی دیکەوە کەرتی کشتوکاڵ گورزێکی کوشندەی بەرکەوت لە میانەی خاپوورکردنی دێهاتەکان و ڕاگواستنی جووتیاران بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێیەکان وە گۆڕینی ئەم هێزە گەورەیە لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربردەر.**

بێگومان کەڵەکە کردن و ئامادەکردنی سەرمایە یەکەمین پێداویستیە بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە ئابوورییەکان وە گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بە بەشداربوونی چینە کەم دەرامەتەکان دەست پێدەکات لێرەدا چینی ناوەند لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ئەم توێژانە دەگرێتەوە کەوا داهاتەکانیان زیاترە لە خەرجیەکانیاندا لە ئەنجامدا پاشەکەوتێکی بەرچاویان دەبێت وە سەرەتایەکە بۆ پێکهاتنی سەرمایەی نیشتیمانی. پزیشکەکان، ئەندازیاران، پارێزەران، خاوەن شوێنکارەکان و

پرۆژە بچووکەکان و نەگوێزەرەکان و بازرگانانی تاک و کۆ و بەڵێندەرەکان پێکهاتووی ئەم چینەن. وەبەرهێنانیش ڕێگا سپاردنە لە بانکەکاندا بۆ ئەوەی لە بوارەکانی سەرمایەگوزاری بەکاریان بهێنن و پرۆژە بە کەڵکەکانیان پێ جێبەجێ بکرێت. بۆ ئەم مەبەستە گەرەکە بانکەکان پەیرەوی سیستەمێکی پێشکەوتوو بە تەکنەلۆژیای هاوچەرخ بکەن بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان، لەرەوتی ئابووری کوردستاندا تەنها کەرتی خزمەتگوزاری لە جووڵە دابووە و بایەخی پێدراوە وە لە لایەن چینی ناوەندەوە پێشرەوایەتی کراوە واتا ئەم کەرتە بەر لە کەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵیدا گەشەی کردووە وە هۆکار بووە لەسەرهەڵدانی کەموکوڕیەکانی ئابووری لە هەڵاوسان و بێکاری و کەمی بەرهەمهێنان و بەگەڕنەخستنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان بە تەواوی وزەکانیان وە هەروەها سستی نواندن بە تەواوی وزەکانیان وە هەروەها سستی نواندن لە پیادەکردنی چالاکیە ئابووریەکان هەرچەندە چینی ناوەند کەوتۆتە نێوان چینەکانی سەرەوە و ژێرەوە بەڵام لە رووی ئابووریەوە مشەخۆرنین پاشەکەوتیان ئاراستە دەکرێتە پرۆژە بچووکەکان کەوا سەرمایەکی کەم و ژمارەیەکی سنورداری لە کرێکاران گەرەکە.

وەبەرهێنان لەم بوارەدا سەرەڕای ئەوەی بێکاری کەمتر دەکاتەوە بەرهەم و داهاتی نیشتیمانی زیاتر دەکات وە کرێکارەکان پسپۆڕتر و شارەزاتر دەبن لەسەر تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و دەبنە بیرو بازووی کرداری پەرەپێدانی ئابووری. ئەم پرۆژانە ڕێژەیەکی زۆرن لە ئابووری وڵاتدا وە بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن پێویستە لە لایەن حکوومەتەوە هەماهەنگی و هاریکاری بکرێن لەمیانەی گرتنە بەری ئەم سیاسەت و یاسا و ڕێنماییانە کەوا لە بەرژەوەندیان دابێت وە

ژینگەیەکی ئابووری دروستی بۆ بێتە کایەوە. گرفتەکانی هەژاری بەشێوازی هاریکاری و کۆمەککردنی بەخۆڕایی بنبڕ ناکرێت بەڵکو بە بەهێزکردنی دامەزراوە و پڕۆژە سەرکەوتووەکان و چینی ناوەندەوە چارەسەر دەکرێت بۆ ئاوەدان کردنەوەی وڵات و پێشکەشکردنی هیواو ئاوات و دوا ڕۆژێکی باشتر بۆ لاوەکان لە میانەی هێنانەکایەوەی هەلی کارکردن لەم دەزگا و دامەزراوانەدا.

ئەمڕۆ ئابووری دونیا ئابووری بازاڕە و ئازادە میکانیزمی خستنەڕوو داخوازییەکان نرخی کاڵا و خزمەتگوزارییەکان دیاری دەکات و کەرتی تایبەت پێڕەو و هەڵسوڕێنەری ڕەوشی ئابوورین. لەم سۆنگەیەوە دوو پێوەری سەرەکی لە بەردەم چینی ناوەندەوەیە بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بن لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانیان وە بخزێنە ناو بوارەکانی سەرمایەگوزاری. یەکەمیان: پسپۆڕایەتی و شارەزایی لەم بوارەدا.وە دووەمیان: سەرمایەکەیەتی. بۆیە گەشەو پەرەپێدانی ئەم دوو لایەنە و ئاسانکاری و هاریکاری حکوومەت لە رووی یاسایی ودارایی وە دروستکردنی ژینگەیەکی دروست و لەبار ڕۆڵی ئەم چینە لە پەرەپێدانی کوردستان کاریگەر و گرنگتر دەبێت.

# پێکهاتەکانی توێژی نێوەند لە ئێراقدا

ئا/ هەندرێن ئەسعەد خۆشناو

**تاوەکو ئێستا هیچ تێگەیشتنێکی روونی ئەدەبیانە بۆ چەمکی توێژی ناوەندی گەلاڵە نەبووە، نە لە نووسینەکانی پێشەنگی رێنیسانسی عەرەبی، و نە لە ئەدەبیاتی رۆشنبیرە گەورەکانیاندا، هەتا لە نووسینەکانی دامەزرێنەرانی پارتە سیاسیەکانی ئێراقیشدا ئەو چەمکە وونە و بوونی نیە، سەرەرای بوونی لە ئەرزی واقیعدا، هەروەها لە رۆشنبیریی عەرەبی کۆنیشدا پێناسەیەکی دیاریکراو نیە بۆ ئەو توێژە گرنگە یان هەر توێژێکی کۆمەڵایەتی تر، بەلاّم سەرەتای ناسینی پێکهاتەکانی کۆمەڵ لە بیری مارکسیەوە هاتە نێو رۆشنبیری ئەو وڵاتانەوە بۆ ناسینی لە روانگەی چینەکانەوە بە شێوەیەکی گشتی، ئەویش وەرگرتنێک بووە ملکەچی ئایدیۆلۆژی مارکسیزم بوو، بەگوێرەی ئەو رۆشنبیریەشەوە هەردوو چینی سەرمایەدار و بۆرژوا بوونیان هەیە، شانبەشانی چینی کرێکاری پشتگیریکراو لە لایەن رۆشنبیران و جوتیارانەوە.**

لە ئەدەبیاتی مارکسیشەوە ئاماژەیەکمان بەدینەکرد بۆ توێژی ناوەندی تەنها لە چوارچێوەی بۆرژوای نیشتمانی و فرەتوێژەکانیەوە نەبێ. لێرەوە ئەو چەمکە دەبێتە ئیشکالیەتێکی مەعریفی و رۆشنبیریی، کاتێ بەشکراوی

چەمکەکانی سەرمایەداری و بۆرژوای گەورە و بۆرژوای بچوک و چینی کارگەر و جوتیار و رۆشنبیران دەبێ. ئنجا کاتی شیکردنەوەی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە ناوچەکەدا، کە خاوەن نەژادێکی کۆن و دێرینە و بە حوکمی ئەو بوونە کۆنە پێکهاتووە لە تێکەڵێکی لەیەکنەچووی کۆمەڵایەتی و ئاینیی و سیاسی، تێگەیشتنی ئەو چەمکە ئاڵۆزتر دەبێ، چونکە هیچ توێژینەوەیەکی مەیدانی خۆی لەم بوارە نەداوە، و هەروەها نەداریی بۆ توێژینەوەی پسپۆریی لەو بوارەدا یەکێ لە ئیشکالیەتەکانی رۆشنبیریی سەردەمە، چونکە پێکهاتەی کۆمەڵگا لە ناوچەکەدا جیاوازیەکی زۆر و بەرچاو لەخۆناگرێ لە نێوان توێژ و چینەکانیەوە، هەروەک لە کۆمەڵگە ئەوروپاییەکان تخوبی نێوان ئەو توێژ و چینانە رۆشن و دیارە، بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە توێژی ناوەندی لەکۆمەڵگەکەماندا بوونی نیە، بەڵکو ئەو توێژە بە هەڵگریی ئەو پێکهاتە تێکەڵەی توێژ و چینەکانی ترەوە لە دایکبووە.

## پێناسەی توێژی نێوەند

چەندین پێناسەی جیاجیا کراوە بۆ توێژی ناوەندی، هەندێکیان پەیوەستن بە ئاستی رۆشنبیریی ئەو توێژ، و هەندێکیان پەیوەستن بە ئاستی داهاتی ئەو توێژ، و هەندێکیان تەنیا توێژی فەرمانبەران و کارمەندانیان بە توێژی ناوەندی داناوە، چونکە داهاتێکی جێگیریان هەیە و فراوانترین توێژە کە زۆربەی رۆشنبیران و خاوەن پیشەدەستیەکان و مامۆستایانی زانکۆ دەگرێتەخۆ. بەڵام توانستی دیاریکردنی توێژی ناوەندی لەولاتانی پێشکەوتوو زۆر زیاترە لەوەی لە ولاتانی هەژار و تازە پێگەیشتووەکان، ئەویش بەهۆی هەبوونی سیستەمی داتای ( زانیاری) پێشکەوتوو، کە توانای سەرژمێریەکی تۆکمەی هەیە بۆ ژمارەی دانیشتوان و ئاستی

رۆشنبیریان و ئاستی داهاتی هەر تاکە کەسێک و زانینی ئیشوکارەکانیان.

## سەرەتاکانی پێکهاتنی توێژی نێوەند لە ناوچەکەدا

لە پێکهاتەکانی توێژی ناوەندی ولاتانی رۆژهەلات، هەمەچەشنیەکی سەرسوڕهێنەر بەدیدەکرێ کە لە کۆمەلگە رۆژئاواییەکان نمونەی نیە، ئەویش ئەو توێژە لێرە لە رۆشنبیران و کارمەندان و بازرگانە بچوکەکان و پیشەسازکارە بچوکەکان و بیروکراتەکان و مامۆستایانی زانکۆ و ئەفسەرەکانی هێزی ناوخۆ و سەربازیی .. هتد پێکدێ. بێگومان ئەو پێکهاتەش ناکرێ لەسەر یەک بیر و هزر و پێکهاتەیەکی تێگەیشتن و رۆشنبیریدا بن، سەرەڕای ئەوەی کە لە رووکەشەوە تێکهەلکێشێکی لەیەک نزیکە لەگەل ئەوەی لە کرۆکدا لەیەکجیاییەکی ناوەرۆکیی هەیە لە نێویاندا، یەکەم تێبینی پەیرەوی ئەو توێژەش ئەوەیە کە ئەو توێژە لە دایکبووی هزری ئاینی یان نەتەوەیی نیە، بەلکو بزوتنەوەیەکی نوێ و پێشکەوتوترە لە پێکهاتە عەشایری و ئاینیە کۆنەکانی سەردەمی دەولەتی عوسمانی.

لەدوای داروخانی دەولەتی عوسمانی و هاتنەپێشی پەیمانی سایکس ـبیکۆ و دابەشکردنی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی ئەو دەولەتە، و کرانەوەی مەودایەکی چاک بۆ منالی خانەوادە هەبووەکان بۆ خوێندن لە تورکیا و ئەوروپا، بیر و هزری نوێ هاتنەکایەوە بەلام بە پۆشاکی ئایدیۆلۆژیە کۆنەکانەوە، هەروەها دوای شۆڕشی بەلشەڤیەکان لە روسیا و سەرهەلدانی جولانەوەی رزگاریی نیشتمانی لە ولاتانی ناوچەکە و رۆژهەلات بە گشتی، حزب و رێکخراوی مارکسی و نەتەوەیی لە کانگەی پێویستی ناوچەکەوە سەریانهەلدا بۆ لەگەلرۆینی

ئەوەی لە جیهان بەگشتی روویدا، بەڵام ئەو سەرهەڵدانە رێ لە بەرەوپێشوەچوونی گیرا، بەهۆی لادانی لە هێنانەدی ئامانجە سەرەتاییەکانی خۆی کە لە پێناویانەوە هاتنەبوودی و دامەزرابوون، لە پای ئەوانیشەوە مەسەلەی سەربەستی و ئازادی بووە ئامانجی سەرەکیان، بۆیە دەتوانین بڵێین کە پێکهاتەی توێژی ناوەندی بریتیە لە پێکهاتەیەکی ئابووری کە تێیدا کریستیان و موسڵمان و رۆشنبیر و سەرباز و پیاوانی ئاین، و هەروەها نەتەوەکانی کورد و عەرەب و سونە و شیعە لەیەکتری نزیکدەبنەوە، بێ ئەوەی نەتەوە و ئاین ببێتە بەربەستێکی گەورە لە ئاراستە و رێرەویەوە.

توێژی ناوەندی لە ناوچەکە بە کۆنترین توێژی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێ، ئەو توێژە لە دایکبووی رەوتە نەتەوەیی و رۆشنبیریی و ئابوریی و دەرەبەگیی و سەربازیی و عەشایریە، تێکهەڵکێشێکی فرەرەنگی بوو کە کێشەی رزگاریی لە چنگی داگیرکاریی عوسمانی و دوای ئەویش ئینگلیزی و فەرەنسی و هەروەها دوای ئەوانیش حکومەتە تۆتالیتاریە نادیموکراسیەکان کۆیکردبوونەوە، و بۆ ئەوەی سەرکردە ئاینی و سیاسیەکان بتوانن کرێکی دەستپێکی تازەگەریی دابرێژن لە ناوچەکە، ئەو توێژە ناوەندیە لە ناوچەکە بەکردەوە چەکەرەی دابوو لە کۆمەڵگەدا لەسەر دەستی رۆشنبیر و خوێندەوار و دامەزرێنەری قوتابخانە و زانکۆ و ....، بۆ نمونە لەئێراقدا دەستپێشخەریی رۆشنبیریی لە ساڵی 1908 سەریهەڵدا، و لە سەرەتاکانی بیستەکانی سەدەی بیستەم گەشەیسەند، کاتێ کە ناوەرۆکێکی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز و هەروەها چەپرەویی نیشتمانی و پیشەسازیی، بە تایبەتی لە ساڵی 1920 (کە بە شۆرشێکی نیشتمانی دژی داگیرکاریی ئینگلیز بەکردەوە بەدیارکەوت) و کەرتەکانی دەستی بە گەشەکردن کرد کاتێ کە

ئابوری ئێراق بە ئابوری ئینگلیز گرێدرابوو لە سەرەتاکانی سیەکانی سەدەی رابردوو.

تویژی ناوەندی لە سەرەتایدا وەبەرهێنەری رۆشنبیریی خەڵکی ترە، و دوایی دەبێتە بەرهەمهێنەری ئەو رۆشنبیریە لەگەڵ بەرەوپێشوەچوونی هۆکارەکانی کارکردن، ئەو تویژە سوودمەندە لە جۆراوجۆریی پێداویستیەکانی گەل و بەڵام لەکۆتاییدا ئەو پێداویستیانە بەکاردەهێنێ بۆ هۆکاری کارکردن لە پێناو وەبەرهێنانیان بە سەرمایەکی سادە و شارەزاییەکی نیشتیمانی. ئەو تویژە وەبەرهێنەری تواناکانی تەکنۆکراتەکان و مامۆستایان و تازە دەرچووانیشە، و بەڵام ئەو وەبەرهێنانە لە بەرژەوەندی توانای بەرەوپێشوەچوون و گەشەسەندن بەکاردێنێ.

تویژی نێوەند لە کۆمەڵگەی ئێراقیدا تویژی ناوەندی لە کۆمەڵگەی نوێی ئێراقیدا کانگەی لە دایکبوونی چین و تویژە کۆمەڵایەتیەکانی تری کۆمەڵگەیە، لەوەتەی سەرهەڵدانیدا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەمڕۆ، ئەم تویژە لە نوێکردنەوەی خۆی رانەوەستاوە و، رێخۆشکەربووە بۆ سەرهەڵدانی تویژی تری کۆمەڵایەتی گونجاو لەگەڵ سروشتی کۆمەڵگەی ئێراقی، کە کۆمەڵگەیەکی جۆراوجۆری نەژاد و نەتەوە و زمان و ئاین و مەزهەب وتەنانەت مێژوو و جوگرافیاشە. کە تیایدا تویژی سیاسی و سەربازیی و بازرگانی سەریانهەڵداوە، و هەندێکیان بەشداریانکرد لە سەرکردایەتیکردنی کۆمەڵگەی ئێراقی بەرەو شەڕوشۆڕ و ئاشوب و وێرانکاریی، و هەندێکی تریان بەرەو ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنان.     نوێترین نمونە نیشتمانیەکانی ئەو تویژەش خۆی لە کۆمەڵگەی دوای شۆڕشی یۆلیۆی 1958 دەبینێتەوە و، بۆ ماوەیەکی کەم خۆی لە نزیکەی پێنج ساڵ دەدات و، دوای ئەوەی ململانێیەکی لەناکاو سەریهەڵدا بە هۆی ئەو

کۆنترادیکسە ناوخۆیانەی نێو پێکهاتەکانی، کە بووە هۆی گەڕانەوەی بۆ پێکهاتەکەی جارانی کە دامەزرابوو لەسەر عەقڵیەتی سەربازیی و ئاینیی و نەتەوەیی و رۆشنبیریی و عەشایریی، هەروەها لە نێو پانتایی ئەو توێژە بەرین و فراوانەدا چەندین هێزی نوێبونەوە و هەروەها هەندێ توێژی تریش سەریانهەڵدا کەتوانای بەردەوامبوون و ژیانەوەیان نەما، وەکو هەندێ بزوتنەوەی فاشیستی بچوک کە لە رووداوەکانی ساڵی 1941 و لە ئاکامی کاریگەریی رۆڵی ئەڵمانیا لەسەر هزری نەتەوەیی سەریانهەڵدابوو، و هەندێ لەو دەستە و توێژانە بەهۆی لاوازیان تێکەڵی دەستە وکۆمەڵەی تر بوون کە لەوان بەهێزتربوون لە رووی سیاسی و ئابووریەوە، وەکو هێزە نیشتیمانی و پێشکەوتنخوازەکانی وەک (حزب الشعب) و (أنصار السلام) و (الحزب الوطني الديمقراطي)، کە دەیویست هاوشانی بزوتنەوەی بەهێزی مارکسی ئەو کات کە حزبی شیوعی ئێراقی نوێنەرایەتی دەکرد، کاربکات لە نێو کۆمەڵگەی ئێراقی، و بەدوای توێژێک دەگەڕا کە بتوانێ حزبێک پێکبهێنێ نە شیوعی بێ و نە نەتەوەییەکی فاشی، بەڵکو حزبێکی نیشتیمانی دامەزراو لەسەر بنەمای چەمکی میللی. هەروەک کامل چادرچی دووپاتی دەکاتەوە، کە بەبێ ئەوەی ئەو بزوتنەوەیە مارکسیە بەهێزە پشتگوێ بخەن، تا ئەو رادەیەی کە کاریگەریی لەسەر پێکهاتەی حزبەکەشی هەبوو، و بابەتیان لە رۆژنامەی ( الأهالي ) زمانحاڵی حزبیش بڵاودەکردەوە، و سەرکەوتنی حزبی نیشتیمانی دیموکراتی لەوەدابوو، کە توانی ئەو هەموو توێژە فراوانانە لە خۆبگرێ، کە لە یاداشتەکانی حزب بە ناوی توێژی رۆشنبیر و فەرمانبەر و کرێکار و عەشایەر و بۆرژوا بچوکەکان و بازرگانەکان و خاوەن کارگە بچوکەکان ناودەبران، و چاکترین نوێنەری ئەو توێژەش لە

نێو ریزەکانی حزبی ناوبراو محەمەد حەدید و حوسێن جەمیل و هەدیب حاجی حەمود بوون.

توێژی ناوەندی لەئێراقدا لە دایکبووی دژواریی و جیاوازی و لەیەکنەچوونێکی ناوەخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتیە، ناوەخۆیی لەبەرئەوەی دەوڵەتی ئێراق هەر لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای بەیەکەوەنووسانی سێ ویلایەتی جیاواز لە هەموو بوارەکانەوە موسڵ و بەغدا و بەسرە (ویلایەتەکانی سەردەمی عوسمانیەکان) دامەزراوە، ئیقلیمیش لەبەرئەوەی بەغدا کاتی خۆی پایتەختی دەوڵەتی ئیسلامی بووە لە ناوچەکەدا، و نێودەوڵەتیش چونکە ئێراق ئەڵقەی جوگرافی و بازرگانی بەیەکەوەبەستنی ئەوروپا و ئاسیایە، هەروەها ئێراقی نوێ میراتگریی نەژادێکی کۆن و دێرینە، کە ئەویش مێژووی ئاشوری و کلدانی و سۆمەری و بابلی و میدیەکانە. ئەو میراتگیریە مەزنە وای لە توێژی ناوەندی کۆمەڵگەی ئێراقی کرد کە یەک هەڵوێست بن بەرامبەر بە بەرژەوەندیە باڵاکان، وەکو بەربەرەکانێی داگیرکاران و نوێکردنەوەی وڵات و پاراستنی سەرمایە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان و ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەدادبوون لەگەڵ چینە هەژار و میللیەکان. هەربۆیەش زۆربەی حزب و لایەنە سیاسیەکان ئەو پێشنیاز و پێداویستیانەیان لە بەرنامەکانی خۆیان دەخستەڕوو، کەچی لە پێداویستە نەتەوەیی و ناوچەییەکان جیاوازیان هەبوو، بۆ نمونە حزبە عەرەبییەکان جیاوازیان هەبوو لەگەڵ حزبە کوردیەکان، بۆیە مۆرکی نەژادی و نەتەوەیی زیاتر بە حزبە کوردیەکانەوە دیاربوو.

دوای دۆزینەوەی نەوت لە ئێراقدا لەلایەن ئەڵمانەکان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، چەندین بنکەی بازرگانی ناوچەیی و نێودەوڵەتی دامەزراند، هەندێکیان بە وڵاتانی

دەریای سپی ناوەڕاست بەسترایەوە و لەویوەش لەگەڵ ئەورووپا، و هەندێکی تریشیان لەگەڵ وڵاتانی فارس و هندستان و ئەفغانستان و چین. ئنجا چەندین کۆمەڵە و دەستەگەریی تر هاتنەکایەوە کە پەیوەست بوون بە وڵاتانی ناوچەکە، و چەندین کەمینە و ئاین و مەزهەب و عەشیرەت لە نێو کۆمەڵگەی ئێراقی توانەوە، بۆ پێکهێنانی رووی ئایدیۆلۆژی توێژی ناوەندی لە ئێراقدا، کە بەردەوامبوو لە هەڵگرتنی سیفەتی دژ یەک و لەیەکنەچوون و گۆڕانکاریی بەردەوام لە بنیاتیدا، بە جۆرێ کە جیاوازی تیایدا بۆتە سیمایەک لە سیماکانی تازەگەریی و نوێبوونەوە. هەر بۆیەش ئەگەر سەیری پێکهاتەی توێژی ناوەندی بکەین لە ئێراقدا دەبینین کەوا جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهاندا، لە رووی هەمەچەشنیی و مۆزایکیی لە مێژوو و کەلتوور و ئاین و نەتەوە و تایفە و مەزهەبەوە.

کاتێ کە باس لەسەرەتاکانی پێکهاتنی توێژی ناوەندی لە ئێراقدا بکەین، دەبێ باس لەکاریگەریی دەوڵەتی عوسمانی بکەین، بە سیفەتی دەوڵەتێکی ئیسلامی بەهێز و دەسەڵاتداریی ناوچەیی و نێودەوڵەتی، و سەردەمێک دایەنگەی بیری نوێ و تازەگەریی سیاسی و فێرکردن بوو، زۆربەی سیاسەتمەداران و رۆشنبیران و پلەدارانی سەربازیی، کە کاریگەرییەکی پۆزەتیڤانەیان هەبوو لە گۆڕانکاریەکانی قۆناغی ساڵانی بیست و سیەکانی سەدەی رابردوو، دەرچووی دانیشگە و زانکۆکانی ئەسیتانە (ئەستەنبوڵ) بوون.

دوای دۆڕاندنی عوسمانیەکان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا و داگیرکردنی ئێراق لەلایەن ئینگلیزەوە، چەندین دەستەی کۆمەڵایەتی و سیاسی نوێ هاتنەکایەوە بە تایبەتی لە باشوری ئێراقدا، وەکو بەشێک لە بنیاتی تازەگەریی ئینگلیزی لە

ئێـراق، و لـەکـاتی بـەرپـابـوونی شۆڕشی سـاڵی 1920، سەروسیمای ئەفسەرانی عەرەب و کاریگەریی هاشمیەکانی حیـجاز لـەسەر بـارودۆخی نـاوەخۆی ئێـراق بـە ئـاشکرایی بـەدەرکـەوت، و سـەیرکـردنی هـاشـمیـەکـان بۆ ئێـراق وەکـو میراتگەرییەکی خۆیان و بوونی چەندین گۆڕستان و مەزارگەی (آل البیت) لە نەجەف و کەربەلا و کوفە و سامەرا، بووە هۆی سـەرهـەڵـدانی خـواست و ئـارەزووی هـزری عـەرەبـچیـاتی و نەتەوەپەرستی دژ بە هاشمیەکان، بە تایبەتی کاتێ کە بزانین نـاوەڕاست و بـاشـوری ئێـراق هـەمـووی یـان زۆرینـەی شـیـعـە مەزهەبن، و خاوەن پەیوەندیەکی بەتینی رۆشنبیری بوون لەگەڵ ئێـرانـدا کـە رەگ و ریـشـەی ئـەو پـەیـوەنـدیـە دەگـەڕێـتـەوە بۆ سەردەمی دەوڵەتی سەفەویەکان.

چیـنێکیـان هێـناکایـەوە لە بـارزگانـان و چەندین پـلەوپـایەی بازرگانی بەرچاویان بەدەستهێنا، کە کاتی خۆی پەیوەستبوون بـە کریسـتیـان و جولـەکەکانی دانیشـتوی ئێـراق و نەتەوەی کوردیش کە پێکهاتووە لە چەندین هۆز و عەشیرەت و خێڵەوە، و ئەو پێکهاتانەش پەیوەندی بەتین و بە هێزی خۆیان هەبوو لـەگـەڵ هـاوشێـوەی خۆیـان لـە پـارچـەکـانی تـری کـوردسـتـانی دابەشکراو بەسەر وڵاتانی ناوچەکە، وەکو ئێران و تورکیا و سـوریـا و هـەروەهـا یـەکێـتی سۆڤـیـەتی پێشـوو، بـەمـجۆرە و بـنـکـەیـەک و بنـاغـەیەکی تر بۆ تـوێژی نـاوەنـدی دروسـتـبوو، ئەویش بنەمای پەیوەندی بازرگانی و ئابوری و رۆشنبیریی بوو. بۆ نمونە دەستەی ئەنتلجێستیای کوردی کە زمانەکانی کوردی و فارسی و تورکی و هەروەها عەرەبی و ئینگلیزی و هەندێکیان روسیـشیـان دەزانی، ئـەمەش بـووە هۆی ئەوەی کە بـازرگـانـانی کورد بـتوانن چـەندین پـلـەوپـایـەی گرنـگی ئـابـوری و سیاسی بەدەستبێنن. ئەم هەمـوو دژەیـەک و لەیەکنەچوون و ئاماژانە،

دەرهاویشتەی رۆشنبیریی و نمونەی جیاوازی خۆی هەبوو، بەڵام یەکگرتوو بوو لە بنیاتی کۆمەڵگەی ئێراق. کە لەوەتەی ئازادیی ئێراق لە 1921 ەوە تاوەکو ئێستا سروشتی لەیەکنەچوو و جوڵەی کۆمەڵگەی ئێراق پێکهێناوە، بۆیە دەتوانین توێژی ناوەندی لەکۆمەڵگەی ئێراق بە لانەی مێش هەنگوین بچوێنین، کە دەروازەکانی خۆی دەکاتەوە بۆ تاکەکانی بۆ گەیشتن بە جۆرەها کێڵگە و باخچەی جۆراوجۆری رۆشنبیریی و مەعریفی، و کاتێ کە دەگەرێتەوە لانەکەی خۆی و دەروازەکانی دادەخات کاتی کارکردن، لەوانەیە بتگەزێ ئەگەر لێی نزیکببیتەوە، و بەڵام لەهەمانکاتدا هەنگوینێ بەرهەمدێنێ کە هەموو کۆمەڵگە سوودی لێ وەردەگرێ. بەرهەمی هزریی و رۆشنبیریی لەسەر یەک رێچکە و رێباز نیە، بەڵکو سیمایەکی هەمەجۆر و هەمەچەشنی هەیە، بە واتایەکی تر هەر هێزێکی پێشکەوتنخواز و تازەگەر کە سەریهەڵدابێ لە ئێراقدا، لە بەرهەمی توێژی ناوەندی بووە. توێژی ناوەندی هەموو ماناکانی پێشوازیکردن و هەرسکردن و هەروەها دەرهاویشتن دەگەیەنێ لەکۆمەڵگەدا، سەری کۆمەڵگەش بریتیە لە توێژی دەوڵەمەند و سەرکردە سەربازییەکان و رۆشنفکران، و قاچی کۆمەڵگەش بریتیە لە توێژی هەژار و جوتیار و کرێکار و کاسبکار و هەروەها بێکارانیش. گەدە ئاشپەزی کۆمەڵگەیە و تێیدا هەموو دەستە و گروپەکان دەتوێنەوە و سەریش هزر و دەزگا و رۆشنبیرەکانیەتی و تێیدا بنکەی سەرکردایەتی و پلاندارێژانە و قاچەکانیش جێبەجێکاری بەرهەمهێنان و بەکاربەرەکانیەتی، بەڵام ناتوانرێ ئەو هاوکێشەیە بکرێتە پێوەرێک بۆ هەموو قۆناغەکان، بۆنمونە لە کۆمەڵگەی ئێراقدا، زۆر لە دەستە و گرووپەکان (بە کتوپڕی و لە ناکاوەوە) لە پلەوپایەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ پلەوپایەیەکی

تر بەهۆی سیاسەتی دەوڵەتەوە، کە توێژێک بەرزدەکاتەوە لەسەر شانوباڵی توێژێکی تر. ئەمەش روویدا بە درێژایی نزیکەی سی و پێنج ساڵ، کۆچەری بیابانەکان بوونە گەورە وسەرکردەی هەموو بنیاتی کۆمەڵگەی ئێراق، لەسەر حسابی ئاوەدانکردنەوەی شار و کۆمەڵگەی کشتوکاڵی ئێراق، بۆیە دەبینین کە ئەو بیرۆکەیە نەیتوانی راستەڕێ بێ لە چلەکانەوە، کاتێ کە بزوتنەوە رۆشنفکرەکانی سیاسی و ئابووری سەریهەڵدا، و خۆی لە دامەزراندنی حزب و لایەنە نیشتمان پەروەرەکان و پەرلەمان و حکومەتی دەستوری بینیەوە، وەکو ئاکامێک لە ئاکامەکانی شەڕی دووەمی جیهانی. ئەو رێکخراوە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازانەش لە ئێراقدا خۆی لە چەندین نموونە بینیەوە، وەکو (حزب الشعب) و(حزب الوطنی الدیمقراطی) و (حرکە أنصار السلام) و (حزب الشیوعی العراقی) و ( پارتی دیموکراتی کوردستان). لەو قۆناغەدا توێژی ناوەندی لە ئێراقدا چەندین دەزگای دەستوری و بەرهەمهێنەری بۆخۆی هێناکایەوە، کە توانا و کاریگەری لەسەر شەقام و بڕیاری سەرووەوە هەبوو، یەکێ لەبەرهەمە راستەوخۆکانیەوە بزوتنەوەی ئەفسەرە سەربەخۆکان (حرکە الظباط الأحرار) لە هەریەک لە میسر لە یۆلیۆی 1952 و لە ئێراق لە یۆلیۆی 1958، هەتا قۆناغی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوە دەستپێبکات، بەڵام هێزە داگیرکارەکان ماوەی بەردەوامبوونی ئەو پێشکەوتنانەیان نەدا و چەندین بنکەی ئاژاوە و کێشەو گرفتی گەورەی بۆ بەجێهێشتن، لە ئاکامەکەشیدا شکستی حوزەیران لە میسر و گرتنی جڵەوی دەسەڵات لە ئێراق لە لایەن بەعسەوە، بووە هۆی زیندەبەچاڵکردنی هەموو ئاوات و خواستەکانی توێژی ناوەندی لە ئێراقدا، کە بە کردەوە دوای شۆڕشی 1958 هاتبووە

پێکهاتن و گەشەکردن، ئەویش لەبەرئەوەی جیاکردنەوە و ناسینەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵ لە بەرژەوەندی حزبێکی نەتەوەپەرستی وەکو بەعسدا نەبوو (لەگەڵ ئەوەی کە بانگهێشتی پێچەوانەی ئەوەی دەکرد)، بەڵگەش بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە حزبی بەعس بە درێژایی دەسەڵات گرتنەدەستی هەوڵی توانەوەی هەموو چین و توێژ و دەستە سیاسی و نەتەوەییەکانی تریشی دەدا لە نێو ریزەکانی خۆیدا. چاکترین نمونەش بۆ توێژی ناوەندی لەکۆمەڵگەی ئێراقدا حزبی نیشتمانی دیموکراتی بوو، و لە میسریشدا حزبی وەفد بوو، چونکە هەردوولای هاوکێشەکە لەنێو ئەو حزبانەدا بەدیدەکران، ئەوانیش بورژوای بازرگانی و پیشەسازی لە لایەک و رۆشنبیر و پێشکەوتنخوازەکان لەلایەکی ترەوە. ئەویش کێشەی کۆمەڵگەکانی ناوچەکەیە، کە لەوانەیە سەر مافی گەدە و قاچەکان بخوا و پێشێلبکات و بەکاریانبێنێ، لەکاتێکا کە هەر پێکهاتەیەکی دیالکتیکی بەبێ تێگەیشتنێک لە نێوان ئەندامەکانی بەرهەم نایەتەدی.

لە یاداشتەکانی یەکێ لە دامەزرێنەرانی تەوژمی توێژی ناوەندی لە ئێراقدا، ئەویش مامۆستا کامل چادرچیە، بە ئاشکرا و بەروونی باسی لە چەمکی توێژی ناوەند ناکات، تەنها لە شوێنێک نەبێ کە باس لەوەدەکات کە توێژەکانی لایەنگیریی حزب دەکەن،و چەمکی حزبەکەی وەستاوە لەسەر بیرۆکەی میللی، ئەویش بیرۆکەیەکی رۆشن و ورد نیە لە وەسفکردنی ئەو چین وتوێژانەی کە ریزەکانی حزبی لێپێکدێ، بەڵام هزر و بیری حزب و دەستەی دامەزرێنەرانی لە ساڵی 1945 نوێنەری ئەو توێژە گرنگەیان دەکرد، ئەمەش وای لە ئەندازیار رەفعەت چادرچی کوری کرد، کە سەرلەنوێ یاداشتەکان چاپ بکات، و ئەمجارە زۆر بە ئاشکرا لە

پێشەکیەکە باس لە گرنگی ئەو توێژە بکات لە پێکهاتەی ریزەکانی حزبدا، و هەروەها لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی ئێراقشدا بە حزبەکانی تریەوەش، لەو پێشەکیەدا چەمکی توێژی (چینی) ناوەندی زۆر ناودەبرێ بە روونی و بە ئاشکرایی.

پێکهاتەکانی توێژی نێوەند لە ئێراقدا دەتوانین بلێین کە توێژی ناوەندی ئێراق پێکهاتەکانی خۆی هەیە، کە لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئاینیی و رۆشنبیریی لە هەندێ لە ولاتانی ناوچەکە دەچێ، وەکو میسر و سوریا و لوبنان، بەڵام لەگەڵ هەندێ تایبەتمەندی خۆی، کە لە دوو پێکهاتەی سەرەکی پێکدێ و ئەوانیش.

پێکهێنەری یەکەمی توێژی نێوەندی ئێراقی دیمۆگرافی – سیاسییە:

سەرۆک عەشیرەتەکان و خاوەن زەوی وزارەکان و پاشایەکانی مەمالیک، و گەورە ئەفسەرەکان و سەیدەکانی کە خۆیان بەنەوەی پێغەمبەر دادەنێن، و سەرۆکی مەزهەبە ئاینی و سۆفیگەریی، و گەورە زانایانی ئاینی ئیسلامی سوونە و شیعە و چەلەبیەکان (کە بازرگان بوون)، و پاشماوەکانی خانەوادە تورکەکان و عوسمانیەکان، و ئەوانەی تریش کە پێگە کۆمەڵایەتیە بەرزەکانیان بە دەستەوەبوو، چونکە هەر ئەوان بوون خاوەن زەوی و پلەوپایە و سەرمایەدار و کار و سوپا، لە سەرەتای حوکمی عوسمانیەکان لە عێراقدا تا دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقی لە 1921، و لەو نێوەشدا ئەوەی کە ئینگلیز دایمەزراندبوو لە نێو سالانی 1917–1930، کە یاسای تاپۆیان دارشت، و زەوی و زاریان بەسەر شێخ و سەرۆک هۆز و عەشایرەکان دابەشکرد، و ئەو رەوشەش جێگیرکرا بە دانانی دوو یاسا بۆ ئیدارەکردنی دەوڵەت، یەکێکیان بۆ شارە و ئەوی

تریشیان تایبەت بوو بە عەشایرەکان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەوڵەتی ئێراق لە سەردەمی داگیرکاریی عوسمانی و تا شۆڕشی تەموزی 1958 بە دوو یاسا ئیدارەی دەگێڕدرا و ، یەکێکیان پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ڕێکدەخست لە شار و، ئەوی تریان لە لادێ بەگوێرەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دانیشتوانی لادێکانی باشوور و دانیشتوانە کۆچەرەکانی بیابان، و دوای ئەوەش یاساکان بەسەر دانیشتوانە شیعە ( کە زۆرینەی باشوور پێکدێنن) و سوونەکان (کە زۆرینەی باکوور و ناوەڕاست و رۆژئاوا پێکدێنن) دابەشکرا. لەوانەشە گوتەکەی شا فەیسەڵی یەکەم " باج و مردن لەسەر شیعەیە و دەسەلاتیش لە دەست سونە" ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کۆمەڵگەی ئێراقی بوو لە سەردەمی سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە. ئەو دەستە و گروپانە لە دوای دامەزراندنی شانشینی لە ئێراق ناوەڕۆکێکی پتەوی سیاسەتی عێراقیان پێکهێنا بەدرێژایی زیاتر لە سی ساڵ تاوەکو هەڵگیرسانی شۆڕشی تەموزی 1958، دوای گرتنەدەستی دەسەلات لەلایەن بەعسەوە ئەو توێژە فراوانتربوو، حزبی بەعسیش دوای ئەوەی ئەو هەموو دژەیەکانەی کۆمەڵگەی ئێراقی بەدیکردبوو، خۆی نەناساند وەکو حزبێکی چینایەتی یان تایبەت بەتوێژێکەوە، بەڵکو خۆی وەکو حزبێک ناساند کە بۆ هەموو میللەتانی ئێراق، یان بە واتایەکی تر بۆ هەموو میللەتی عەرەب، لەسەر بنەمای فیکری ( کە هەموو ئێراقیەکان بەعسین ئەگەر لەنێو ریزەکانی ڕێکخستنی بەعسیشدا نەبن) بەعس هەڵسا بە بەعسکردنی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی ئێراقی. بەمەش چەمکی چین و توێژەکان هەر وونبوو، و حزبی بەعس چینی کرێکاریشی هەر لە فەرهەنگی سیاسی خۆیەوە رەشکردەوە، و کرێکاریشی بە

کارمەند و فەرمانبەر ناساند، تا وایلێهات خەڵکی شەرم لە ناوی کرێکار بکاتەوە.

پێکهێنەری دووەمی توێژی نێوەندی ئێراقی یاسایی - دەستورییە:

بوونی دەوڵەتێکی دەستووری کە بە پێی یاسایەکی دەستووری ساڵی 1925 دانراوە، ئەو یاسایەش حوکمی ئەو کۆمەڵگەیە نوێیەی دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە سەرکردەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەر لە ژێر باری زاڵبوونی یاسای عوسمانی مابوونەوە، بۆیە سەرکردایەتی دەوڵەت راسپێردرا بە دەستەیەک کە بەشێک بوو لەو پێکهاتە رۆشنبیریی و سیاسیە کۆن و نوێیە، لە سەرووی هەمووشیانەوە نوری سەعید و یاسین هاشمی و جەمیل مەدفەعی و جەعفەر عەسکەری (کە لە توێژی شەریفەکانی حیجاز بوون) و فەهمی مودەریس و عەبدولموحسین سەعدون و ناجی سوەیدی و ساسون حەسقیل (کە لە بنیاتی کۆمەڵگەی ئێراقی بوون)، سەرەڕای ئەوەی کە شا لە بنەماڵەی هاشمی (حجازی) بوو و حوکمیش نوێ بوو، ئەمەش بە شاراوەیی ئەوە دەگەیەنێ کە چەمکەکانی وەکو کۆمەڵگەی مەدەنی و دەوڵەت و دەستوور و گفتوگۆ و ئۆپۆزسیۆن و فرەیی و چەندین چەمکی تر، هێشتا پێنەگەیشتبوو سەرەڕای دانپیانانی دەستوور و قبوڵکردنی ئەو جۆرە مافانە، کە پاڵپشت دەکران لەلایەن ئینگلیزەوە، بەڵام سیاسەتی ئابوری و دەسەڵاتی ئینگلیز ئەوکاتی دژەیەک دەوەستان لەگەڵ لۆجیکی کۆمەڵگەی مەدەنی و مافەکانی هاوڵاتی، بەڵام ئەو کاتی هاوڵاتیان نەیاندەزانی کە دەستوور مافەکانیانی بۆ دەستەبەرکردوون، چونکە سیاسەتی گشتی کە دەسەڵاتی ئینگلیز و سیاسەتمەدارانی ئێراقی نوێنەرایەتیان دەکرد، دەسەڵاتی حوکمڕانیان دابەشکردبوو بۆ زیاتر لە سی

ساڵ و چەمکی مافەکانیشیان هەر پشتگوێ خستبوو. لەو باروودۆخەدا چەندین دەستە وتوێژی ئابوری پەیدابوون و ناسنامەی فەرمانبەران و رۆشنبیران هاتەکایەوە و چەندین ئەڵقەی سیاسی و رۆشنبیریی بچوکیش پەیدابوون و هەروەها بە بوژانەوەی رۆژنامەگەریی و مۆڵەتی دامەزراندنی حزب و دامەزراندنی ئەنجومەنی نوێنەران، ئێستا لەوانەیە بتوانین ناوبینێین ئاماژەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێ، لەهەمانکاتدا و لە هەمان باروودۆخدا سیماکانی توێژی ناوەندی کۆمەڵگەی ئێراقی بەدیارکەوت، بەڵام بەبێ بەرنامە و پەیڕەو و دیدێکی رۆشن و دیار. رەفعەت جادرچی (کوڕی کامل جادرچی) لە یاداشتەکانی باوکیدا دەڵێ: رێژەی خوێندەواران لە نێو توێژی ناوەندیدا بە شێوەیەکی گشتی، کە بچوک و بەرتەسکبوون، درکیان بەو گۆڕانکارییە گەورانەی کەبەسەر دەوڵەت دەهات نەدەکرد، بۆیە رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەری لە بواری سیاسی و زۆربەی حاڵەتەکانی تری گۆڕانکاریەکاندا نەبوو و هەروەها لەپلەوپایەکانیشدا، و هیچ گۆڕانکارییەکی ریشەییش بەسەر ئاستی رۆشنبیریشیدا نەهات، بۆیە ئەو توێژە لە دەرەوەی دەسەڵات مایەوە هەروەکو جاران و لە ژێر رکێفی دەسەڵاتی عەسکەرتاریی کە حاکمەکەی خەڵکی وڵات نەبوو (لە حیجازەوە هێنرابوو)، و پێشتریش لە لایەن عوسمانیەکانەوە .تەنانەت چەند ماوەیەکی پچڕپچڕ نەبێ ( بە گوێرەی یاداشتەکانی کامل چادرچیەوە). جیاوازی پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی حزبە ئێراقیەکان.

کامل چادرچی جیاوازی حزبەکەی خۆی لەگەڵ حزبە سەرەکیەکانی تری ئێراق لە سی ساڵەی سەرەتاکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقەوە 1921 - 1954 لە رووی تێگەیشتنیان بۆ چەمکی ئۆپۆزسیۆن لە رووی تیۆری و

پراکتیکەوە خستۆتەڕوو، ئەویش کە حزبی نیشتیمانی دیموکراتی بەرهەڵستی گەندەڵی دەکرد لەنێو دەزگاکانی حکوومەتدا، بە واتای بەرهەڵستکاریی ڕێکخراوێک لە نێو دەوڵەتدا نەک لەدەرەوەی، ئامانجیشی چاکسازیی و ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوە چەوتەکانە بە گوێرەی یاسا و مافە دەستووریەکان، نەک ڕووخاندنی حکوومەت و گۆڕینی شێوازی حوکم لە دەوڵەتدا، ئەو هەڵوێستەش جیاوازیەکی ناوەڕۆکی هەیە لەگەڵ حزبە شۆڕشگێڕ و نەتەوەییەکان، وەکو حزبی شیوعی و بەعس و سەربازەکان و حزبە کوردیەکان. حزبی شیوعی داوای دامەزراندنی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکرد، وەکو سەندیکا و ڕێکخراوی سیاسی و بەدەستهێنانی مافەکانی خۆپیشاندان و مانگرتن و بەرگریی و تا گۆڕینی شێوازی حوکم و دەسەڵات لە ڕێگەی شۆڕشەوە، و حزبی بەعسیش هەوڵی گۆڕینی دەسەڵات و گرتنەدەستی دەسەڵاتی دەدا لە ڕێگەی کودەتای سەربازیی و تیرۆرکردنی دەسەڵاتداران.

و حزبە شیعە مەزهەبەکانیش تەنانەت دامەزراندنیشی ڕەتدەکردەوە لە دامودەزگاکانی حکومەت، بە بیانووی ئەوەی حکومەتێکی ستەمکارە و باوەڕی بە مەزهەبی شیعە نیە. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەموو شێوازەکانی بەرهەڵستکاریی لە هزر و بنیاتی توێژی ناوەندی سەرهەڵدەدا، تەنانەت بەشێکی تایبەت نەبێ بە حزبی شیوعی ئێراقیەوە کە مارکسیەتی پەیڕەودەکرد، و پەیڕەوی گۆڕین لە ڕێگەی شۆڕشەوە گرتبووەبەر و ڕۆڵێکی زۆر گەورەشی بەخشیبوو بە چینی کرێکار، کە لە بنەڕەتدا چینی کرێکاران بەشێکە لە توێژی ناوەندی کۆمەڵگە و لەدوای هاتنەکایەی پیشەسازیە سەرەکی و مەزنەکان لە ئێراقدا ئەو چینە گۆڕانکاریەکی

ریشەیی و مەزنی بەسەرداهات، وەکو پیشەسازی نەوت و بەنداوەکان و هێلی شەمەندەفەر و جگەرە و کبریت و داودەرمان و خواردنەوەکان.

لەبەرئەوەی هەندێ لە سەرکردەکانی حزبی نیشتمانی دیموکراتی لە چینی بۆرژوا و بازرگانان بوون، وەکو محەمەد حەدید و حوسێن جەمیل و ئەوانی تر، ئەوانە هیچ لەیەکچوونێک هەبێ لەنێوان حزبەکەیان و حزبی شیوعی و هەروەها حزبی بەعسیش، سەرەڕای ئەوەی کە کەسانێکی نیشتمانپەروەریش بوون، خۆیان و حزبەکەیان بە بەشێک لە کۆمەڵگەی ئێراقی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەژمارد، بەڵام حزبی بەعس پشتی بە دەستەوگروپە سەربازیەکان دەبەست، کە لەدێرزەمانەوە لەنێو باوەشی دەوڵەتی عوسمانی و دوای ئەویش ئینگلیزی و دوای ئەویش ئوروستوکراتی عەرەبی گەشەیکردبوو و دامەزرابوو، چونکە بەعس پێیوابوو کەلوپەلی گۆڕان بەدەست سەربازەکانەوەیە و ئەوان خاوەن هێزن، بۆیە بەعس لە ڕێگەی سیاسەتی کودەتای سەربازیی و تیرۆرکردنی نەیارانی خۆی و باوەڕنەکردنی بە بنەمای گفتوگۆ، دەیویست بگاتە دەسەڵات، لە دیدی تەسکی نەتەوەپەرستی خۆی بۆ بنیاتی کۆمەڵگەیەکی فرەنەتەوە. هەروەها حزبە کوردیەکانیش کە لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی و دیموکراتی دامەزرابوون، لە روانگەی بەرگریکردن لەنەتەوەکەی خۆیان کە نەتەوەیەکی جیان لە نەتەوەی عەرەبی بالادەست لە ئێراق و ناوچەکەدا، بنکە فراوانەکەی ئەوانیش هەر لە توێژی ناوەندی پێکهاتبوو کە بە داینەمۆ و بزوێنەری کۆمەڵگەی کوردەواری دادەنرێن، ئنجا هی ئێراقیش، تا ئەو رادەیەی کە ئەو بەرگریکردنە گەیشتە ئاستی پێکهێنانی هێزی چەکداریی بەناوی پێشمەرگە.

رۆڵی هۆز و عەشیرەت و حزبە سیاسیەکان لە کۆمەڵگەی

ئێراقی  تاوەکو ئێستاش چەمکەکانی هۆز و عەشیرەت و تایفە و ئاین دەستبەسەراگری بنەماکانی دەوڵەتی نوێی ئێراقیە، و رەگ و ریشەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ساڵانی داگیرکاریی ئێراق لەلایەن ئینگلیزەوە لە ساڵانی 1917 تاوەکو ,1930 ئینگلیز رۆڵێکی باڵای بینی لە بەهێزکردن و فراوانکردنی باڵادەستی عەشیرەت و عەشیرەتگەریی و بەزۆریی لەگەڵ سەرۆک هۆز و عەشیرەتەکان مامەڵەی دەکرد و پێیوابوو ئەوە ساناترە لە مامەڵەکردن لەگەڵ تەواوی گەلانی ئێراق، هەروەک ئێستاش دوای روخانی رژێمی سەدام هەوڵی ژیانەوەی ئەو عەشیرەت و هۆزانەیاندا لە باشور و ناوەڕاستی ئێراق و یارمەتی دارایی و سیاسیان دەدەن، و کۆڕ و کۆنگرەشیان بۆ دەبەستن، بۆ برەوبردن بە رۆڵی عەشیرەتەکان و سەرۆک عەشیرەتەکان لە پاڵ حزبە سیاسیەکان و توێژ و چینەکانی کۆمەڵگای ئێراقی، و یەکەم سەرۆک کۆماری کاتیش کە بۆ ئێراق دەستنیشانکرا کەسایەتیەکی عەشایری بوو نەک کەسایەتیەکی سیاسی.
هەروەک چۆن بڵێی هیچ پەندێکیان لە هەڵەکانی سەدەی رابردوو وەرنەگرتبێ، ئەو هەڵانەی کە رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لە تەگەرەخستنە بەر پێشخستنی کۆمەڵگەی ئێراقی بەگشتی بۆ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و پێشخستنی توێژی ناوەند بە شێوەیەکی تایبەت. لە دوای ساڵی 1930 ساڵی پەیماننامە و پێکهاتنەکان و رێنیسانسی سیاسی، بەهۆی کاریگەریی رۆشنبیریی و بریارەکانی مس بێڵ و حاکمی عەسکەری ئەوکاتی مستەر کۆکس، بوونە هۆی دامەزراندنی جۆرێک لە جۆرەکانی چەمکی کۆمەڵگەی مەدەنی، کاتێ کە پەرلەمانیان دامەزراند و یاساکانی هەڵبژاردنیان دارشت، ئەمەش بە گواستنەوەیەکی گرنگ دەژمێردرێ لە سیەکانی سەدەی رابردوو، وای لە زۆرێک لە

ئەنتلجێستای ئێراقی کرد کە بیر لە دامەزراندنی حزبی سیاسی نیشتمانی بکەنەوە، وەکو حزبی نیشتمانی دیموکراتی کە لەسەر بناغەکانی کۆمەڵەی ئەهالی دامەزرا، و حزبی شیوعیش لەسەر بناغەکانی کۆمەڵە چەپەکان دامەزرا. دامەزراندنی بازاڕی ئێراقیش کە بەسترایەوە بە بازاڕی جیهانی لە ڕێگەی بازرگانی لەگەڵ بەریتانیا و بەستنەوەی دیناری ئێراقی لەگەڵ ئیستەرلینی، نمونەیەکە لەسەر گەشەسەندنی توێژی ناوەندی و فراوانبوونی، کە ئەمیش بووە هۆی لەدایکبوونی بازرگانی نوێ و سەرمایەداری نوێ و خاوەنی خانوبەرە و زەوی، ئەمانیش زۆربەیان بازرگانی سونە و شیعە و کوردبوون، و دوایش سەرمایەکانیان لە شارە گەورەکانی ئێراق گردبۆوە وەکو بەغدا و بەسرە و موسڵ و هەولێر. حەنا بەتاتۆی نووسەری کتابی(توێژە کۆمەڵایەتیەکان و بزوتنەوە شۆڕشگێڕیەکان لە سەردەمی عوسمانیەوە تاوەکو دامەزرانی کۆماری ئێراقی لە 1958) دەڵێ: توێژ لە بنەڕەتدا بریتیە لە پێکهاتەیەکی ئابووری، سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆتاییدا ئاماژە بۆ پایەی کۆمەلایەتی ئەو کەس و خێزانانە دەکات کە توێژەکە پێکدەهێنن. هەر لەسەرەتادا بیرۆکەی توێژ پێویستی بە بوونی هزر و بیری (نایەکسانی) هەیە، بۆیە دەبێ دان بە بوونی توێژێکی تر یان چەند توێژێکی تر دەنێ، و بوونی توێژێکی تری سەرەکی و یان چەند توێژێکی تر، بە دانانی ئەوەی کە (نایەکسانی) لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێ بە (خاوەنداریەتی) کە هەمان چەمکە جێمس مادیسۆن و کارل مارکس و ماکس فیبەر باسیانکردووە، خاوەنداریەتی بە هەرەبلاوترین چەمک دادەنرێ لەبوونی توێژ و چینەکان، ئەو بارودۆخە هەرباو و جێگیرەی کە شوێن و جێگەی توێژەکانی پێدیاریدەکرا، ئەو دابەشبوونە جیاواز و وەکویەکنەبووەی خاوەنداریەتی بوو لە نێوان

توێژەکاندا، دوایی بەهۆی گۆڕانکاریی بارودۆخی جیهانی لەناوچەکە هزری سەرمایەداریی جڵەوی گرتەدەست و ئەمەش وایکرد کە توێژی ناوەندی ببێتە هۆێ چاوتێبڕینی هەریەک لە باڵە چەپ و ڕاستەکانی حزبە سیاسیەکانی ناوچەکە، ئەمەش بە ڕوونی بەدەردەکەوێ دوای پەیدابوونی حزبە عەرەبیە نەتەوەیی و ئاینیەکانی وەکو ئیخوانی موسلمین و حزبی بەعس. بۆیە توێژی ناوەندی پێکهاتەیەکی فرەلایەنە، و لە داهاتی ناوەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی ناوەندیدا هاوبەشن، و جۆرەها خەڵکی خاوەن پیشە و داهاتی جیاجیا دەگرێتەخۆی، وەکو بازرگانە بچوکەکان و ئەفسەرانی سوپا و پۆلیس و فەرمانبەران، و هەڵەیەکی گەورەشە ئەگەر هەوڵی جیاکاری بدەین لەنێویاندا، بۆنمونە لە نێوان ئەفسەران و خاوەن پیشە دەستیەکان، چونکە نابێ ئەوە لەبیربکەین کە یەکێتی ڕاستەقینەی توێژ خێزانە نەک تاک و تاکەکانی هەمان خێزان چەندین پیشە و داهاتی جیاجیایان هەیە. بۆ مانەوەی توێژی نێوەند . بۆ مانەوەی و گەشەکردنی توێژی ناوەندی و پاراستنی لە فەوتان و توانەوەی لەنێو قاوغی توێژی هەژاران و بێدەرامەتان، پێش هەموو شتێ پێویستی بە زیادکردنی (بە بەرنامە و بەبەردەوامی) موچە و داهاتی یەکەکانی ئەو توێژە هەیە و ئەنجامدانی گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بەسەر سیستەمی خوێندن و فێرکردن، کە لەگەڵ پێداویستیەکانی بواری کۆمەڵایەتی و ئابوری بگونجێ، و کۆنترۆڵکردنی ئەو لەدەستچوونە بێ بەرنامەیە کە هەیە لە بەفیڕۆدانی توانست و وزەی مرۆیی، و هێنانەکایەی هاوسەنگیەکی پتەو لە بواری نیشتەجێبوون و خانووبەرە، و دروستکردنی خانوو و ئەپارتمان کە نرخەکانیان بگونجێ لەگەڵ داهاتی ئەو توێژە کاریگەر و بەرفراوانە، لە کاتێکا کە ئاشکرایە کە نرخی خانوبەرە

خەیاڵیەکان و داهاتی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە زۆر لەیەکدوورن و ناگونجێن، هەروەها دانانی سنورێک بۆ ئەو بەرەڵلاییەی بازاڕ و کڕین و فرۆشتن، و چاودێریەکی وا دبنرێ کە چاوتێرنەبوونی بازرگانان لە ئاستێک رابگرێ کە هەم قازانجی خۆی بکات و هەمیش تاکەکانی ئەم توێژە و توێژی بێدەرامەتانیش بتوانن لە ئاستێکی ماقوڵی مرۆڤایەتی ژیانیان بەسەربەرن، هەروەها داڕشتنی سیستەمێکی باج وەرگرتنێکی عادیلانە کە تاکەکانی ئەم توێژە شەکەت نەکات، و بەرفراوانکردنی مەودای لێخۆشبوونی باج، لە کاتێکا کە بازرگانە گەورەکان و سەرمایەداران وەکو پێویست ئەو باجەی کەلەسەریانە نایدەنە دەوڵەت، یان بەهەر شێوەیەک بێت خۆیان لێیدەدزنەوە، و دەبێ ئەم مەسەلەیەش چارەسەربکرێ.

# ڕۆڵی چینی ناوەند
# لە ئابووری کوردستاندا

د. خالید حەیدەر

**بەگوێرەی رای مارکس و ڤیبەر(١)چین مانای پێکهاتنی ئابوورییە کە بناغەکەی موڵکایەتی یان نەبوونیەتی، و ڤیبەر چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی دابەش کردۆتە سەرسێ لق یان هێشوو کەبریتین لە ، یەکەم: چینی خاوەن موڵک ، دووەم: چینی بەرهەمهێنەر . سێیەم:چینی کۆمەڵایەتی ،هەریەک لەم چینانە جۆری بەرز و نزم و ناوەندیان هەیە و بەگوێرەی ئەم موڵکانەی هەیانە یان توانایان لەسەر بەرهەمهێنان یان بەدەستهێنانی ئاستێکی دیاری کراو لە فێربوون و کارامەیی لەگەڵ بڕی واناى بەڕێوەبردنی کارە جیاوازەکانی کە داهاتیان هەیە دابەش دەکرێن .**

بەگوێرەی ئەم جۆرانە کۆمەڵگەی ئێراقی بەشێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەتی ( کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەیە )ئەویش دابەشی سەر چینەکانی بەرز ونزم و ناوەند دەبێت وەکو باسمان کرد ، وئەوەی تایبەتە بە بنەمای ئابووری واتا موڵکایەتی یان سنووری داهات کۆمەڵگەی کوردی دابەش دەبێتە سەر چینی خاوەن موڵک یان خاوەن داهاتی بەرز کە چینی بەرزە ، و چینی نەدار یان خاوەن داهاتی سنووردار( نزم)کە لەسەر کاری رۆژانەی ژیان بەسەر دەبات و بەچینی دنیا ناسراوە ، وچینی سێیەم

کە چینی ناوەندە. دوای گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کە ساڵی( 2003 ) بەسەر ئێراق داهات واتا رووخانی رژێمی سەدام چینی ناوەند بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دەرکەت کە پێشتر لە هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردووبە هۆی ئەم جەنگانەی حکومەتی بەغدا لەگەڵ ئێران وکوێت بەرپای کرد وونبوو ، لەبەر ئەوەی داهاتەکانی وڵات لە لایەنی سەربازی خەرج دەکران و بەمەش سوودمەندان لە جەنگ کە خۆیان لە ئەفسەرە گەورەکان و بەرپرسان و بازرگانەکان دەنواند موڵک و داهاتیان لەسەر بەرژەوەندی چینی ناوەند و هەژار زیادی کرد. بەڵام وەکو باسمان کرد گۆڕانی رژێمی سەدام بووە هۆی بووژانەوەی چینی ناوەند، بۆ نموونە ئەم فەرمانبەرەی خانووی هەیە و چەند ساڵێکی باش خزمەتی هەیە بووە بناغەی چینی ناوەند، لەبەر ئەوەی کرێی خانوو نادات و ئەم مووچەیەی وەری دەگرێت بۆ باش کردنی ئاستی ژیانی بەکاری دەهێنێت . بەڵام لە ساڵەکانی دوای ساڵی 2003و دەرکەوتنی روونی تیرۆر لە ناوەڕاستی ئێراق بووە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی کۆچ کردنی دانیشتووانی ئەم ناوچەیە بۆ کوردستان و باشووری وڵات کە بووە هۆی فشار خستنە سەر داهاتەکانی ئەم ناوچانە بەتایبەتی هەرێمی کوردستان کە بارودۆخێکی سیاسی و ئەمنی جێگیری هەیە ،ئەم فشارە کە خۆی لە داواکاری زیاد و گەورە دەنوێنێت بۆتە هۆی بەرزبوونەی بەرچاوی نرخی کاڵاکان و بۆتە هۆی دابەزینی داهاتی راستەقینەی(2 ) تاک ئەمەش بۆتە هۆی پاشەکشێ کردنی رۆڵی چینی ناوبراو لە ئابووریدا، جارێکی تر رۆڵی چینی ناوەند(کە خاوەن داهات و موڵکایەتی وایە رێگەی پێدەدات ژیانێکی ئاسوودە بژیێت وەکو باسمان کرد) ، خۆی لە جووڵە پێکردنی بەشێکی بەرچاوی ئابووری دەنوێنێت مەبەستیش جووڵە پێکردنی لایەنی بەرهەمهێنانە واتا بەرهەمهێنان بۆ پڕکردنەوەی داواکارییەکانی ئەم چینە ،بەڵام لەبەر ئەوەی ئابووری ئێراق بە شێوەیەکی گشتی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنان نیە بەم ئاستەی

بتوانێت داواکارییەکان پڕ بکاتەوە ئەوا داواکارییەکان دەبێتە شتێک لەم دووانەی لای خوارەوە:-

یەکەم: هێنان لەدەرەوە : ئەمەش مانای دەرچوونی دراوی گرانبەهایە بۆ دەرەوەی وڵات .

دووەم: بەرزبوونەوەی نرخەکان : ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی ئابووری زیاتر لەگەڵ سەرهەڵدانی گرفتی کۆمەڵایەتی.
پوختەی وتەکان ئەوەیە ئەم تەنگ پێهەڵچنینەی چینی ناوەند جارێکی تر بەخۆوەی دیووە  بە شێوەیەکی روون رۆڵی لە ئابووری ئێراق سنووردار کردووە و جارێکی دیکەش هەردوو چینەکەی تربەرز و نزمی زەق کردۆتەوە ١. زانایەکی کۆمەڵناسییە

٢. داهاتی راستەقینە: بریتیە لە کۆمەڵێک کالآ و خزمەتگوزاری کە تاک دەتوانێت بەبەکارهێنانی داهاتە نەختینەیەکەی وبەگوێرەی نرخی ئەوسا بیانکرێت.

**وەرگێرانی: رەمزی میرەکانی**

# لە ئێراقی فیدراڵ و هەرێمی کوردستاندا، چینی ناوەند چ ئەرکێکی لەسەرشانە؟

**هەڵکەوت ساڵەیی**

**ئەفلاتوون دەڵێ: دەوڵەمەندی شەڕێکی گەورەیەو هەژاریش لەو گەورەتر، لە کۆمارەکەی مندا ئەم دووانە هیچ بونێکیان نییە وە مامۆستا هەژار شەرەفکەندیش دەڵێ تا بەرزبیتەوە کەوتنت بە ئازارتر دەبێ. بابەتی چینی ناوەند بابەتێکی زۆر گرنگە زۆر باس و لق و پۆپی لێ دەبێتەوە پێویست دەکات بچینە ناو هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وە توانای زیرەکی مرۆڤ و رادەی ئارام گرتن و رەوشت بەرزی و هەڵنەخلیسکانە لە پەیژەکانی سەرکەوتن بەرامبەر تەماح و ماڵی دونیا بە شێوەیەکی ناڕەوا.**

وە دەبێ چاوێ بخشێنین بە سیستەم و بیردۆزە سیاسییەکانی سۆشیالیستی و سەرمایەداری .. کە زۆر هەوڵی بۆ درا بۆ چارەسەرکردن بەڵام ئەم بارە نە گۆڕاو هەر مایەوە.. لە ناوەند نە ژیان نە مردن نەشرینی و نە تاڵی نە زۆر بەرزو نە زۆر نزم نە زۆر سەرکەوتوو نە زۆر شکست. لە کۆمەڵگای کوردەواری چینی ناوەند لە هەموو چینەکانی تر پاڵەپەستۆی لە سەرە، بەرەو لە ناوچوون و پووکانەوە دەچێت. بۆ نموونە خاوەن

بڕوانامەی ناوەند وەک دەرچووی شەشی ئامادەیی یان دەرچووی ئامۆژگاکان کە بڕوانامەی دبلۆم وەردەگرن ئەوانیش چینی ناوەندن لە نێوان دکتۆراو سەرەتایی یان پلە سەربازییەکانی سوپا کە دەکەونە نێوان پلەی ئەفسەرە بەرزەکان چ هێزی ئاسمانی یا دەریا و وشکانی لە بەرامبەر پلەی سەربازو هەندێ بەرزتر... ئەرکیان زۆرگرانە و بارە قورسەکە لە سەرشانی ئەوانە!!! بە هەمان شت فەرمانبەر لە نێوان پلەی بەرزی وەک بەڕێوەبەرو بەڕێوەبەرە گشتییەکان وە ئەوانەی پلەی نزمن یان تازە دامەزراون لە دامودەزگاکانی حکوومەت..
دەبینی ژیانێکی سەخت و پڕ لە مەینەتی دەبەنە سەر هەر لە گیروگرفتی هەر لە نیشتەجێ بوون و هەتا گرانی نرخ بۆ خۆیی و منداڵەکانی ئەگەر مووچەکەی دابەشی سێ رۆژ بکات رەنگە هەر لە نیوەی مانگ بە دەست بە تاڵی و گیرفان بە تاڵی بمێنێتەوە بە هەمان شێوە پلە سەربازییەکان و شۆڕشگێڕەکان.
دەبینین گیانی خۆ بەخت کردن و فیداکاری لە پێناو ئامانجەکان هەمیشە ئەو چینەیە کە خۆی بە خاوەن کێشەکە دەزانێ و ئامادەیە خۆی بەخت بکات بە گیانی و ئەو کەمەماڵەی کە هەیەتی!!! هەر لە رووی بازرگانییەوە دەبینین خاوەن دوکانە بچووکەکان دەکەونە ژێر فشاری بازرگانە گەورەکان لە بارەی نرخ و هەبوون و نەبوونی بازاڕ. هەروەها جوتیارو کرێکار کە زۆرجار رەنجیان دەبێتە قوربانی و یەکێکی تر بە ئاسانی دەیخوات و ئەمانیش هەناسە ساردو رەنجەڕۆ!! لێرەدا دەڵێین بەرزبوونەوەی پلەی مرۆڤ لە کۆمەڵگاکەی خۆی لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاینی و فەرهەنگی بە شێوەیەکی راست و رەوان لەسەر بناغەی راستی و دڵسۆزی جێگای شانازییە.. بەڵام بەرزبوونەوەی پلەی مرۆڤ بە شێوەیەکی مشەخۆری لەسەر رەنج و کۆششی خەڵکانی تر بە

شێوەیەکی نا دروست مایەی شەرمەزاری و شکستی دەروونییە کە ڕێگا خۆش کەرە بۆ شکستی ئەخلاقی و مرۆیی لە ناو کۆمەڵگادا.. بۆیە چینی ناوەند لەم ڕۆژگاری عەولەمەو خێرا خۆ دروست کردنەی ئەمڕۆ لە بەربەرەکانێ و زیاد خۆ خۆشویستن و خۆپەرستی کارێکی نەگەتیڤانەی دەبێ بێ بەرامبەر پێشکەوتن و دادوەری و مافی مرۆڤ وە لەبەر ئەوەی ڕاپەڕاندنی ئیش و کاری دەوڵەت بەندە لەسەر هەوڵ و ماندوبوونی بیرو بازوو ڕەنجی ئەم چینە بۆیە لە سەر حکوومەتی ئێراقی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستانە ئاوڕێکی بە پەلەو جدی بداتەوە لەم چینە خۆڕاگرە.. وە هەوڵی دابین کردنی ژیانێکی ئاسودەو بە ختیاریان بۆ بدات وە ڕزگاریان بکات لە فەوتان و نەمانی یەکجارەکی.

# ئایا چینی ناوەند لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا هەیە

## «وەک لایەنی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی»؟

**هێمن مەجید**

**سەرهەڵدان و پێناسە: بەپێی زۆرێک لە سەرچاوە مێژوویییەکانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو چەمکە، واتە«چینی ناوەند یان گرووپ و توێژەکانی ناوەند»، بەشێوەیەکی پراکتیکی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی جیاوازی، لەنێوان«داهات»ی تاکەکانی کۆمەڵدا و بەردەوامیش لە پرۆسەی نوێبوونەوەدا بووە و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا، فۆرم و ناوەڕۆکێکی تایبەت بەو قۆناغە دیاریکراوەی لەخۆگرتووە.**

ئەم چینە یان ئەم توێژو گرووپانە، لە مێژووی دوورو درێژی خۆیاندا، بەتایبەتیش لە وڵاتانی ئەوروپا، رۆڵێکی یەکجار پڕ بایەخ و بەهاداریان لەسەرتاسەری کایە«ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسەت و کلتوور و رۆشنبیریی»یەکانی کۆمەڵدا هەبووە و گۆڕانکاری و وەرچەرخانی مێژوویی گەورەیان بەرهەمهێناوە و بۆتە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی سەرهەڵدانی رەهەندە هزر«فکر»یە جۆراوجۆرەکانی ژیان و ئەو هێزانەش کە پێیەوە

پابەند دەبن، وەک«نەتەوەخوازی و لیبرالیزم و سۆشیالیزم و ئیسلامی و مەسیحی و ...تاد»و لێرەشەوە، دەگەینە ئەوەی کە بۆچی بەردەوام لە پانتایی هەڵوێست و هەڵسوکەوتە ناکۆکەکاندا دەژین، لە سەرجەمی کایە«کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و سیاسی»یەکاندا، واتە دەگەینە ئەوەی سروشتی پێکهاتەکەیان کە پێکهاتەیەکی هەمەرەنگە، سەرچاوەی ناکۆکی و جیاوازیەکانیانە و هەر لێرەشەوەیە کە زۆرێک لە بیرمەندانی ئەو بوارە، لە پانتایی«چین»ێکدا نایانبینن و بە«گرووپەکانی ناوەند»ناویان دەبەن. کەواتە، دەکرێ بووترێ«چینی ناوەند، یان گرووپەکانی ناوەند»، ئەو توێژو گرووپە کۆمەڵایەتیانەن کە دەکەونە نێوان سنوورەکانی ئامرازدارانی بەرهەمهێنان«دەوڵەمەندان»لە لایەک و هێزدارانی کار«هەژاران»لەلایەکی دیکەوە، بەرژەوەندییەکانیان هەمەلایەن و رەنگاورەنگە و چەندین ئایدۆلۆژیا و رەهەندی سیاسییانەی ناجێگیر لەخۆ دەگرێ کە بەردەوام و بەپێی بارودۆخە تایبەتی و گشتیەکانی کۆمەڵ، دەگۆڕێن و جێگۆڕکەیان پێدەکرێ».

«مۆرۆبیرجر»دەڵێ:(ئەم چینە لە دوو گرووپی بنچینەیی پێکدێ کە بریتین لە«بازرگانەکان، کارگەدارانی بچووک و ئەوانەش کە کاریان بۆ دەکەن و هێز و داهاتیشیان کۆسپە لەبەردەم بالابوونی ئابووری و سیاسیانەیاندا)لەلایەک و لەلایەکی دیکەشەوە«پزیشک و پارێزەر، ئەندازیار، بەرێوەبەر، تەکنیککار، رۆشنبیر، هونەرمەند، ئەدیب و نووسەر، توێژەری زانست»ەکان. (حەنا بەتاتۆ)ش کە توێژەرێکی ناسراوە، سەبارەت بەو ناوەندە گرووپانە دەڵێ:«ئەو گرووپانەن کە سروشتێکی ئاوێتەو دوولایەنەیان هەیە و ئەرکەکانیشیان جۆراوجۆرە و دەکەونە نێوان«دارا و نەدارا»کانەوە و توخم و گرووپەکانیشی بریتین لە«ئەفسەرانی سوپا فەرمانبەران،

پیشەوەرانی ئازاد، بازرگان و زەویدارانی ناوەند». لێرەشەوە، واتە لە پانتایی خوێندنەوەی ئەو پێناسانە و چەندین پێناسەی دیکەی ئەو چەمکەدا، واتە چەمکی«چینی ناوەند یان گرووپەکانی ناوەند»، دەگەینە ئەوەی کە:ئەو چینە بریتییە لە چەندین توێژو گرووپی جیاواز، لە پانتایی کایە ئابووری و کۆمەڵایەتی و بنچینە مێژووییەکانیاندا، و«بازرگان و جوتیارانی ناوەند، پیشەوەرانی ئازاد، زۆربەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و سەربازانی سوپا»لەخۆ دەگرێ و لە ناویشیاندا بیرۆکراسیەکان و خاوەن پلەوپایە بالاکانی دەوڵەت، جێیان نابێتەوە.

**فاکتێکی تاڵ**

بە گەڕانەوەمان بۆ ڕێڕەوە پراکتیکەکەی مێژووی گەلی کوردستان، دەبینین کە بە هەمان شێوەی گەلانی دیکەی ئەم ناوچەیە، واتە«خۆرهەلات و هاوشێوەکانی»، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا، واتە«کشتوکاڵ»، مێژووەکەی دەوەستێ و هێدی هێدی«گەشە پرۆسە»کانیشی دەبنە«سەراب». بە مانایەکی دیکە، ئێمەش وەکو هاوشێوەکانمان، توانای بەرپاکردنی«شۆڕشی پیشەسازی»مان نابێ و هەر لە پانتاییەکانی قۆناغی کشتوکاڵدا دەخولێینەوە، کە ئەوەش بۆخۆی جگە لە راگەیاندنی مەرگی«تایبەتە مێژوو»ی خۆمان بەولاوە، هیچی دیکەی لێناکەوێتەوە. بەرجەستەبوونی چارەنووسێکی مەرگهێنی وا، لەخۆڕا نییە و چەندین هۆکاری کاریگەری لە پشتەوەیە و گرنگترینیشیان لەم دوو خاڵەدا چڕ دەبێتەوە:

* سەرهەڵدان و زاڵبوونی بیروباوەڕو ئایدیای مەرگدۆست و کلتووره نیکرۆفیلیستەکان لەو ناوچانەدا و لەوێشەوە، لاوازبوون و ناکارابوونی هۆکارە ناوەکییەکانی گەشەکردن.

* گەشەی بێهاوتای گەل و وڵاتانی ئۆروپا، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن و لەوێشەوە، کشانیان بۆ ئەم ناوچانەی ئێمە و هاوشێوەکانمان، بە سەرجەم دەرهاویشتە کاریگەرەکانی ئەو«گەشە پرۆسە»یەوە کە بە هیچ شێوازێک بەرپێنەگیراوە و پێشی ناگیرێ. راستیەکەی نامەوێ لەوە فراوانتر بە قوڵاییەکانی ئەو بابەتە گرنگەدا بچم و کاتێکی فراوانیشی دەوێ و لەمەوبەریش چەند جارێک لێرە و لەوێ لە چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانیەکاندا، ئاماژەم پێکردووە. ئەگەرچی بەردەوامیش پێموایە، بەبێ گەڕانەوەی بەردەوام بۆ ئەو«فاکتە تاڵە»و کاریگەرێتی دەرهاویشتە جۆراوجۆرەکانی، لەڕێی وەلاخستنی ئەو«عاتیفە»ی بێ مانا و ماڵرمێنەی کە لە سەرتاسەری بوونی خۆماندا، پێی گۆشکراوین و لەشکستیش بەولاوە هیچی دیکەی پێنە بەخشیوین، ستەمە توانای شیکردنەوە و تێگەیشتنی دیاردە و رووداوەکانمان هەبێ، لە پانتایی رێڕەوە بەردەوامەکانی خۆیدا و لەوێشەوە بەبەردەوامی پرسەکانمان بێ وەڵام دەمێننەوە.

هەر چۆنێ بێ، بە گەیشتنمان بەو فاکتە تاڵە، ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە پاش شکستهێنانی«تایبەتە مێژوو»ی کوردەواری و هاوشێوەکانی وەک«عەرەب و فارس و تورک و ....تاد»و چۆکدادانی لە بەردەم«گشتە مێژوو»ی گەشەی مرۆڤایەتییدا، لە پانتایی ململانێیەکی توندوتیژو خوێناوی بێ وێنەدا، کوردەواریش وەک هاوشێوەکانی، دەکەوێتە بارودۆخێکی«نوێ»وە و سەرلەنوێ پێکهاتەکەی لەسەر بنەمای دابەشبوونەکانی ئەو«گشتە مێژوو»ە دادەڕێژرێتەوە و بە وێنەیەکی نوێی«نامۆ»بەخۆیەوە نمایش دەبێ. لەوێشەوە، واتە لەو وەرچەرخانە مێژووییە کەم وێنەیەوە، بەسەر سێ پێکهاتەی نوێدا دابەش دەبێ کە هیچیان پێگەیەکی رەسەن و خۆماڵیان

نییە لە بنچینەدا. ئەو سێ پێکهاتەیەش بریتین لە«باڵا چین، ناوەندە چین«ناوەندە توێژەکان» ، نزمە چین» . بەوەش دەگەینە ئەوەی کە سەرهەڵدان و پێکهاتنی چینی ناوەندی ئەم سەردەمەی کوردەواری، کە بیەوێت و نەیەوێت سەردەمی سەرمایەداری جیهانییە و ئەویش بەشێکە لێی، دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەیەکی سەرەکی کە«هۆکارە دەرەکییەکان»ە، واتە کشانی وڵاتانی پێشکەوتووی ئۆروپا و ئەمەریکا بۆ ناوی و لەخۆگرتنی، و سەرچاوەیەکی لاوەکیش کە«هۆکارە ناوەکییەکان»ن، واتە پاشماوەی ئەو پێکهاتە شکستخواردووەی دوێنێی خودی کوردەواری.

## دەرهاویشتەکانی ئەم چەند دێرە

بە ئاوێتەبوونێکی شیکارئامێز، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا وتوومانە، دەکرێ کۆی سەرنج و بۆچوونەکانی هەناوی، کە لەخۆیدا وەڵامی ئەو پرسانەی بەڕێزتانە، لەم چەند خاڵەدا بەرجەستە بکرێ کە بریتین لە:

* چینی ناوەندی کوردەواری، چینێکی خوازراوی دەرەوەی خۆیەتی و هۆکارو کارلێکە ناوەکییەکانی خۆی بەرهەمی نەهێناوە و هەر ئەوەشە کە لە سەرتاسەری مێژووی ئەو چینەدا، نەیهێشتووە گۆڕانکاری گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی بەرجەستە بکات و تەنانەت توانای تۆمارکردنی تاکە ئەفسانەیەتی گەورەی نەبووە بۆخۆی، تا لە یادەوەریماندا بە زیندوویی بمێنێتەوە. و ئەوەش کە لێرەو لەوێ روویداوە، واتە ئەو چەند چالاکی و بزاوتانەی کە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات و سەرمانی پێوە قاڵکردووە، هێندە کاریگەر نەبوون و شایستەی پیاهەڵدان نین.

* هەر لەروانگەی خاڵی یەکەمەوە، دەگەینە ئەوەی کە ئەوچینە

سەپێنراوە(دیارە بەدیووە پۆزەتیڤەکەیدا)، هیچ پێگەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبوو لە دوێنێی کوردەواریدا، بەڵام لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کات و گۆڕانکاری و کارلێکەکاندا، هێدی هێدی ئەو پێگەیانەی وەدەستهێناوە، ئەگەرچی هەتائێستاش لە(نزمەپلە)ی خۆیدایە!!

* وەکو لە خاڵەکانی پێشوودا، ئاماژەپێکرا کە چینی ناوەندی کوردەواری، چینێکی کارا نەبوو لە مێژووی خۆیدا و لەئاستی بەرپرسێتی رووداو و بەسەرهاتەکاندا نەبووە، ئەوەش لەبەرئەوەی هەر لە بنچینەدا چینێکی نارەسەن بووە، وەک چینەکانی دیکەی وەک(کرێکاران و سەرمایەداران)، لەبەر ئەوەش هەر وەکو و ئاماژەمان پێکرد کاریگەرێتیەکی گەورەی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵی کوردستان هەبێ. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئێستای ئەو چینە وەکو و دوێنێ نیە و کەوتۆتە بارودۆخێکی دیکەوە کە هەرگیز لەژیانی کوردەواریدا وێنەی نەبووە، بەتایبەتیش دوای راچەنینە مەزنەکەی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو. لێرەشەوە دەکرێ و رەنگە هەندێک سیماو رەنگ و بۆنیشی دەرکەوتبێ، کە رۆڵی کاریگەر و کارای لە پرۆسەی دارشتنەوەی ئێستا و پاشەرۆژی گەلی کوردستاندا هەبێ و دواجار هیواداریین کە ئەوچینەش وەک چینەکانی کۆمەڵانی پێشکەوتووی جیهان ، بتوانێ و لە هەوڵی ئەوەدابێ، کە سەروەریەکی ئەفسانە ئامێز بۆخۆی تۆماربکات و ناوی خۆی بە لاپەرە پرشنگدارەکانی مێژوو بسپێرێ.

# کارتێکرنا تەخا ناڤەراست ل سەر جڤاکێ

**جگەرسۆز پێندرۆیی**

**هەلبەت لدیڤ ئەو پیڤەرێن ئابووری ئەوێن جڤاک پێ هاتینە پێناسەکردن، ئەم دکارین هەر جڤاکەکێ بۆ سەر سێ تەخێن شەنگستی پارڤە بکەین تەخا دەولەمەند تەخا ناڤەراست تەخا بە لە نگاز. یا خۆیایە پرانیا جڤاکێن جیهانێ ژڤان سێ تەخان پێکرهێن لێ رێژاوان ل وەلاتەکی بۆ وەلاتەکێ دی دهێتە گوهڕین. ئەو جڤاکێن پرانیاوان ژ زەنگین و دەولەمەندان پێکهاتبێت ژ ئالێ ئابووریڤە دکارین ب جڤاکێن نموونەیی و هەری باش لڤە لەم بدەین، نەخاسم ئەگەر پرانیا ئەندامێن وێ جڤاکێ د ئاستەکێ بلندێ خۆشگوزەرانیێدا ببورێن و داهاتێ کەتی فردی یێ وانێ سالانە دوی ئاستێ ستاندارت دابیت ئەوێ پسپۆرێن ئابووریناس ژێرا دەستیشا نکرین.**

لێ ئەو جڤاکێن تەخا ناڤەراست پرانیاوان پێکدئینن، ب جڤاکێن باش دهێاە هژمارتن ژ ئالێ ئابووریڤەو ئەڤ جڤاکە ب پێکۆلێن رژدو خۆرتێن خۆ دکارن گاڤێن فەروفر پاڤێژن بەرەڤ سەرمایەدارچوونێ و ڕۆلەکێ کاراو ئەکتیڤ بگێڕن د چاکسازیێن ئابووری  و سیاسی و جڤاکیدا و دکارن بناغەکێ تاقەت و موکم بۆ ئابووریەکێ بۆش دابڕێژن. لێ ئەو جڤاکێن

پتر یاوان دبن هێلا به له نگازی و هەژارێیدا دژین، ز بلی وێ چەندێ کو ب جڤاکێن پاشکەفتی و شەپرزەو قەردار دهێنە ناڤبرن، هەلگرێن میکرۆب و ڤایرۆسا چەندین نەساخێن کو ژەکێن ئابووری و سیاسی و جڤاکی و زانستی ژی نەوڤان دەردێن ژەهراوی کە لە خێ وان جڤاکان هەلوەراندینە و ڕزاندینە، ژ بەر کو ئەو گەلێن ژ ئالێ ئابووریڤە نە کارن وەرارێ و گولڤەدانێ بکەن، ژ ئالێن دیڤە ژی نکارن رۆڵی خۆ یێ هەژی و شایستە بگێڕن و نەشێن دناڤ قادا ژیانێدا سیار زیخێن چەلەنگ بن.ناهێتە ماندەلکرن کو تەخا ناڤەراست بۆ هەر جڤاکەکێ ژ گرنگیەکا فرە زۆر بەهرەمەندە، ژ بەر کو پیڤاژوویەکە دناڤبەرا بەلەنگازی و سەرمایە دارییێداو ب نەمانا وێ دێ رەوشەکا نەرنی سەر هەلدەت و دێ جوداهیا تەخی پەیدابیتن ئەگەر ئەڤ چەندە ل سەر حسابا تەخا بەلەنگاز بیتن، ئانکو ژ بەر کاودانەکێ ئالوزو نەئاسایی تەخا ناڤەراست ببیتە پر تەک ژ تەخا بەلەنگازمینا وێ رەوشا نها ل کوردستان بەرچاڤ دکەڤیت. لێ بە رۆڤاژی ئەگەر تەخا ناڤەراست کاری ب شیانێن خۆیێن دراڤێ و کارکرنێ ژێهە لببەت و بگەهنتە ئاستەکێ بەرزتر هنگی دێ کار تێکرنێن ئەرنێ «پۆزەتیڤ» ل سەر تەخایا تەخ و کەرتێن جڤاکێ هێلیت، ژ بەر کو دێ لڤینێ ئێخیتە دناڤ دەمارێن ژیانێدا. ئەگەر ئەم ڤەخویندنەکا ئابووریانە بۆ جڤاکێ نهایێ کوردستانێ بکەین دێ گەهینەوی ئەنجامی کو تەخا بەلەنگاز پڕانیا وان پێکدئینیت، ژ بەر کو دڤان 20 سالێن بوریدا تەخا ناڤەڕاست هینا بەفرا بهارێ دناڤ بۆتکا تەخا بەلەنگازدا بوهوژی، ئانکو ژ بەر ئەو سیاسەتا شۆفینیانەیا رژێما گۆڕ ب گۆڕ دژ بەری گەلێ مەگرتییە بەرو لێهمشتا جینۆسایدکرنێ بکار ئانی، گەلێ هەمژڕویشی ئاریشەو قەتلازیا «قەیران» ئابووری بوو نەکاری درێژ یێ بدەتە

ڤـەژیـنـە ڤـا ئـابووری، ئـەڤـە ژ ئـالـیـەکـی، ژ ئـالـیـەکێ دیـڤـەژی دەستهەلاتا کوردی دژیی دەستهەلاتا خۆدا نەکاری لدی پلان و بەرنامەکێ دارێتی ژێدەرێن ئابووری ل کوردستانێ بۆشبکەت و ڤالاهیا بێکاریی پڕ بکەتەڤەو کۆمەلگەهێن سازکا «صناعی» دابمەزرینیت، سەخمەراتی وەرارو گولڤەدانا ئابووری لەوراژی هەتا نها گەلێ مە ژ ئالێ ئابووریڤە نەشیایە خۆسەر ببیت و ژ تەلی و داڤا وابەستە بوونێ و دیڤەلانکێی خۆ قورتال بکەت و شەنگستەکێ موکم و تاقەت ژ بۆ سەر ژنوی چێکرنەڤا دیوارێ ئاڤاهیێی تەخا ناڤەراست دابرێژین. بێگومان ئەگەر دەلیڤێن کـارکـونێ زێـدەبـبن و ژێـدەرێن ئـابـووری بـەرشـە بـکـەن و دادپەروەریا جڤاکی بهینە لبەر چاڤگرتن و دەرگەهـ ل سەر زێدەگاڤیاو پەوانخازیێ و قورغکرنا ئابووری و گەندەلی و کیفکی بوونێ بهێتە قەپاتکردن، ئەندام و تەخێن جڤاکێ هێدی هێدی دێ بنە پالێن زیخ و دەستپل دناڤ ز بارا باغستانێ دۆزا گەلێ خۆداو دێ کارن ڤەژنەکا هەژی بن پێخامەتی ڤەداندنێ. لەورا فەرە مل ب ملێ هوشیار یا نەتەوی و رەوشەنبیری گازیا بلندا هوشیاریا ئابووری ژی ل تەخایا دەڤەرێن وارێ مەبهێتە راهێلان و خەبات ژێرا بهێتەکرن، ژ بەرکو هەتا مە سەربەستیا ئابووری نەبیت ئەم نکارین سەربەستیا نەتەوەی دەستەبەر بکەین.

# چینی ناوەند و کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی کوردستان

موسا محەمەد- مامۆستای زانکۆی سلێمانی

**کۆمەڵگا لەچینە جۆراو جۆرەکان پێکهاتووە لەپەیوەندی و هاوکاری یەکتردا سیستەمی کۆمەڵایەتی دروست ئەکەن. چینی هەژار چینی دەوڵەمەند و چینی ناوەند بەشەکانی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤی پێک دەهێنن، هەرچەندە گشت چینەکانی کۆمەڵگا لە خۆش گوزەرانی سیستەمێکدا کارتێکەریان هەیە بەڵام چینی ناوەند ئەو کۆمەڵە مرۆڤەیە کە رای گشتی دروست ئەکات ولەرووی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا نە هەژار ونەدەوڵەمەندن وفاکتەری کاریگەری گەشەپێدانی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی هەر وڵاتێکن. چینی ناوەند لەکۆمەڵگای مرۆڤی داو بەپێی کات ومێژووی جیاوازی هەیە بەڵام بەگشتی بریتییە لە .**

## لەرووی سیاسیەوە

زۆربنەی کەسانی ئەم چینە لەریزی پارت و حیزبەکاندا جێ ناگرن و قورسایی ڕای گشتی لەم چینە دایە لە

هەڵبژاردنەکاندا فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ گۆڕینی دەسەڵاتن .ئەم چینە هۆشیاری سیاسی و خوێندنەوەی سیاسی باشیان لەسەرکێشەو بابەتە سیاسییەکان هەیە

## لەرووی ئابوورییەوە

چینی ناوەند داهاتی تاکەکەسی (دخل شخصی) لەدەوڵەمەندان کەمتر و لەچینی هەژار کەمترەو لەوڵاتانی جیهاندا جیاوازە بۆ نمونە داهاتی تاکەکەس لە وڵاتی ئەوروپا نزیکەی 45000 دۆلارە بەڵام چینی ناوەند نزیکەی سی هەزار30000 دۆلار داهاتی تاکەکەسی هەیە. چینی ناوەند لەئەدەبیاتی 60و70و لەشەڕی ساردو بلۆکی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بابەتی سەرەکی سیستەمە ئابوورییەکانی جیهان بوو. بەڵام ئێستاچینی ناوەندیان ئەو چینەیەکە زۆرترین ژمارەیان لەکەرتی تایبەتی ئابووری دان و داهاتی ناوەندیان هەیە و زۆربەیان لەبازاڕ و کەرتی بازرگانی داچالاکی ئابووی ئەکەن

## لەرووی سیاسیەوە

لەمێژووی سیاسی جیهاندا چینی ناوەند بەوردە بورژواکان وسەرمایەداریی ناوەند بوو کەلەهەرحاڵەتدا رۆویان لە دەستەڵات ئەکرد.ئێستا چینی ناوەندی سیاسی ئەوچینەیە کەزۆربەیان ئەندامی مێزو پارتە سیاسیەکان نین بەڵام بەژداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکاندا بەرچاوەو گۆڕانکاری لەدەسەڵات دروست دەکەن وەکو چینی ناوەندی ئەمریکاو ئەوروپا کە ئاراستەی هەڵبژاردنەکان دەگۆڕن، ئەم چینە کەسانێکن شوێنی دانیشتنیان شارەکانن و هۆشیاری سیاسی گونجاویان هەیە.

## چینی ناوەندی لە کوردستاندا

ئایا چینی ناوەند لەکوردستاندا هەیە؟ چینی ناوەند چ رۆڵێکیان دەبێت لە گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردیدا ئەمە پرسیارێکی گرنگە کە پێویستە

سیمینارو کۆنفرانسی زانستی بۆ بکرێت بەڵام بەپێی توێژینەوەکان و واقیعی کوردستان بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین چینی ناوەند لەکوردستاندا بوونی نییە بەڵام لەسەرەتای دروست بوونیدایە، تایبەتمەندی کۆمەڵگای کوردی و وابەستەبوون بەداهاتی نەوت و نەبوونی سیستەمێکی ئابووری تۆکمە و رێک و پێک و لاواز بوونی کەرتی تایبەت هەبوونی عەقڵیەتی حیزبایەتی و دابەش بوونی کۆمەڵگای کوردستان لەنێوان پارتەکاندا هەبوونی ناهاوسەنگی داهات و سەرمایەو پێک نەهاتنی سەرمایەداری بەرهەمهێنان و..هتد هۆکارەکانی دروست نەبوونی چینی ناوەند لەکوردستان تاچینی ناوەند دروست نەبێت ئاراستەی گۆڕانکارییەکان بەرەو گەشەپێدان و چاکسازی ناڕوات و گۆڕینی دەسەڵات و دیموکراسی پێک نایێت.

چۆن چینی ناوەند دروست دەبێت لەچەند خاڵدا دەتوانین بڵێین:

- گەشەپێدان و پەرەپێدانی شارنشینی و گەورەبوونی شارەکانی کوردستان.

- بەرزبوونەوەی هۆشیاری نەتەوەیی و هۆشیاری سیاسی.

- بەهێزبوونی کەرتی تایبەت (قطاع خاص) لە ئابووری کوردستاندا.

- زیادکردنی راگەیاندنی ئەهلی و سەربەخۆ

- بەهێزکردنی گەنجان بۆ دەستپێشخەری لەچالاکیە ئابوورییەکانی کەرتی تایبەت و دانەمەزراندن لەکەرتی حکومیدا.

- سەقامگیربوونی ئاسایشی ئێراق و کوردستان.

- وەگەڕخستنی داهاتی نەوت وەک سەرمایە بۆ چاکسازی و بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری.

- دانانی میکانیزمی گونجاو بۆ دابەشکردنی داهات ورەخساندنی هەلّی کار و یاسای کارو دلّنیایی لەکوردستاندا.

- بەشداری کردنی ژنان و رەچاوکردنی مافی یەکسانی ژنان لەرووی کۆمەلاّیەتی ئابووری وسیاسی.

# ڕۆڵی چینی ناوەند لەکۆمەڵی کوردەوارییدا

ئەمیر خودا کەرەم

**نووسین لەسەر هەربابەتێک چ کۆمەڵایەتی بێت یا سیاسی یا ئابووری پێویستە دەستنیشانی ناوە ڕۆکی بابەتەکە بکرێت واتە دیاریکردنی دیاردە کە یاکێشەکەو پاشان گفتوگۆو نووسین و توێژینەوەی لەسەر بکرێت، بەبۆچوونی ئێمە چینی ناوەند بابەتێکی گشتییەو لەسەرجەم بوارەکانی ژیان و لایەنەکانیدا بەدی دەکرێت لەرووی ئابوورییەوە، ئەتوانین باسی باوردۆخی ئابووری خێزان بکەین و دەبینین کۆمەڵگای کوردی، بەدەر لە کۆمەڵگاکانی دیکە، چینی ناوەندی تێدایە، چونکە باری ئابووری خێزانی کوردی وەک یەک نییە، بەڵکو لەخێزانێکەوە بۆ ئەویتر جیاوازی بەدی دەکرێت،**

ئەمەش کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاستی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کۆمەڵایەتی، چونکە سەرجەم پێداویستیەکانی خێزان بەدی نایەت و منداڵی نێو خێزانی کوردی بێ بەشە لەمافە سەرەتاییەکانی ژیانیان، ئەمە جگە لەباری ئابووری ناهەمواری گەنج کە ئەکتیڤ ترین توێژی کۆمەڵەو بگرە زۆربەی مافەکانیان پێشێلکراوە، چ لەنێو خێزان

بێت یا لە لایەن کۆمەڵ و دەسەڵاتەوە، بۆیە کێشەی گەورەی دروستکردووە لەرووی کۆمەڵایەتی و دەروونییە، بەتێکچوونی سایکۆلۆژیەتی و هەستکردن بەکەمی (شعور بالنقص) بەرامبەر چینە سەرمایەدارییە دەوڵەمەندەکە، کەسەرجەم داواکارییەکانی خێزانی جێبەجێکردووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەبێ کێشەبن بۆیە پێمان وایە چینی ناوەند لەهەرسێ رووەکەوە پێشێلی مافی کراوە، ئەمە جگە لەهەوڵدانی خۆی بۆ توانەوەی مافەسەرەتاییەکانی، کە ئەوەیش ئەو بێ دەنگییەیە کە سەرتاپای کۆمەڵگای کوردی گرتووتەوە بۆیە چینی ناوەند لای ئێمە بەردەوام دەبێ لە تێکۆشان و ش دەبێ شەونخونی بچێژێ بۆ گەیشتن بە مافە سەرەتاییەکانی وەک ژیان، دوانەکەوتن، ئاوێتەبوون، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کۆمەڵە فاکتەرێک لەخۆ دەگرێت وەک هاریکاری، ململانێ، کێبرکێ، گۆڕان، لێکچون، بۆ ئەوەی بتوانێ گونجاندن بە ئەنجام بگەیەنێ لەژیانی رۆژانەیدا بۆیە گەنج وەک نموونە بەکاردێنین باسی لێوە دەکەین، کەچینێکی کارایە لەکۆمەڵدا، بەڵام بەداخەوە زۆرجار لەنێو دام و دەزگاکاندا و بگرە لەهەموو شوێنەکاندا قوتابخانە، خوێندنگا، پەیمانگا، زانکۆ، جگە لەو شوێنانەی کەتایبەتمەندن بە چالاکیەکانی وەک سەنتەری گەنجان بەمەرجێک دوور بێت لەکاری سیاسی بۆ ململانێ دەبینرێت مامەڵەکردنێکی توندو تیژ بەدیدەکرێت بەرامبەر بەگەنج، ئەمەش رەنگدانەوەی باشی نابێت لەکەسایەتی کەسەکەدا وەک ئەوەی کە د. عەلی کوردی دەڵێت کەس بێ کەسێتی نییە، بەڵام کەسێتی لە کەسێکەوە بۆ ئەوی تر جیاوازە، واتە بەهێزی و بێ هێزی بەدی دەکرێت لەکەسێتیدا، بۆیە زۆر گرنگە کە بزانرێت مامەڵە لەگەڵ گەنجدا بکرێت بۆ گەیشتن بەئەنجامی رێک و پێک،ئەمە لەلایەک، پێشکەوتنی کۆمەڵگا بەچینی

ناوەندەوە بەستراوە بۆ نموونە هیچ تیپێکی فوتبۆڵ مەحاڵە سەرکەوتن بەدەست بێنی بەبێ مەشقکردنێکی باش و بەچاودێری دەستەی کارگێڕی و فێرکاری خاوەن ئەزموون لەگەڵ تەمەنی گونجاوی یاریزانەکان و ئاوێتە بوونیان لەگەڵ یەکتردا، ئامانجیان دەبێ سەرکەوتنی تیپەکە بێت واتە بەرژەوەندی گشتی نەوەک بەرژەوەندی تاک بێت وەک ئەوەی کە بڵێین کێ گۆڵکاری تیپەکەیە، چونکە گۆڵکەریش بەبێ هاوڕێکانی هیچی پێ ناکرێت، ئەم نموونەیە دەتوانرێت گشتگیربکرێتەسەر کۆمەڵگای کوردیدا وەک نموونە! بۆیەچینی ناوەندیش هەر کەسێک بێت یا هەرگروپێک بێت، پێویستی بە بەرنامەو پلانی تۆکمە هەیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەهەر بوارێکدا بێت چ کۆمەڵایەتی بێت یاسیاسی یا ئابووری.

# چینی ناوەند و دوارۆژی جیهان

نووسینی: عەبدولغەفار شوکر

**چینی ناوەند بە رۆڵێکی زۆر گرنگ هەڵساوە لە خەباتی سیـاسی و ئـابووری و کۆمـەڵایـەتی و رۆشـنـبـیـری لـە زۆربەی وڵاتـانی دەرەوە لـە کۆتایی سـەدەی نۆزدەهـەم. و رۆڵێـکی بـەرچـاوی هـەبـووە لـە رووبـەڕووبـوونـەوەی داگـیـرکـاران وە هـەروەهـا لـە هـەوڵی نـوێـخـوازی و دیموکراسی و گەشەکردنی رۆشنبیری نیشتیمانی.**

گەلێک رەوتی فکری و هێزی سیاسی سەردەمی لێ هەڵقولاوە. لە نەتەوەیی لیبراڵی ئیسلامی و سۆسیالیستی وە لەو کاتەی هـەڵـگری پـەیـامی رونـاکـبـیـری پێشـکـەوتن لـە بـەشێک لـە قۆناغەکانی مێژوو بووە ئەوا هەندێک هەڵوێستی کۆنەپەرستی نـوانـدووە کـە بـەرەو شـوڤێـنی و یـەکێـتی عـەرەب چـووە.وە هەندێکیان بەرەو ناسنامەی فیرعەونی و فەینقی و ناوەڕاستی واتـە دەریای سپی ناوەڕاست. وە هەندێ لەم بۆچوونانە بەرەو سەلەفی رۆیشتووە ئەم هەمەرەنگیە لە بۆچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیریە دەگەڕێتەوە بۆ هـەمەجۆری توێژەکانی و جیاوازی بەرژەوەندیەکان بۆیە هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان بە چینی ناوەندی ناویان برد لە جیاتی چینی ناوەڕاست چونکە وشەی چین لە پێناسە زانستیەکەی کۆمەڵە کەسێکن پەیوەندی

وەبەرهێنان بە کۆمەڵگایان دەبەستێت وەک موڵکداری هۆیەکانی بەرهەم هێنان بۆ ئەو کەسانە تەنها توانای کارکردنی تایبەتیان هەیە. وە لە نێوان چینی بورجوازی و چینی چەوساوە چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی بەرژەوەندی جۆراوجۆریان هەیە وەک:-

1- لێرەدا بوارێکی سەرەکییە بۆ چەندین ئایدیۆلۆجیا و لایەنی سیاسی کە گەلێ جار تاکەکانی لایەن و بۆچوونیان پێچەوانە دەگۆڕن بەپێی بارودۆخی ژیانیان

2- جا با بزانین پێکهاتەی سەرەکی ئەم چینە چییەو کاریگەری ئەم پێکهاتە بەسەر کۆمەڵگادا چییەو ئەرکی لە بنیادنانی کۆمەلایەتی و سیاسیدا چییە؟ وە لە وڵاتانی جیهاندا چی بینیوە گیروگرفتەکانی چین؟ جادوا رۆژی جیهان چۆن دەبێت لە دوای ئەم راستیانە ئەم پرسیارانەو وەڵامەکانی گرنگی زۆری دەبێت بۆ تێگەیشتنی باری جیهانی کە تووشی گەلێک فشاری دەرەکی و ناوەکی بۆتەوە وە چینی ناوەندی چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشانە دەکات کە خاوەنی توانایەکی زۆرەو کاریگەرە. وە ئەم ئەرکانەی جێبەجێی دەکات ئێستا و داهاتوو.

پێکهاتە سەرەکییەکانی چینی ناوەندی:-

تا ئێستا بیروبۆچوون بەردەوامە لەسەر پێناسەی موروبرجر هەر لە زووەوە داینا بۆ ئەم چینە کە دەیکات بە دوو کۆمەڵ:

1- کە بازرگان و خاوەن کارگەی بچووک دەگرێتەوەو ئەوانەی کار دەکەن تیایدا کە باری داهاتیان رێگایان پێ نادات لەگەڵ سەرمایەداران کار بکەن.

2- ئەمانە پیشەیی سەربەخۆن وەک «پزیشک، پارێزەر، ئەندازیار، بەڕێوەبەر، هونەریەکان لە ئامێر، رۆشنبیر، هونەرمەند، ئەدەب دۆستان، نووسەر»

3- ئەوانەی لە لێکۆڵینەوەی زانستی کار دەکەن.

وە هەروەها پێناسەی «احنابطاطو» لێکۆڵەرەوەی ناسراو کەوا چینی ناوەندی دوو سروشتی ئاوێتەییان هەیە کە ئەرکیان زۆرە وە پلەیان لە نێوان سەرمایەدارو بێ نەوایانە ئەمانەش لە چینی ئەفسەر فەرمانبەری دەوڵەت کاری سەربەست وە موڵکداری زەوی مامناوەندی دەبینرێت.

4- وە هەندێک لە لێکۆڵەرەوەکان فراوانیەک تێکەڵ دەکات. بەڵام لەبەرگرنگی دان بەم چینە پاڵپشتی ئەم پێناسە دەکرێت. وە هەر رەخنەی لێ ناگرێت چونکە خاوەنی پرۆژەی بچووک و جوتیاری ناوەندی لەم چینە دادەنێت ئەمانەش پێکهاتەیەکی جۆراوجۆر پێکدەهێنن لە جوتیاری ناوەندی و پیشەیی و خاوەن دەزگاکان. وە هەروەها بازرگانەکان و بەشی گەورەی فەرمانبەری مەدەنی و سەربازی جگە لە توێژی بیروقرات و سیاسی و سەربازی کە دەسەڵاتی زۆریان هەیە.

«د. عودة» پیشەیی ناوەندو بەرز بە چینی ناوەندی دادەنێت کە ئەمەش بۆچوونی (د. رمزی ترکی) و (د. محەمەد عەبدولفیضل) کە کارەکانیان بە بنچینە دادەنێت جا پیشەیی بێت یان هونەری هتد ئینجا چینی ناوەندیان کرد بە سێ جۆر:

بەرز - ناوەند- نزم

5- جا ئەمەش خاوەن ئامێری بەرهەم هێنانیش دەگرێتەوە وەک پارچە زەوی یان خاوەن تیرو سەنە لە کۆمپانیاکان.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش داهاتی لە کارەکەی خۆی دەست دەکەوێت.

6- سەبارەت بە توێژی بەرزی چینی ناوەندی گەلێک نزیکە لە چینی بەرز لە رووی حەزو ئاوات و یاسای بەهاکان و چۆنیەتی ژیان بە سەربردن . کە داهاتی مانگانەی ئەم توێژە دەگاتە دە هەزار جنیە میسری. وە دەتوانین بڵێین چینی مام ناوەند لەسەر

توێژی ناوەندی بەندە کە داهاتیان مانگانە دەگاتە سێ هەزار جنیەی میسری وە توێژی نزم لەم توێژانە دادەنرێت کە باری ژیانیان لە چاو کۆمەڵگەدا نزمە. رۆڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی چینی ناوەندی

7- چینی ناوەندی رۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی سیاسی لە هەموو جیهاندا ئەم چینە هەوێنی بزووتنەوەی سیاسی و پارتەکانی بووە رۆشنبیرانی چەندین پرۆگرام و نەخشەیان دارێژتووە. وەک پارتی نیشتیمانی مارکسیەکان و وفد اخوان جگە لە پارتە رێگە پێ نەدراوەکان. وە هەروەها ئەم چینە بەشداری کردووە لە بنیادنانی کەرتی تایبەت و کۆمەڵگای مەدەنی لە رێگای هەزاران کۆمەڵەی تایبەت کە هەر لە سەرەتای دروست بونیان بەرەنگاری داگیرکەرو بەرپرسێتی لە بڵاوکردنەوەی فێرکردنی نیشتیمانی، پاراستنی تەندروستی، کێشەی ئافرەت، مافی مرۆڤ، گەشەکردن ژی و نگەی لە ئەستۆ گرتووە.

وە هەروەها دامەزراندنی سەندیکای پارێزەران و پزیشکان و ئەندازیاران و رۆژنامەنووسان هتد.. لە هۆی ئەم سەندیکایانە ئەرکی نیشتیمانی و دیموکراتی بەرچاو جێبەجێ کراوە وە داب و نەریتی ئیجابیان داناوە بۆ کارکردن و بەشداریان کردووە لە بنیادنانی کۆمەڵایەتی وە هەروەها رۆڵی هەبووە لە دەرکردنی رۆژنامەو راگەیاندن وەک «رادیۆ- تەلەفزیۆن»

لە ئەستۆگرتنی روناکبری و چارەسەرکردنی کێشەی رۆشنبیری و فێرکردن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر ململانێیەک ئەم چینە توانی پاڵپشتی لە مەسەلەکانی جیهان بکات لە سەرەتای سەدەی بیستەم کە ویستی جەماوەر بەدی دێنێت و حەزو ئاواتەکانیان جێبەجێ دەکات. زیادبوونی چینی ناوەندی کاریگەریەکانی لە هەموو وڵاتانی جیهان چینی ناوەندی گەشەی کرد لە ئەنجامی

سیاسەتی ئابووری و گەشەکردن و چاکسازی کۆمەلایەتی و فراوانبوونی خزمەت گوزاریەکان لە دوای سەربەخۆیی ولاتانی جیهان. وەک فێرکردنی خۆرایی و چاکسازی کشتوکالی و دامەزراندنی دەرچووی کۆلیژو پەیمانگاکان لە کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی. و هەروەها لە ئەنجامی فراوان بوونی کرداری نوێخوازی بیروکراتی و سەربازی و سەرپەرشتیاری و چاودێری لە دوای خۆمالی کردنەکان و هەروەها پێشکەوتنی بێ وێنە لە فێرکردن کە ئەمەش وای کرد توێژی مام ناوەندی بە تەواوی بەرەو پێش بڕوات کە ئەمەش کارێکی بێ وێنە بوو لەسەرتاسەری جیهان.

8- ئەو گۆڕانکاریانە زیاتر ڕەچاو دەکرا لە ولاتە سۆسیالیستەکان

9- وە هەروەها چەند هۆکارێکی تر هەبوون لە زیادبوونی ئەم چینە وەک بەرزبوونەوەی پلەی ئامادەکردن و دەست بە سەراگرتنی کەرتی خزمەت گوزاری زیادبوونی ڕێژەی جوولەی کۆمەلایەتی.

10- لایەنەکی زۆری جولەی کۆمەلایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆچ کردنی هێزی کار بۆ ولاتانی تر و لە دوای گەڕانەوەیان بوونە خاوەن پرۆژەی بچووکی خێزانی بەمەش چاوگێکی تری چینی ناوەندی دروست بوو سەرەڕای سەرچاوەی زیادبوونی لە پێشەوە باسکرا. ئەم فراوان بوونە لە چینی ناوەندی وای کردووە گرنگی ڕێژەی ئەم چینە لە زیادبووندابێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار:-

ا/ پەیوەندی بە دەزگای دەولەت و سوپا و خزمەت گوزاری نوێ.

ب/ ڕۆشنبیری و زانستی ئەم چینە ئینجا دروست بوونی چەند کەسێکی شایستە و هەلبژاردە کە جێگای ڕێزن و قسەیان لێ

وەردەگێرێت لە جەماوەرو چینی هەژارو چەوساوە. لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم تا هەشتاکان چینی ناوەند رۆڵی نوێخوازی پێشکەوتن خوازی هەبووە لە ناو کۆمەڵگا و هەمیشە داوای بەردەوام بوون لەم پێشکەوتنە دەکات بەرەو ئاسۆیەکی مرۆیی کە بنەماکانی سەربەخۆیی دەپارێزرێن و دادوەری کۆمەڵایەتی و دیموکراسیەت دەچەسپێنێت.

## نەهامەتیەکانی چینی ناوەندی:

## رۆڵی جیاواز بە های جۆراوجۆر

لە دوای بەرەو جیهان چوون «انفتاح» لە هەفتاکانی سەدەی بیستەم و سیاسەتی گونجاندنی سیاسی لە هەشتاکان فێربوون بە خۆڕایی نەماو رۆڵی بەرەو لاوازیی چوو لە جوڵەی کۆمەڵایەتی و دەوڵەت بەردەوام نەبوو لە دامەزراندنی دەرچووان کەرتی تایبەت بە زەقی هاتە کایەوە و زۆر لە کرێکارانیان بێ بەش کرد نرخ لە بازاڕەکان زیادبوو. جیاوازی داهات بە تەوای بەدی دەکرا، چینی سەرمایەدار دروست بوو لەسەر ملی چینی هەژار و لێدان و تەڵەکەبازی لە بازاڕەکان دروست بوو و هەروەها بازرگانی تر بە دراو وە کاری دەلاڵی و قۆرخ کردنی بەرپابوو. بەم شێوەیە چینی ناوەندی کەوتە قۆناغێکی قورسی نوێوە نازانێت کەی رزگاری دەبێت چەندین گەنجی زانا چوونە ژێر باڵی بێ کاریەوە و داهاتی توێژی مام ناوەندی کەم بوو ئەوەش وای کرد کرێ و مسۆگەرکردنی ژیان کەم بێتەوە و مافی کارکردنیش رووی لە کەمی کرد.

و نەیتوانی گیروگرفتەکان چارەسەربکات کە جاران هۆکارێک بوون بۆ فراوان بوونی ئەم چینە، وەک کۆچ کردن و کرانەوە. و ئەوەی زیاتر کاری خراپی کردەسەر چینی ناوەندی هاتنی ئەو

توێژانەی لەبێگانەوە بۆ ناوەوە و دەست بەسەرداگرتنی تواناکانی ئەم چینە، ئەم توێژانە دەوڵەمەندتربوون بەکەمترین کارکردن و کورتترین ماوە، ئەمەش پێچەوانەی خاسیەتەکانی ئەم چینەیە لەسەرەتای سەدەس یستەم.

د. جەلال ئەمین دەڵێت کەسەرچاوەی داهات خاڵێکی سەرەکییە کە باشی و خراپەی ئەم چینە دەردەخات. ئایا کارەکانیان بەرهەم هێنەرە یان؟ جیاوازیەکی زۆر هەیە بۆ دەسکەوتی داهات لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی یاخود هەڵئاوسان و کۆچ کردنی کە کارو ماوەی زۆری کەم کردۆتەوە ١٤ ئەو سامانەی کۆبۆتەوە لەبەهاکەی بەدیار دەکەوێت بۆ خاوەنەکەی بۆیە لەم دواییە زیرەکی و دانایی کەوتە ناوچینی ناوەند ئینجا بەم شێوەیە بوو بەچینی پارێزەرو پاراستنی داب و نەریت. لەپاشان وەبەرهێنانی ئیسلامی سەری هەڵداو پارەیان لەچینی ناوەندی قرچاندەوە، بۆرسەکانیش رۆڵی سەرەکیان هەبوو، لەم بوارەدا. هەڵئاوسان بووە هۆی کەم بوونەوەی داهات لەکۆتایی هەشتاکان، ئێستا بەردەوام یەدەگی چینی ناوەند لە دراو و پارە لە کەم بوندایە و بێ کاری بڵاو بۆتەوە. وەهەندێک توێژ پەیدا بوون کەلەبواری ئابووری کاردەکەن هیچ خزمەتگوزارێکیان نییە، یاسای خۆماڵی کردن نایانگرێتەوە و جەنگەکانیش راستەوخۆ کار لەم چینە دەکات، بەتایبەت پیشەییەکان و خاوەن کاری سەربەست و بازرگان، هەژاری سنووری ئەم چینەی تەسک کردۆتەوە لەسەر کەل و پۆی جەنگەکان چەند دەوڵەمەندێک سەریان هەڵدا و داهاتیان لەدەرەوە و ناوەوە زیادی کرد لەرێگای دەست بەسەراگرتن و چەک و قاچاخ چیەتی لەئەنجامی ئەو گۆرانکاریە ئابووری و کۆمەڵایەتیبانە و ئەو زیانەی بە چینی ناوەندی گەیشت گەلێک لەرۆڵەکانی هەستیان بەشکست کردو هیوایان نەما بەرامبەر دوا رۆژ لەبەر زیاد بوونی بێ کاری و هەژاری و گرانی ئینجا ئەمەوای کرد پەنا ببەنە بەر، رێکخراوی

توندڕەو و چەکیان لەدژی فەرمانڕەوا هەڵگرت، بۆ نمونە بەدەیان ساڵە میسر بەم بارودۆخە دەناڵێنێت وە هەروەها وڵاتی جەزائیرو یەمەن، ڕادەی تاوان لەزیادبووندایە، دڵەڕاوکێ تووشی ژیانی کۆمەڵایەتی هات و گەندەڵی تووشی چینی ناوەند هات، بەڵکو گەندەڵی توانی کۆمەڵگای ئەم چینە بشکێنێت یان هاوەڵی گەندەڵیەکە بێت، چونکە ئەمە هۆیەکە بۆ تالانکردنی سامانەکان. ئەمانە لە هەڵسوکەوتی تاک زیاتر بوون، ڕەوشتی هەندێک ئەندامانی ئەم چینە زیاتر لادەربوون لەیاساو دەسەڵات، دەرچوونی ئەم توێژانە لەهاوپەیمانێتی زەقترین ئەنجامی خراپ بوو لەسەر ئاستی سیاسی. کەپێشتر دیوارێکی پۆڵاینی ئەم فەرمانڕەوایەتییە بوون کە بۆساڵێک پێ یان دەوترا حوکمی چینی ناوەند.

ئەم چینە ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە ئارامی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جێگایان زۆر دیارە لەسەر ئاستی ناجێگیربوونی کۆمەڵگا کە بۆماوەیەک بەدەستیەوە دەناڵێنێت. بەتایبەتی چینی بەرز ئامادەنییە واز لەسامان و بەرژەوەندیەکانی خۆی بێنێت، یان واز لە دەسەڵاتداری بێنێت، هەروەها ئامادەنییە دەرگای دیموکراسی لەچینی ناوەندی بکاتەوە، ئێستا کاتێکی زۆر ناسک بەکۆمەڵگا تێدەپەڕێت بۆ هەڵبژاردنی دوارۆژ وەنابێت لەسەر خۆبێت لەم بوارە چونکە کاتی زۆری لەپێش نەماوە. لەبەرزۆری فشارەکان وەک دەسەڵاتی کراوەیی ئەمریکاو هێزەکەی وەهەوڵی ڕۆژئاوا بۆ چاکسازی لە ڕۆژهەڵات وە هەروەها ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێ کاری، ئەگەر ڕژێمەکانی جیاجیا هەڵنەستن بەگۆڕینی سیاسەتەکان لەرووی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوا ئەنجامی خراپی دەبێت، نەوەک تەنها لەسەرچینی ناوەندی بەڵکو بۆگشت کۆمەڵگا، لێرەدا بۆچوونی (د. رمزی زکی) دەخەینەڕوو: ماڵئاوا چینی ناوەندی کەوا دەبێت بەرەونەمان دەڕوات وەبەشی زۆری ئەم چینە دەبن بەنزم، کە ئەویش خۆی

لەخۆیدا گیروگرفتی یەکجار زۆرە. چینی بەرز ناچارە توێژی بەرز وەربگرێت لەچینی ناوەندی وەک: ئەفسەر، پزیشک، دادوەر، مامۆستای زانکۆ کەئەمانە دەتوانن لەلایەنی دروستکردنی بڕیار نزیک ببنەوە. چینی ناوەندی بەشێکە لەکێشەی گەشەکردن، ئەمەش پێویستی بە ستراتیژی گەشەی نوێ هەیە، نەک بەپێی نەخشەی سەرمایەداری جیهان وەک سەندوقی دراوی دەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتی یان بڕیارەکانی هێزی عەولەمەی سەرمایەدار. وەدەبێت توانای ئەندامانی بەهێزبکرێت بەپێی پێداویستی سەردەم، وەدادوەری لەدابەشکردنی داهات، وەدەبێت دەوڵەتە چەوساوەکان چاودێری بکات، وەبەشداری بکات لەبەرهەم هێنان بۆ دابینکردنی کەلوپەلی پێویست، وەپێویستە گەل ڕۆڵی سەرەکی هەبێت لەژیانی سیاسی و داڕشتنی بڕیاری سیاسی، وەهەمیشە ئامادەبێت بۆ بەرپرسیاریەتی.

بەکورتی گەشەسەندنی نیشتیمانی و دیموکراسی دوو ڕێگای تاک و تەنیان لەبەردەم ڕزگار بوون لەم تەنگژەیە کە ئەویش چینی ناوەندیە، بۆئەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوەو ڕۆڵی خۆی ببینێت لەمژدە هێنانی بەهای مرۆڤایەتی و بەهای دادوەری و کارکردن و یەکسانی و سەربەستی وە لەهەمانکاتدا ڕۆڵی بۆ دابین کردنی جێگیر بوونی سیاسی بۆ خەریک بوون بەگەشەکردن و پێشکەوتن.

**و: عەبدولخالق کەریم هۆرمزیاری**

# چینی ناوەند...
# گەڕانەوەیەک بۆ مێژووی کورد

**شوان سابیر مەولود**

**وەکو ئاشکرایە کۆمەڵگای کوردیش وەکو هەر کۆمەڵگایەکی دیکەی جیهانی پێکهاتەی چینی تایبەت و چینی ناوەندە واتا لە رووی دابەشبوونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی دەکرێ ئەم چینانە بۆ ئەم دوو پۆڵینە دابەش بکەین ئەگەرچی هەندێجار بۆ پلەی دیکە دابەش کراوە هەروەکو«میرسید زەهرەددین مەرعەشی»بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگای بۆ پێنج چین دابەشکردووە، چینی یەکەم: پێغەمبەرو ئەولیاکان، چینی دووەم: سوڵتانە بە تواناو پادشایە گەورەکان، چینی سێیەم: زاهید و خواپەرستەکان، چینی چوارەم: پیاوانی دەوڵەت و سەرکردەی سوپاکان، چینی پێنجەم: خاوەن پیشەکان.**

بەڵام بەگشتی لەم چینە دوو چین دروست دەبن ئەوانیش چینی تایبەت و چینی ناوەند«گشتی»چینی ناوەند لە مێژووی کوردیدا زەحمەتی زۆری بینیوە داگیرکاری و هێرشی بەردەوامی داگیرکەران و برسیەتی و نەخۆشی و پەتاو قورسی ژیان وای کردووە ئەم چینە زەحمەتی زۆرتر ببینن و بکەونە ژێر باری قورسی ژیان لە پاڵ ئەم هەموو دژواریەش چینی ناوەند لە خەبات و تێکۆشان دژی داگیرکەرانی کوردستان جێ پەنجەیان

دیارو بەرچاوە. رابیعە فەتاح شێخ محەمەد لە پەرتووکی کوردستان لە سەدەی پانزەی زایینییدا بەم شێوە باس لە چینی ناوەند دەکات لە کوردستان: چینی گشتی«ناوەند»زۆربەی خەڵک دەگرێتەوە کە بریتین لە جووتیارو سەربازو پیشەگەرو دەروێش و سۆفی و خزمەتکارو هتد... لەبەر ئەوەی مێژوونووسان بەشێوەیەکی گشتی لە دەرباری سوڵتان ومیرەکان بوون لایان کەمتر لە چنی ناوەند کردۆتەوە. زیاتر مێژووی دەسەڵاتدارەکانیان نووسیوەتەوە. بەڵام هەرچۆنێک بێت لە دوو توێی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێکراوە، بەتایبەتی لە سەدەی«9 کۆچی/ 15 زاینی»دا ئەوە دەردەکەوێ کە چینی ناوەند بوونەتە سووتەمەنی جەنگەکان و گەلێکیان لێ کوشتوبڕکراوە لە خاکی خۆیان راگوێزراون و رووبەڕووی پەتاو نەخۆشی و برسییەتی بوونەتەوە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لە ئەنجامی شاڵاوی تەیمور لەنگ و ململانێی قەرەقۆیلۆ و ئاق قۆینلۆکان و شاڵاوی ئۆزۆن حەسەن بۆ کوردستان و کوشت و بڕی سەفەوییەکان تووشی گەلێ کارەسات هاتوون، ئەمەش وایکردووە سنووری چینی ناوەند فراوانتر بێ، بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخیان بەتایبەتی بارودۆخی ئابووری و ئینسانیان بەرەو هەڵدێر بڕوات. بەڵام لە سەردەمە نیمچە ئارامییەکاندا بە هەر جۆرێک بێت بارودۆخیان لە جاران باشتربووە، لەم رووەوە لەم سەدەیە دزی و راووڕووت و تاڵانکردن لە ئاستی تاکەکەسەکاندا گەلێ بڵاوبۆتەوە بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری هەبووە لەسەر دۆخی ئارام و ئاسایش و ژیانی خەڵکی.

میرە کوردەکان لە هەمان سەدەدا گرنگیان بە خەڵکەکانی نێو قەڵەمڕەوەکانی خۆیان داوە و چەندەها ساختەمانیان دروستکردووە بۆ ئەوەی لێی بحەوێنەوە و لە کاروانسەراو خانەکاندا رێگەیان داوە خەڵکی نامۆو هەژار رووی تێبکەن.

ئەمە جگە لەوەی قوتابخانەی ئاینیان بۆ خەڵکە هەژارەکان دروستکردووە تا لێی بخوێنن. هەروەها خانوویان بۆ هەژاران دروستکردووە گەلێ ڕێگەیان بەکارهێناوە بۆ چاککردنی بژێوی ئەم چینەی کۆمەڵ.

چینی جوتیار وەکو دیارترین چینی ناوەند پێگەیەکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای دەرەبەگی پێکهێناوە. بەرهەمی زەوی گرنگترین داهات بووە کە بژێوی تەواوی خەڵکی دابینکردووە جوتیارانی کورد لەم سەردەمەدا گەورەترین زیانیان لە هەر چینێکی دیکە زیاتر بەرکەوتووە. سەرباری ئەوەی لەبەری ڕەنج و ماندووبوونیان خوراوەو بەرهەمەکانیان بۆ لەشکری داگیرکەرانی کوردستان بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەمەشدا گەلێ جاران زەوییان لێ سووتێندراوە، نەیانهێشتووە دانەوێڵەو کشتوکاڵ بچێندرێ بەڵام لە ژێر سەرکردایەتی میرنشینەکان ڕووبەڕووی زەوی سووتاندن نەهاتوون. بەشێوەیەکی گشتی جوتیاران لە کوردستاندا ژیانیان بە زەحمەت بەڕێکردووە ژیانیان بە مەمرەو مەژی بەڕێکردووە چونکە ئەم چینە خەرجی سوپاو دەرەبەگ و هەندێ خەڵکی دیکەیان، کەوتۆتەسەر لە سەردەمە ئارامەکانیشدا جوتیاری کورد لەگەلێ بواردا کاریکردووە بۆ نموونە لە شاری دیاربەکردا چەندەها جۆر گەنم و جۆو پاقڵەی چاندووە، هەروەها لە شاری مەلاتیەدا زۆربەی خەڵکی هەژار باخەوان بوون و بە بەرهەمی درەختەکانیان هەر چۆنێک بووبێ بەڕێوەچوونە.

هەرچی سەربازانن کە ئەوانیش ڕێژەیەکی زۆربوون لە چینی ناوەندیان ئەوانە سەربازی قەرەقۆینلۆکان و ئاق قۆینلۆکان بوونە یاخود لە نێو خێڵ و هێزە کوردییەکان و میرنشینەکان خزمەتی سەربازیان کردووە ئەمیش لە بەرامبەر دەسکەوتنی کرێ و بژێوی ژیانیان. زۆرجار سەربازان وەکو چینێکی

کۆمەڵایەتی وەکو ئامێر بۆ مەبەستێک بەکارهاتوون ئەوانیش لە کارەکانی خۆیاندا ماندوبوون و زیانی زۆریان بەرکەوتووە و دووچاری ستەملێکردنێکی زۆر هاتوون.

پیشەکارانیش لە کوردستاندا لە شارو قەڵاکاندا گەلێ زۆربوون هەریەکە و کارو پیشەیەکی ئەنجام داوە هەبووە خەریکی دروستکردنی شیرو خەنجەرو چەقۆ بووە یان هەبووە خەریکی پێڵاوو جۆلایی بووە هەندێکی دیکەش کاری جیاوازتر تەنها لە شاری بەدلیس هەشت سەد پیشەکاری جیاواز لە دوکانەکانیان کاریان کردووە. هەندێکیش کاری فرۆشیاریان ئەنجامداوە داهاتەکەیان زۆر کەم بووە بۆیە ئەوانیش وەکو چینی ناوەند ژیاون لە شارێکی وەکو دیاربەکردا زۆربەی خەڵکەکەی لە بازاڕە گەورەو فراوانەکان کاریانکردووە و بە بەرهەمەکانیان ژیانیان بەڕێکردووە، هەرچی دەرکەوان و خزمەتکارەکانن لە کوردستاندا دەرکەوانەکان پاسەوانی قەڵاکانیان کردووە خزمەتکارانیش لە خزمەتی کاربەدەستان کاریان کردووە ژیانیان زۆر بە دژواری و زەحمەتی بەڕێوەبردووە و گرفت و ناخۆشی زۆریان بینیوە. تەنانەت زۆر چینی ناوەند لەلایەن داگیرکەرانەوە وەکو کۆیلە مامەڵەی لەگەڵ کراوە و کڕین و فرۆشتنی پێوەکراوە. لە ساڵی 1458 جیهان شا هەزار و پێنج سەد ژن و منداڵی لە بەدلیس و موش و خەلاتدا راگواستوو پاشان وەکو کۆیلە ئەوانی فرۆشتووە.

بە هەرحاڵ ئەمە مشتێکە لە خەرواڵی مێژووی چینی ناوەند لە کوردستان لە سەدەی پانزە ئەگەر سەرنج بدەین ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە ئەم چینە زۆرترین ستەم و زۆری لێکراوە ئەم چینە زۆرترین ناخۆشی و نەهامەتیان بەرکەوتووە هەمیشە ژیانیان لە نێوانی مەرگو ژیاندا بووە لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خراپترین بارودۆخ ژیاون هێرش و داگیرکاری و

فشاری داگیرکەران بۆ کوردستان دۆخی چینی ناوەندی بۆ خراپترین دۆخ بردووە. لەلایەکی دیکە ئەگەر سەیر بکەین چینی ناوەند فراوانترین چین بووە لە پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردی لە هەموو بوارەکان جوتیار و کرێکاری و سەربازی و پیشەوەری و فرۆشیاری و کاروان سەرا و هتد.. لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە دێر زەمانەوە چینی ناوەند لە کوردستان چینێکی فراوان و کاریگەر بووە لە کۆمەڵگای کوردستانی. لە زۆربەی قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم چینە بۆتە سووتەمەنی و باجی گۆڕانکارییەکانی داوە کەچی لەگەڵ ئەمەشدا لە قۆناغە جیاوازە مێژووییەکان چینی ناوەند بە ماڵ و نان و گیانی خۆی لە خزمەتی بزاڤی رزگاری و شۆڕشی کوردبووە. بۆیە وێڕای نەهامەتییەکانیان و چەوساوەیی ئەم چینە لای لێنەکراوەتەوە بەڵام هەرچۆنێک بێت چینی ناوەند لەوساوە تا ئێستا وجودی هەبووە و هەیە بۆیە دەبێ گرنگیان پێبدرێ و شوناسی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیان بدرێتێ و ناسنامەی هاووڵاتی بوونیان پێ بدرێتەوە و لە ئەرک و مافدا هاوسەنگ بکرێن.

# چۆنیەتی دروستبوونی چینایەتی

**یاسین عەزیز**

**چینایەتی وەک هەر دیاردەیەک لە کۆمەڵگا جۆر بە جۆرەکانی دنیا بەدیار دەکەوێ و سەرهەڵدەدات، ئەوەی گۆڕان لەم دیاردەیە دروست دەکات جۆری دەسەڵاتی ئەم وڵاتەیە کە ئەم وڵاتە بەڕێوە دەبات، بەڵام لەهەمانکاتیش ئەم کۆمەڵگایە جۆری ئەم دەسەڵاتە هەڵدەبژێرێ بۆ خۆی کە بەڕێوەی ببات، ئەمە بۆ دەسەڵاتێک کە ئەم دەسەڵاتە لەرێگای کودەتای سەربازی نەهاتبێتە سەرکار، چونکە ئەم دەسەڵاتەی لەم رێگایە هاتبێتە سەرکارو حکومی گەر نەبێت دەست، ئەوە خەڵک هیچ مافێکی نییە لە هەڵبژاردنی جۆری ئەم دەسەڵاتە کە چ جۆرێک دەسەڵاتێ بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.**

بەڵام ئەگەر دەسەڵاتەکە دەسەڵاتێکی مەدەنی بێ و دەستووری ئەم وڵاتە پەیڕەوی فرە حزبی بکات و لەرێگای هەڵبژاردن جۆری دەسەڵات دەست نیشان بکات ئەمە ئەو کاتە گەل خاوەنی دەنگی خۆی دەبێ و جۆری ئەم دەسەڵاتەی کە خۆی دەوێ هەڵی دەبژێرێت هەر لەم کاتەش ئەم دەسەڵاتە کاریگەری دەبێ لەسەر مەسەلەی چینایەتی ئەم کۆمەڵگایە بۆ نمونە ئەگەر سەیری ئێراق بکەین ئەم بابەتە بەرچاو دەکەوێ و دەبینین جیاوازیەکی زۆر لەم دوو دەسەڵاتە هەیە ئەگەرچی لەناو یەک

وڵاتیش گوزەر دەکەن هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کوردستان لەرێگای شۆڕشی جەماوەری حکومی گردۆتە دەست بەڵام حکومی گرتۆتە دەست هەر بۆیەش ئەگەر لەروانگەی چینایەتی سەیری ئەم دوو نمونەیە زیندووە بکەین دەبینین زۆر بە ئاسانی ئەم دیاردەیە لەرووی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و چینایەتی بەدەر دەکەوێ ئەگەر لەروانگەی فەلسەفیەوە سەیری هەر کۆمەڵگایەک بکەین وەیان چینایەتی بەپێی بیروبۆچوونی فەیلەسوفەکانی کە دەربارەی چینایەتی شتەیان نووسیوە شرۆڤەی بکەین دەبینین لەهەر سەردەمانێک بەشێوەیەک باسی لێوە دەکەن و ئاستی چینایەتی لەناو کۆمەڵگا بەدیار دەخەن، ئەگەر بەمێژووی مرۆڤایەتی دا بچەنە خوارێ دەبینین لەهەر سەردەمانێک چینایەتی بەدیار کەوتووە بۆ نمونە کاتێ باس لە کۆمۆنی سەرەتایی بکەین لەرووی چینایەتی دەبینین چینایەتی نەبووە، چونکە کەس خاوەنی هیچ سەرمایەک نەبوونە، بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی پیشەسازی و یان کشتوکاڵ ئینجا چینایەتی سەری هەڵداوە، خۆ ئەگەر سەیری کۆمۆنی سەرەتایی بکەین دەبینین هەر هەموو بە راوەشکار خەریک بوونە ژیانێکی سادەو ساکاریان بردۆتە سەر ئەوەی رۆژانە دەستیان دەکەوت نەدەمایەوە بۆ ئەوەی، پاشەکەوتی بکەن، هەر بۆیەش چینایەتی لەم سەردەمە دروست نابێ، بەڵام لەگەڵ دۆزینەوەی کشتوکاڵ ئینجا مۆڵکایەتی پەیدابوو لەگەڵ ئەمەشدا جۆرێک لە چینایەتی پەیدا بوو کە ئەویش سەردەمی دەرەبەگایەتیە هەر دوا بە دوای ئەوە خاوەنداریەتی پێدابوو لەگەڵ پەیدابوونی دەرەبەگایەتی چینایەتی پێدابوو، بەڵام لەم سەردەمە دوو چینی بەرچاو دەبینران یان چینی جوتیارەکان بوون ویان دەرەبەگەو ئاغاکان بووە، کەواتە دوو چین بەرچاو دەکەون لەم سەردەمە،

دوا به دوای ئەوە لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی چینایەتی سەری هەڵداوە لەم کاتەوە مرۆڤەکان دابەش بوون بەسەر سێ چینی سەرەکی یەکەمیان چینی سەرەوەیە کە پێیان دەگوترێ چینی سەرمایەدار، دووهەمیان چینی ناوەند کە ئەمانەش لە بنەڕەتدا دەکرێن بە دوو جۆر، چونکە لەهەردوو چینە بنەڕەتەکەی تێدایە ئەوەی تریان چینی خوارەوەیان پێ دەگوترێ کە ئەمیش لەرووی فەلسەفیەوە پێی دەگوترێ پرۆلیتاریا واتا چینی کرێکار کە ئەوەش رێک ناویان بەخۆیانەوەیە، چونکە هیچ سەرمایەیەکیان نییە جگە لەوەی کە هێزی خۆیان دەفرۆشن کە کرێکار لە بەرامبەر کارکردن وەردەگرن. هەرچەند ئەم دوو چینەی کە پێشتر باسمان کرد کە چینی ناوەڕاستە کە وتمان دەبن بە دوو بەش کەمێکیان بەگەر چینی سەرەوە دەکەون ئەوەی تریش بەگەر چینی خوارەوە دەکەون، دەتوانین بڵێین چینی ناوەڕاست لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەسازی سەری هەڵداوە دروست بووە ئەگەرچی تا ئەم کاتە ئێمە چینایەتیەمان بە بواری رامیاری گرێ داوە، بەڵام ناشبێ ئەوە لەیاد بکەین کە پەیوەندیەکی زۆر توندوتۆڵ لەنێوانی چینایەتی و ئابووری دا هەیە هەر بۆیەش ناکرێ لەگەڵ باسکردنی چینایەتی حیساب بۆ مەسەلەی ئابووری نەکرێ، چونکە هەموو چینایەتیەک سەرمایە دروستی دەکات خۆ دەنا مرۆڤەکان لەبنەڕەت هەموو وەک یەک بوونە بەبێ ئەوەی هیچ جیاوازیەک لەنێوانیان دا هەبێ هەموو کێش مەکێشی مرۆڤایەتی لەوە سەر هەڵدەدات ئەویش مانەوەیە، بۆیەش مرۆڤەکان لەپێناو مانەوەی خۆیان دەکەونەوە ململانێ، هەر بۆیەش لەدوای نەمانی رژێمی حزبی بەعس هەست دەکرێ کە چینایەتی بەتایبەت چینی ناوەڕاست لە کوردستان بەرچاو ناکەوێ هۆکارێکی گرنگتر ئەوەیە بوونی بازاڕی ئازاد، بازاڕی ئازاد ئەو بازاڕەیە کە هیچ سانسۆرێک نەبێ لە بازاڕ بۆ ئەوەی

نرخ هەبێ لەسەر کاڵاکان ئەمە وا دەکات بازاڕ ببێتە بازاڕێکی سەرمایەداری ئەمیش وا دەکات کە سەرمایەداران بە ئارەزووی خۆیان کاڵاکانیان بفرۆشن کاتێکیش باس لە ئابووری دەکەین دەبێ ئەوە بزانین کە «بەدەرخستن و داواکاری» جا هەر کاتێک داواکاری زۆر بوو ئەوە دەرخستە کەم دەبێ ئەمە یاسایەکی ئابوورییە ئینجا دەبێ دەسەڵات ئەم یاسایە لەبەر چاو بگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ کۆنترۆڵی بازاڕ بکات و یان لەرێگای یاسادانان بۆ نرخ تا بتوانی کۆنترۆڵی بازاڕ بکات هەر کە دەسەڵات توانی باری ئابووری وڵات چاک بکات ئەم کاتە دەتواندرێ چینایەتی بەشێوەیەکی باش بنبڕبکرێ، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین بوونی چینی ناوەڕاست کەواتە هاوسەنگی لەنێوان بازاڕەکان و یان چینایەتیەکان وا دەکات سەنگی مەحەک بێ لەهەموو بوارەکان زۆریش زەرووره  چینی ناوەندی هەبێ ئەگەر سەیری نەمانی ئەم چینە بکەین دەبینین لەدوای نەمانی دیکتاتۆری لەئێراق و کوردستان بەتایبەتی نەما کەواتە جۆری دەسەڵات، هەروەها سیستەمی  ئابووری وا دەکات کە کۆمەڵگا بگۆڕی لەسەردەمێک بۆ سەردەمێکیتر کەواتە بوونی دیموکراسی و ئازادی وا دەکات تاکی  کۆمەڵگا بگۆڕێت.

# چینی ناوەند..
# کەی و چۆن بوونی دەبێ؟

ناسک سەعید

**چەمکی ناوەند، چەمکێکە لە هەموو ڕەهەندەکاندا بوونێکی بنەڕەتیەتی هەیە هیچ کام لە ڕەهەندەکان بەبێ چینە جیاوازەکان پێک نایەت. هەر بوونێک یاخود چەمکێک لە سێ ئاستی جیاواز پێکدێت وەک سەرەتا و ناوەندو کۆتا. هەر کام لە بوونەکان ئەو سێ ئاستە لە خۆی دەگرێت و بەپێی واقیعەتەکان گۆڕانکاری لە بوونیاندا ڕوودەدات. ئەم بوونە وەک ئاماژەمان پێدا لە سەرجەم بوارەکاندا هەیە وەک لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتد ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا قسەی لەسەر بکەین لایەنی ئابووریە.**

ئابووری پێویستیەکی بنەماییە بۆ بەردەوامبوونی ژیان لەسەر کۆمەڵگە هەمە جۆرەکاندا هەریەک لە کۆمەڵگەکان بەپێی هەڵکەوتووی جوگرافیان کار دەکەن ئەو کات سەرچاوەی ئابووریان لەو خاڵەوە دەستەبەر دەکەن. ئابووری هەروەک بوارەکانی تر لە سێ ئاستی جیاواز پێکدێت ئاستی نزم، ناوەند، بەرز ئەم سێ ئاستە هەر یەک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بەپێی ئەو تواناو کارەی کە دەیکەن دەیانگرێتەوە. هەر

تاکێکی کۆمەڵگە بێگومان جۆرێک لە سەرچاوەی ئابووری تایبەت بەخۆی هەیە کە ئەمەش فاکتەری مانەوەو بەردەوامبوونی ئەو تاکەیە لە ژیاندا. چینی ناوەند چینێکە کە زۆرترینی لە کۆمەڵگە نیمچە پێشکەوتووەکاندا هەیە یاخود ئەو کۆمەڵگانەی ماوەیەک بە قەیرانی ئابووریدا تێپەڕیووە و دواتر بەهۆی ئەو گۆڕانکاریانەوە کە لەو کۆمەڵگایەدا لە ڕووی سیاسیەوە روودەدات ئاستی ئابووری ئەو کۆمەڵگا بەرز دەبێتەوە بەڵام ماوەیەکی زۆری پێویستە تا بگاتە ئاستی بەرز هەر یەک لە تاکەکانی کۆمەڵگە ئەتوانن بە چەند فاکتەرێک ئابووری کۆمەڵگە پێش بخەن واتە ئابووری لە ئاستی ناوەندەوە بەرەو ئاستی بەرز بەرن، بەڵام ئەم کارەش دەبێت لە چوارچێوەی رێسای کۆمەڵگەکە دەرنەچێت.

هیچ چینێکی ئابووری چینێکی نەگۆڕ نییە دەتوانرێت بەپێی کارکردی تاکەکان گۆڕانکاری تێدا بکرێت، ئەوەی لێرەدا پێویستە تاک رەچاوی بکات پاراستنی ئاکاری ئابوورییە کە نابێت لە رێساکانی ئاکار بە دەر بێت و لەسەرکردەی کۆمەڵگە لایەنی ئابووری خۆی بەرز بکاتەوە گومانی تیانییە ئازادبوون فاکتەری سەرەکیە بۆ بەرزکردنەوەی ئابووری لە چینی ناوەندەوە بۆ گەیشتن بە چینی بەرز لەم رووەوە لۆکی فەیلەسوف لەو بروایەدایە کە سەربەخۆبوون و هەروەها لە پێشتر و گرنگتربوونی بواری ئابووری ژیانی مەدەنی مرۆڤ لە چاو بوارەکانی تردا کە ریشەی لە سەرەتاییترین مافی ژیان و بایەخی پاراستنی ئەو مافە دایە، سەرەکیترین مافی ئەو تاکانەیە و رێوشوێنێکە بۆ پاراستنی ئاشتی و تەناهی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا لە کاتێکدا کە کاروباری ئابووری و پیادەکردنی ئەرک کە ئاکاری ئابووری بناغە و بنچینەی پێکهێنانی کۆمەڵی مەدەنی و بەرلەوەش بناغەو بنیادی

شوناسی مرۆڤە. بەم پێیە دەبێت سەرنج بدەین کە جۆرێک دوو لایەنی پێکهاتەیی لە نێوان رووبەرووی ئابووری و ئاکاری دەگرێتەوە. کەواتە ئازادبوونی بەو مانایەی کۆمەڵگەش بێت بۆ گۆڕینی ژیانی ئابووری تاک کە ئەمەش کار لە پێشخستنی ئابووری کۆمەڵگەش دەکات، لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئەم لایەنە دەتوانرێت بەوە ئاماژەی پێبکرێت کە چینی ناوەند لە رووی ئابووریەوە تارادەیەک چینەکان جێگیرن لەبەر ئەوەی هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی رادەی ئابووری گونجاو نییە بۆ خوڵقاندنی سەرمایەداربوون. بوونی سیستەمی بازاڕی ئازاد لە کۆمەڵگەی کوردیدا بە شێوەیەکی نادروست کاری پێدەکرێت و هەر یەک لە تاکەکانی کۆمەڵگە بە هەڵە لە مانای بازاڕی ئازاد گەیشتون بێگومان ئەمەش کاری حکوومەتە کە یاسا و رێسایەکی گونجاو دابنێت بۆ ئەم سیستەمە. تاکی ئازاد لە بواری کاکردندا فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەر چەند مارکس و دواتریش مارکسیستەکان کۆمەڵی مەدەنی بە کۆمەڵی بۆرژواز دەزانن ئەوان یەکێک لە پایە بنەڕەتیەکانی ئەندێشەی ئابووری مۆدێرن واتە ئەو بڕوایەی کە ئازادیی تاکەکان لە ژێر کارتێکردنی هەلومەرجی دیاریکراودا بتوانێت سیستەمێکی واقیعی بێنێتە ئاراوە بە تەواوی رەتدەکاتەوە، بە بڕوای مارکس و مارکسیستەکان، سیستەمی سروشتی ئازادی یا نەزمی بازاڕی ئازاد، لە قسەی بێ بنەما و خەیاڵاوی دەچێت لەوە بترازێت شتێک نییە مارکس هیچ نەزم و سیستەمێکی واقیعی لە ناو چالاکیە ئازادە ئابووریەکانی تاکە کەس لە کۆمەڵی مەدەنی یا لە سیستەمی بازاڕدا نابێت و دەڵێت بازاڕی رکابەری شتێک نییە جگە لە بێ بەند و قۆرخکردنی سەرچاوەکان.

# چینی ناوەڕاست:
# کۆمەڵگا و گۆڕانکاری بەردەوام

**ئەیوب جەلال ماوانی**

**لە بەکۆمەڵگابوونی مرۆڤەکان و وێک هاتنەوەی مەودای هزرە گوتراوەکان ئاستێک بۆ خواست و دەربڕینی زاتیش لە دایک بوو، پێوەرەکانی عەقڵ و مەنتیق لە داڕشتنی سایکۆلۆژیای تاکدا کەوتە بەر محەکی سروشت و ئیرادەی خۆ نوێ کردنەوەو شەتڵ بوونی گۆڕانێکی حەتمی بوونە بنەمای دروست بوونی بیرو بۆچوونەکان لەگەڵ سوسیۆلۆژیای کۆمەڵگادا، پێناسە و هێڵکاری چینە جیاوازەکان گۆڕانە و کەوتنەبەر ئاراستەیەکی تر کۆمەڵگای کوردیش لە گەرانی ئەو دابەش بوونە بەدەرنیە کە کۆمەڵ و چینەکانی تریشی گرتۆتەوە بە ماکی خۆ وەرچەرخاندن و کاڵ بوون وشێبوونەوە بە گوێرەی مەبەستەکان هەنبوونی بۆتە ئەم چینە دیارانەی کە باون و ناسراون لای ئێمە.**

چین کە بە کۆمەڵە ئەندامێک دەوترێت بە سەریەکەوە تەبەقێکی دیاریکراو پێک دێنن کە لە ڕووی داهات و پێگە کۆمەڵایەتیەکان و ئاستی ژیان و ڕۆشنبیری ڕۆژانە چەلێک فەرقەکارن ئاشکرایە کە تەرزە بیری وەکو ئەمڕۆ وێڕای مانەوەی بیری کۆن بۆ ناسین و نوێخوازیەکانی تازە کە لە جاخ و سەردەمی ئێستاماندا بەرچاوە بێ پەروا بۆی دەلڤن لێرەدا دوو جۆرە خوێندنەوە هەن کە چینی

ناوەندی کۆمەڵگا هاوچەشنی دووەکەی تر پێیەوە رسکاون دەناسرێنەوە یەکێکیان سروشتی بوونیەتی لە ئەزەلەوە بە هاوکاری حەزو پاڵنەرە سیفەتە بۆ ماوەییەکان لە تاکێکە وە بۆ چینێکی ناو کۆمەڵ سەرچاوەی گرتبێ ئەوی تریان گۆڕانە خێراو پێچاوپێچەکانن لەگەڵ رەگەزی مرۆڤ بیریان ئاخنیوە بۆ دانانی رێساو نەریتێک و سەرەنجام بیفەرزێنن بەسەر وەچەو نەوەی چاوەڕوان کراودا. قۆناغە سەرەتاییەکانی فیودا لیزم لە ئاکامی پاوانی دەستی باڵاو هێزی جەستەیی ئادەمیزادەوە بلۆکی دیوارێک و خەتی هێڵێکی کێشراو بوو بەسەر کارو ئەرکەکانی چینی نێوەندی کۆڵەگەی کۆمەڵگا کە بە حاڵ لەسەر حیسابی چینی پرۆلیتاریایی خوارو تەواوکراو بەڵام بەمەفهومێکی چەوسانەوە و ئیستیبدادی نا کە چینی ناوەڕاست دکتاتۆریەک رێوشوێن کات و کەڵک لە ژێر دەستەی هاوچینی خۆی بە زەبری هێز وەرگرێ، لە سەردەمی کۆیلایەتی و گەشە سەندنی سەرمایەداری لە هەموو چینەکان حاڵەتێکی ناوازەی ئیندڤجواڵی خەملاند تا کارگەیشتە بڵاوبوونەوەی پراکتیکی کۆمەڵایەتی بە هۆی رەسانەیەتی چین و راگرتنیان لە بەرامبەر خولانەوەی بەردەوامی ڕەوڕەوەی گۆڕانکاریەکان بە فۆرمێک و دیزاینێکی جیا لە ئەوەڵین داتا داتاشراوەکان کاتێک کە باسی توێژی نێوان خوارەوەو سەرەوە دەکەین نایێن فەلسەفەی حاڵەتەکە بشوبهێنین بە دەق و مەرامێکی روتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەتا رامیاریش بەڵکو کاریگەری و کاردانەوەکانی ئەم چینە بە بناغەی پەڕینەوەو ئاشنابوونی کۆمەڵگا دادەنێین بە ستایل و شێوازی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی دەسەڵات لەسەر هەر سیستەمێک بێ لەم چوار روانگەیەوە لە کانگاکەیەوە دەری دەهێنن بە راست و چەپ بۆی دەڕوانین :

1-رێژەی سامان و داهات

2- پێگە کۆمەڵایەتیەکان

3- ئایدۆلۆژیاو بیرکردنەوەی لە داهێنانە زانستیەکان
4- سنووری باوەڕ بوون بە گۆڕانکاریەکانی ئایندە. ڕەنگە ژمارەیەکی بە بوونی پێشینە تەواوکەری چینە ناوەندیەکەیە کە ئەگەر نەیلێین گرنگە ئەوا بایەخی کەم دەکەینەوە ڕاستە ئەندامی ئەم چینە خۆزگە بە خوارە خۆیان ناخوازن بە پێچەوانەوە لە تەمەننای یوتوپیای گۆڕانی مودێرنانەن بۆیان هەڵبەتیشە بەشەو و ڕۆژێکیش ناگەنە جیهانی سەرمایەداری وا ستۆکراتیانە ڕەفتار و مامەڵە لەگەڵ غەیرە خۆیان بکەن لەوانەیە بەشی هەرە زۆری پێکهاتەی کۆمەڵگا چینی یەکەمی بڕیبێ ئامادەکاریشی کۆکردبێتەوە بۆ مەنزڵ وەرگرتن لە پلەی دووی توێژی ناوەڕاستدا بەر حەلەو بەرەنگاری سانسۆر و فشارەکان بۆتەوەو وەکو تیر لە کەواندا بووە نەک هەزارو یەک شەوەی بە خەونێک ڕەتکردبێ..
لە لوتکەی هەرەمی دەسەڵات و فەرمانڕەواییدا لە نێوەندی قۆچەکی بیناکەدا لە ڕۆچون بە ناخی دیالەکتیکی وتەکان کە بەکردار کراونە فەرمان ڕۆڵ و شەپۆلی کاریگەری ناوەڕاستیەکان بە ڕونی دیار دەکەوێ لە فەرهەنگی ئەدەبیاتی کۆمەڵایەتیدا ماتریالیزنایە تێکەڵکێشێکە لە نێوان داواکاری ئاوەزە ماندوەکانی خوارەوە گەیاندنی دەنگی تاک بەپانتایی فراوانی دەسەڵات ئەڵقەی ئەو پەیوەندیەشە کە دەبێ لە تێزی پرسیارکەر وەڵام وەرگرێ لە کاتێکدا بۆ تۆکمەکردنی متمانە هەماهەنگی بکات بەوپێیەی کە ئەزموونی چالاکیەکان دەخرێتە ناو هەموو جەستەو ڕۆحێک بە ناو گشت ڕێڕەوێکی ژیانی مرۆڤایەتی سەفەر دەکات کە ناچاری دامالینی ئەو بەرگە دەبێت کە گۆڕانکاریە زانستی و مەعریفیەکانی داهاتوو کارو ئوسلوبی چینی ناوەڕاست دیاری دەکەن و دەیبەن بەرێوە.

# چینی ناوەندو کۆمەڵگا

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ دکتۆر سەباح بەرزنجی**

**زاراوەی چینی ناوەند، زاراوەیەکی فرە ماناو فرە رەهەندە، لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا. بەرەچاوکردنی ئەو پێناسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی هەیە بۆ چینی ناوەند، کە بریتیە لە چینی ناوەڕاستی سەوداگەرو پیشەیی. کە خاوەنی دەرامەتی سنووردارو دیاریکراون دەتوانین دان بنێین بە بوونی ناوەند لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا.**

لە کۆنەوە بەپێی رەوتە جیاوازەکان هەڵوێست لە سەر ئەم چینە و نرخاندنی رۆڵی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کەلتووری یان، جیاوازبووە مارکسیستەکان بە خاوەنی دیارترین رۆڵی شۆڕشگێڕانەیان دەزانن لە قۆناغێکی تایبەتی مێژوودا، وەکو ئەوەی مارکس لە مانیفێستی کۆمەنێستیدا ئاماژەی پێداوە، هەروەها ئەم چینە بریتیە لەوانەی کاری ئازادیان هەیە. لە شۆڕشی فەرەنسادا، ئەم چینە توانی کۆتایی بە ئیمتیازاتی رەگەزی بهێنێ و رێزو حورمەت بۆ تاکەکان بەبێ رەچاوکردنی چین و توێژ و پێشینەی کۆمەڵایەتی بگرێتەوەو دەستبەردار بکات. بەڵام لە ڕووی کەلتوورییەوە وەک مۆلێر و بالزاک زۆر لە دژی ئەم چینە دەوەستنەوەو بە سمبولی رژدی و چاوچنۆکی و

نزمی سروشت ناوزدەیان دەکەن، گوایا هیچ ئامانجێکیان نییە جگە لە پارە پەرستی و گۆڕینی هەموو هاوبایەخێک بۆ پارەوپوول. کە تەماشای واقیعی کوردەواری دەکەین بێگومان دەبینین بە رێژەی جیاوازو پلە بە پلە چینی ناوەندو میانەمان هەیە، لە حزبەکاندا کە نوخبەی سیاسی کۆمەڵگان لە نێوان سەرکردایەتی دەسەڵاتدارو بناغەی جەماوەریدا ژمارەیەکی زۆر کادیری پلە ناوەڕاستمان هەیە، بەهرەمەندن لە زۆر ئیمتیازی ئابووری و کەلتووری و کۆمەڵایەتی و لە راستیدا کۆڵەکەی هێشتنەوەی باری سیاسی لەسەر ئەو رەوتە تەقلیدیەی چەند ساڵە خومان پێوەگرتووە.

لە ڕووی ئابووریەوە لە نێوان سەرمایەدارە گەورەو قەبەکان و زۆربنەی جەماوەری هەژارو کەم دەرامەتدا نوخبەیەکی خاوەن دەرامەتی سنووورداری تا ئەندامەیەک خۆشگوزەران هەن کە هیچ گلەو گازەندێکی جددییان لە وەزعی نا بەرابەری کۆمەڵایەتی و ئابووری نییە و دنیا بەشامی شەریف دەزانن و ئەگەر رەخنەیەکیشیان هەبێ لەسەر شتێک ئەوە رەخنەیەکی تێپەڕە بۆ رازاندنەوەی مەجلیسە! لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە، هەمان شێوە بوونی ئەو چینە لە ناو کۆمەڵدا بە بەرجەستەیی دەبینین چۆن لە ئەنجامی قەتیش بوونی گیانی رەخنە بەرخودان و تەسیلم بە واقیع بوونی زۆربنەی چینی ناوەند، خەڵک هەست بە نائومێدی و دڵەڕاوکێ دەکات و دڵنیانین لە داهاتووی خۆیان!

بێگومان ئەمچینە رۆڵی خۆی هەیە بە ئیجابی و سەلبی لە سەر کۆمەڵگاو کایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و کەلتووریەکانی. ئەم رۆڵە حاڵی حازر لە جێگیرکردنی خواستی دەسەڵاتی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە، بەحوکمی ئەوەی هەم دەسەڵات بە بیروبڕواو ئایدیاکانیەوە پەل و پۆی هاوێشتووە بە ناو هەموو کۆمەڵدا، هەروەها بە حوکمی ئەوەی

کە چینی ناوەند بە هرەمەندە لەم بارودۆخە تایبەتە. بەڵام مەرج نییە ئەم بەرژەوەندییە هاوبەشەی دەسەڵات و چینی ناوەند هەیانە تاکو دوا رۆژێکی زوو بەو شێوەیە لە یەک ئاستدا بمێنێت. کەواتە (ئیحتیمالی) گۆڕانکاری سەیرو سەمەرە لە رەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵی کوردەواریدا هەیەو پێویستە دەسەڵاتی سیاسی دەست بکات بە ریفۆرم و چاکسازی ریشەیی لە هەموو بوارەکانی ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیدا. ئەگینا ئەم چینە ناوەندە کە دەتوانین بە عەقڵی بزوێنەری کۆمەڵی دابنێین، رۆژێک لە رۆژان خواستەکانی خۆی کە بریتیە لە گۆڕانی ریشەیی دەسەپێنێت بەسەر هەموو چینەکاندا لە سەرەوە بۆ خوارێ!

# ئایا کۆمەڵگەی کوردەواری چینی ناوەندی تێدایە؟

**پرۆفیسۆری یاریدەدەر/د. جەزا تۆفیق تاڵیب***

**سەبارەت بەچینی ناوەند لە کۆمەڵی کوردەواریدا دەتوانم بڵێم لەکاتی ئێستاماندا چینێکی زۆر لاوازە دەتوانم بڵێم بوونی نییە؟ لەبەر زۆر هۆکەلەدواییدا روونی دەکەینەوە، بەڵام لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا چینی ناوەند لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بەرەو کامڵ بوون دەڕۆیشت لەنێو چینەکانی کۆمەڵدا رۆڵێکی زۆر سەرەکی بۆ خۆی پەیدا کردبوو، چونکە ئاراستەو گەشەی کۆمەڵایەتی ئابووری بەگەشەیەکی سروشتی دا تێ دەپەڕین، زۆربەی ئەوانەی لە گوندەکانەوە دەهاتنە شار بەمەبەستی دامەزراندن و کەڵەکەبوونی سەرمایە لایان وەکو چینێکی مام ناوەند بەدەردەکەوتن و چەند خەسڵەتێکی چینایەتی تایبەتیان هەبوو.**

جێی سەرنجە ئاماژە بەوە بکەین کە هەردووقۆناغی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی بەشێوەیەکی زۆر سروشتی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا تێ پەڕین، بەڵام دوای قۆناغی دەرەبەگایەتی پرۆسەکە زۆربە هێواشی دەڕۆیشت و دەتوانین بڵێین راوەستا؟ لەوکاتەوە فۆرمەڵە بوون کامڵ بوونی پەیوەندییە

کۆمەڵایەتیەکان بەئاراستە سروشتیەکەی خۆیدا تێنەپەڕی، دەتوانم بڵێم سیما و خەسڵەتەکانی تیرەگەری و خزم خزمێنە باڵی کێشابەسەر کۆمەڵگای کوردیدا، لەبەر نەبوونی ئابووریەکی هەمەڕەنگ کە تێدا چینایەتی بەشێوە زانستییەکە رەنگ بداتەوە بۆ نموونە نەبوونی کارگەو بنەماکانی پیشەسازی لەنێو خودی شارەکاندا نەیتوانی بەمانا زانستییەکەی چینی کارگەر دروست بکات، زۆربەی هەرەزۆری دانیشتوانی بوونە موچەخۆری میری، بەڵام لەکەرتی خزمەتگوزاردا، ئەوەشی لەکۆمەڵدا خۆی بەچینی بۆرژاو دەبەستێت بەمانای زانستی بۆرژوانیە؟ چونکە بەقۆناغەکانی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا تێنەپەڕیوە زیاتر سوودمەندی میری بووە، ئەوەی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە لەبارەی چینایەتیەوە هەر لەجوتیار و مووچەخۆر سەرمایەداری حکوومی بوارێکی تایبەتە و دەتوانم بڵێم یاسا کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی جیهانی بەسەردا جێبەجێ ناکرێت.

ئێستا جوتیار و دانیشتوانی لادێ 18%ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان پێک دەهێنن و 82%ی دانیشتوانی شارن، شارەکانیشمان زۆربەی لەکەرتی خزمەتگوزاری میری و کەرتی تایبەتدا کاردەکەن بۆیە لەم بارودۆخە ئابووری کۆمەڵایەتیەدا چاوەڕوان ناکرێت چینی ناوەند گەشەبکات و رۆڵی هەبێت، چونکە رۆڵ و ئەکتیڤی ئەم چینە لە بارودۆخێکی سروشتی دا دروست دەبێت و رۆڵی خۆی دەبینێت.

چینی ناوەند لەکۆمەڵگایەکدا گەشەدەکات رژێمی سەرمایەداریی بەئاراستە سروشتییەکانییەوە پەیڕەوبکرێت تاوەکو خەسڵەتە سروشتیەکانی ئەوینانە بەدەر بکەون، بۆنموونە لەهەرێمی کوردستاندا زیاتر 80%ی دانیشتوان لەکەرتی خزمەتگوزاریدا کاردەکەن بەفەرمانبەرێکی ساکارو بریکاری

وەزیرێکەوە هەموویان فەرمانبەری حکوومین، ئەو مووچەیەی کە وەری دەگرن زۆر بێت یان کەم سەرچاوەکەی داهاتی نەوتە نەوەک بەرهەمی چینی جوتیار کشتوکاڵ یان کرێکار کاڵای پیشەسازی هەر لە بەر ئەوەشە نەبوون و کامڵ نەبوونی ئەم چینە لە هەرێمی کوردستاندا بۆشاییەکی ئایدۆلۆجی و حیزبیشی دروست کردووە، بۆنموونە زۆربەی حیزبەکان لایەنگرانیان لەیەک کاتدا بەناو جوتیار و کرێکارو فەرمان بەرن، کە لەڕاستیدا لەکۆمەڵگای دروست دا دەبوایە هەر ئایدۆلۆجیاو حیزبێک چەند چینێکی تایبەتی بگرتایەتەخۆ.

*** سەرۆکی بەشی جوگرافیا/ زانکۆی سلێمانی**